# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٠)- (٢٣)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٣

## کەریم سلێمان ڕاوێژکاری جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی:

# بڕیاری پەرلەمانی ئەڵمانیا بۆ بەجینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان بەرز دەنرخێنین

ئەو ڕۆژانەمان لە بیرە کە سەرۆك بارزانی بەڵێنی پێدابن شنگال ئازاد بکات و بەڵێنەکەشی جێبەجێ کرد

کوردانی ئێزدی لە بەر کوردبوون و ئایینەکەیان بە درێژایی مێژوو چەندین جار هێرشیان کراوەتە سەر و کۆمەڵکوژ کراون







# پێشکەشکردنی خەڵاتی مافی مرۆڤ بە مادام میتران

## ٥١

لە درێژەی سەردانەکەی ئەمەریکادا، چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە و ڕاگەیاندن کران. لە ٣ی ئایاری ١٩٩٣دا سمینارێک لە کۆلێژی بەرگری و ئاسایشی نیشتمانی ساز درا کە ژمارەیەک جەنەڕاڵ و ئەفسەر و پسپۆڕ و شارەزای سەربازی ئامادە بوون. من و مام جەلال و ئەحمەد چەلەبی و هۆشیار زێباری و بەرهەم ساڵح ئامادەی سمینارەکە بووین. لەوێ چەندین پرسیار سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و ئێران و سووریا و تورکیا و ناوچەکە وروووژێندران.

شایەنی باسە لە ١٢ی ئایاری ١٩٩٣دا مادام میتران لەلایەن ئینتەرنەشناڵ لۆگرۆپییەوە بانگهێشت کرابوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی مافی مرۆڤ. بەم بۆنەیەوە لە هۆتێل شیراتۆن لە واشینگتۆن ڕێوڕەسمێکی گەورە ساز کرا کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکان بەشدار بوون. لە ڕێوڕەسمەکەدا من ڕاسپێردرام بۆ ئەوەی خەڵاتەکە پێشکەشی مادام میتران بکەم. ئەمە ڕێزگرتنێکی گەورە بوو بۆ گەلی کوردستان و هەستم بە سەربەرزییەکی گەورە کرد. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە لە حوزەیرانی ١٩٩١دا هەمان خەڵات بۆ گەلی کورد تەرخان کرا و من بانگهێشت کرام بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، منیش محەمەد سەعید دۆسکیم ڕاسپارد و خەڵاتەکەی وەرگرت.

# چاپکراوی نوێ




(٦ مانگ لە چاوەڕوانی مەرگدا - کۆمەڵە سیناریۆ) ناونیشانی کتێبێکی تازە چاپکراوی نووسەر و شانۆکار و سیناریۆنووس (ئازاد خەمە)یە، لەم کتێبەدا نووسەر سەرکەوتوو بووە لە خستنەڕوو و نمایشکردنی سیناریۆگەلێکی بەهێز، خوێنەر کە لاپەڕە بە لاپەڕە چاو بە دەقەکانی ئەو سیناریۆیانەدا دەخشێنێتەوە، هەست بە چێژێکی تایبەتی دەکات و ئاستی هونەریی دەقەکانی بۆ دەردەکەوێت.

نووسەر لە ڕووی نووسینی بابەتەکان بە زمانێکی ڕەوانی کوردی، سەرکەوتوو بووە، یەکە یەکە دیمەنەکانی سەرجەم سیناریۆکانی بە ڕوونی خستووەتە ڕوو، سەرەتای ئەو سیناریۆیانە بە (ڕەشبەڵەکی مەرگ) دەست پێ دەکات کە (٦) دیمەن لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە بە کورتی ئاماژەی پێ دەکەین، لە دیمەنی یەکەمدا هەر وەك نووسراوە، کات شەوە، شوێنیش ژووری لەسێدارەدانە، ئەم دیمەنە باس لە چۆنێتیی لەسێدارەدانی هەڵمەت ناوێك دەکات، لە دیمەنێکی دیکەی ڕۆمانسیدا هەڵمەت نامە بۆ ئەڤینی هاوسەری دەنووسێت، ڕایدەسپێرێت ئاگای لە منداڵەکەی بێت، بە زمانێکی تراژیدیانە دەنووسێت، ئەوە دنیایە نەوەك نەتبینمەوە، ئاگات لە ئاشتی بێت، تا کۆتایی دیمەنەکان.

چەندین دەقی دیکەی سیناریۆ لەنێو ئەم کتێبەدا جێی خۆیان کردووەتەوە، لەوانە (زبڵدان، سەمای پەپوولەکان، هەڕاج، هاوارێکی بێ دەنگ، شەوی لە دایکبوونی پەپوولە، لە چرکەیەکدا، شەش مانگ لە چاوەڕوانی مەرگدا، کچێك لە لێواری مەرگدا، سورمێ و خورشید، مردنێکی نامۆ، خۆشەویستی لە ئامێزی مەرگدا).

ئەوەی ماوە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە (ئازاد خەمە) لە چەندین کاری شانۆ و دراماو زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی بەشداری کردووە، هەروەها سیناریۆی پتر لە (١٠) کورتە فیلم و دوو زنجیرە درامای نووسیوە، وێڕای ئەوەی کە چەندین چیرۆکی نووسیوە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، کاری دیزاینی ناوەوەی ئەم کتێبە هاوکارمان (شاخەوان جەعفەر) و بەرگەکەشی (شاهین نەجمەدین) ئەنجامیان داوە.. دەست خۆشی لە سیناریست و نووسەر (ئازاد خەمە) دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***


مەلا ئەحمەد مەلا عەبدولعەزیز شێخ مەعرووف :



## ئیسلام هەرگیز دژی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نییە

سەلاح بەدرەدین




**ئایا کێشەی کورد پرسێکی ئەمنییە، یان سیاسییە؟**

پ. د.کامەران ساڵحی




**ئەخێر بۆ ئابووری ڕەیعی بەڵێ بۆ کشتوکاڵی بەردەوام**

دکتۆر خەلیل غازی دۆسکی :



## بانکی ناوەندیی عێراق پێیان وتووین بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دیناری عێراقی جێگیر دەبێتەوە، بەڵام کاتی پێویستە


فیراس سدیق خالید :



## لە کوردستان ٩٨ پرۆژەی قەڵەوکردنی گۆلک هەیە و پرۆژەکانی بەخێوکردنی مانگای شیریش بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە

رزگار محەمەد :

**بە دووسایدکردنی ڕێگەی هەولێر – مەخموور پڕۆژەیەکی ستراتیژییە**



ئاڵا شوان :

**سوپاسی باوکم دەکەم بۆ ئەو متمانەیەی بە منی داوە و هەمیشە پشتیوانم بووە**



**بۆتۆکس بـۆ چی بەکاردێت؟**



**حەوزی ماسی زیرەک لە ڕێگای دوورەوە چاودێری دەکرێ**



ئەڤین شاە بو گوڵان:

**فولکلورێ کوردی د بن خەتەریەکە مەزن دەیە**



سروە فازیل :

**هەستێکی یەکجار خۆشم هەیە لەگەڵ ئەوروپییەکان یاری دەکەم**






WORLD
ECONOMIC
FORUM
COMMITTED TO
IMPROVING THE STATE
OF THE WORLD



# براندە نیشتمانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار ڕۆژی کۆڕبەندی داڤۆس «٢٠٢٣»دا



**لۆژیکی سەرۆک بارزانی، کوردستانی کردووەتە زۆنێکی ئارام بۆ پێکەوە ژیانی کۆی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کوردستان و عێراقدا**

کۆڕبەندی ئابووریی جیهان (داڤۆس) هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٧١ـەوە هەتا ئێستا کە ٥٣ کۆڕبەندی گرێ داوە، دوو قۆناخی گرنگی بە خۆیەوە بینیوە، کە ئەویش بریتین لە:

١- ساڵانی نێوان ١٩٩١ – ١٩٧١ قۆناخی شەڕی ساردی نێوان بلۆکی دیموکراتی و بلۆکی سۆشیالستی و بڵاوبوونەوەی کۆتایی مۆدێرنە و بانگهێشتکردن بۆ پۆست مۆدێرنە.

٢- ساڵانی نێوان ١٩٩١- ٢٠٢٣ قۆناخی دامەزراندنی سیستمی نوێی جیهان و یەکێتیی ئەورووپا کە ئێستا هەم سیستمە جیهانییەکە و هەمیش یەکێتیی ئەورووپا لەسەر لێواری هەڵدێر و هەڵوەشاندان.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کە بیرمەندی گەورەی ئەمریکی «سامۆئیل هنتنگتن» بانگەشەی بۆ «شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی» دەکرد و، لە بەرانبەریشدا بیرمەندێکی دیکەی ئەمریکی «جۆن ڕاولز» هۆشداریی ئەوەی بە سیستمەکانی ڕۆژئاوا دەدا کە نادادپەروەری لە سیستمە دیموکراتییەکاندا ڕووی لە هەڵکشانە و ئەگەر ئەو نادادپەروەییە چارەسەر نەکرێت و ببێتە دیاردە لە ناو کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا، ئەوا سەرەتا دامەزراوەکانی سیستمە سیاسییەکە لاواز دەکات، پاشانیش سیستمەکە پەکی دەکەوێت و لەبەریەك هەڵدەوەشێت.

**بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ هەر دوو حاڵەتی (گەشبینی و ڕەشبینی) لەسەر سیستمە دیموکراتییەکان بکرێت، کلاوس شواب ئاراستەی بیرکردنەوەی بەو جۆرە بوو کە ئەم مامەڵەیە پێویستی بە کارێکی دەستەجەمعیی هەمەلایەنی و هەماهەنگیی کۆی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەیە**

لە نێوان ئەم دوو ئاراستەیەی (گەشبینیی هنتنگتن و ڕەشبینیی ڕاولز)دا، «کلاوس شواب» کە هەم زانایەکی ئابوورییە و هەمیش بزنێسمانێکی ئەڵمانییە، هەر دوو ئاراستەکەی بە هەند وەرگرت، ئەمەش بەو مانایەی لەگەڵ ئاراستەکەی هنتنگتن بوو کە سیستمی دیموکراتی بەرەو پێشەوە دەچێت و باهۆزی دیموکراتی چەندین دەوڵەتی دیکەش دەگرێتەوە و، سیستمی کۆمۆنیستیی سۆڤیەت بەرەو پاشەکشە و داڕووخان دەچێت، لە هەمان کاتدا ڕەشبینییەکەی ڕاولزیشی لەبەر چاوگرت کە دیاردەی «نادادپەروەری» لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا ڕووی لە هەڵکشانە و دامەزراوەکانیشی بەرەو سستی و لاوازی دەچن، ئەوجا لە پێناوی ئەوەی هەم پشتگیریی باهۆزە تازەکەی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی بکرێت و هەمیش کارێك بکەن بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی ئەکتیڤ بکرێنەوە و دیاردەی «نادادپەروەری» سنووری بۆ دابنرێت، ئەو جا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ هەر دوو حاڵەتی (گەشبینی و ڕەشبینی) لەسەر سیستمە دیموکراتییەکان بکرێت، کلاوس شواب ئاراستەی بیرکردنەوەی بەو جۆرە بوو کە ئەم مامەڵەیە پێویستی بە کارێکی دەستەجەمعیی هەمەلایەنی و هەماهەنگیی کۆی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەیە، بەتایبەتیش دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، سەرکردە سیاسییەکان و ناوەندە زانستییەکان و پسپۆڕەکان هەیە، ئەم کۆکردنەوەیەش پێویستی بە دامەزراوەیەك دەبێت کە بەردەوام کار لەسەر هەر دوو ئاراستە بکات و هەموو پێکەوە هاوکار بن، بۆ ئەوەی باهۆزی دیموکراتی هەموو جیهان بگرێتەوە و، لە هەمان کاتدا دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەکتیڤ و بەهێز بکرێنەوە. بۆ ئەم ئامانجە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆسی بناری چیاکانی ئەلب لە سویسرا دامەزراند، لەو کاتەوەش تا ئێستا ساڵانە کۆڕبەندی داڤۆس بۆ پرسی (کێشەی یەك ساڵ)ی جیهان گرێ دەرێت و لەو کۆڕبەندەدا تەواوی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە دەخرێنە ڕوو کە لەسەر سیستمی دیموکراتی و سەروەریی یاسایی و سیستمی جیهانی دروست دەبن، ئەمەش بە واتایەکی دیکە بەرنامەی کۆڕبەندی داڤۆس لەو هەڕەشە و مەترسییانە دەردەهێنرێت کە لە ماوەی ساڵێکدا جیهان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

**کۆڕبەندی داڤۆس هەر لە سەرەتای دامەزراندییەوە هەتا ئێستاش هەمیشە پلاتفۆرمێکی ئاشکرا بووە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی لە ماوەی ساڵێکدا ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە**

### ● پلاتفۆرم و باك یاردی داڤۆس پێکەوە گرێدانەوەی کێشە نیشتمانی و جیهانییەکان

کۆڕبەندی داڤۆس هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەتا ئێستاش هەمیشە پلاتفۆرمێکی ئاشکرا بووە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی لە ماوەی ساڵێکدا ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە، هەمیش باك یاردێك نەبینراو بووە، بۆ کۆبوونەوەی نافەرمیی نێوان سەرۆك دەوڵەت و حکومەتەکان پێکەوە، هەروەها کۆبوونەوەی نوێنەری دەوڵەتان لەگەڵ کۆمپانیا و بزنێسمان و وەبەرهێنەرە گەورەکان، بۆ ئەوەی لەسەر پرسی هاوبەشی نێوان دەوڵەتان

و هەروەها گرێدانی کۆنتراکت بووە لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان و وەبەرهێنەران بۆ ئەوەی لە وڵاتەکانیاندا وەبەرهێنان بکەن.

ئامانج لەم «پلاتفۆرم و باك یارد»ـە ئەوەیە کە هەم کێشە جیهانییەکان کە بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی هەموو دەوڵەتان دەبێتەوە، پێویستی بە هاریکاری و هەمانگیی هەموو دەوڵەتان هەیە و، پێویستە بەرپرسیارێتی بەرانبەر ئەو هەڕەشە و مەترسییانە هەڵبگرن کە تەواوی جیهان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەمیش بەهێزکردنی پەیوەندی و بەرژەوەندیی هاوبەشیش لە نێوان دەوڵەتان و حکومەتەکاندا پێویستیان بە تێگەیشتنی هاوبەش هەیە، کاتێکیش تێگەیشتن و بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان حکومەتەکاندا دروست دەبێت، تێگەیشتنی دەوڵەتانیش بۆ هاریکاری و هەماهەنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییە جیهانییەکان زیاتر دەبێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ساڵ لە دوای ساڵ بایەخی ئەم کۆڕبەندە زیاتر دەبێت و ساڵانە ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان بە ڕێگەی سەرۆکی دەوڵەت، یان سەرۆکی حکومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان و کۆمپانیا و بزنێسمان و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان، بەشداریی ئەم کۆڕبەندە جیهانییە دەکەن و، لە کۆڕبەندی ئەمساڵدا ٥٢ سەرۆك دەوڵەت و حکومەت و زیاتر لە ٢٧٠٠ نوێنەر لە ١٣٠ دەوڵەتەوە بەشدار بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە دوو لەسەر سێی دەوڵەتانی جیهان نوێنەریان لەم کۆڕبەندە هەبووە، ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات لە کۆی ٢٠٠ دەوڵەت لە جیهاندا ١٣٠ دەوڵەت هەست بەو هەڕەشە و مەترسییانە دەکەن کە ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵی داڤۆس ئاماژەی پێ کردووە و تایتڵی ڕاپۆرتەکەی (ڕاپۆرتی مەترسییەکانی جیهانە) کە لە ماوەی ٢ ساڵ تا ١٠ ساڵی داهاتوو ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە، هەر بۆیە ئەم گردبوونەوە جیهانییە بۆ کێشە جیهانییەکان پەراوێز بۆ کۆبوونەوە نافەرمییەکانی دیکەش ڕێك دەخات، کە پەیوەندیی نێوان حکومەتەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەش ڕێك دەخاتەوە.

ئەو حکومەتانەی بەشداریی ئەم کۆڕبەندە دەکەن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە هەیە کە ئێستا جیهان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ڕاشکاوانەتر ئەو حکومەتانە دەتوانن ڕۆڵێکی باش بگێڕن لە کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی ئێستا ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە، سوودوەرگرتنیش لە توانای ئەو حکومەتانە بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە زۆر جار بە پەرەپێدان و باشترکردنی سیستمی حوکمڕانی و سوودوەرگرتن لە ئیمکانییەتی هاوبەشی نێوان حکومەتەکان دێتەدی، هەر بۆیە لە باك یاردی ئەم کۆڕبەندەدا لە نێوان حکومەتەکاندا لێکتێگەیشتنی هاوبەش دروست دەکات.

### ● هەرێمی کوردستان وەك کاراکتەرێکی دیار لە کۆڕبەند و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا

لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق، بانگهێشتی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس کرابوو، بەشداریی لە پەنێڵێکدا کرد بە ناونیشانی (ئایندەی سوپا - The Future of Military)، ئەم پەنێڵە تایبەت بوو بە چۆنیەتیی شکاندنی تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی، بە مانایەکی دیکە، ئایا دەبێت جیهان چ سوپایەك بۆ ئایندە ئامادە بکات، هەتا ئەو توانایەی هەبێت تیرۆریستان لەسەر زەوی تێك بشکێنێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگە پێویست بوو پێشمەرگەیەك ئامادە بێت، هەتا بزانن نهێنیی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بۆ چی دەگەڕێتەوە. لەم پەنێڵەدا کە بێجگە لە وەزیری بەرگریی کۆڵۆمبیا، دوو ژەنراڵی ئەمریکی و «جۆزیف نای» وەك بیرمەندێکی ستراتیژیی سەربازی ئامادە بوون و باڵیۆز ڤۆلفگانگ ئیشینگر سەرۆکی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان پەنێڵەکەی بەڕێوە دەبرد و، لە دەستپێکدا ڕووی لە د. ڕۆژ نووری شاوەیس کرد و پێی گوت: «ڕاستە تۆ جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقیت، بەڵام ئێمە لەم پەنێڵەدا دەمانەوێت وەك پێشمەرگەیەك و فەرماندەیەکی پێشمەرگە باسی ئەو سەرکەوتنانەمان بۆ بکەن کە بە سەر تیرۆریستانی داعشدا بە دەستان هێناوە»، پاشانیش هەر لەم پەنێڵەدا باڵیۆز

**کاتێک تێگەیشتن و بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان حکومەتەکاندا دروست دەبێت، تێگەیشتنی دەوڵەتانیش بۆ هاریکاری و هەماهەنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییە جیهانییەکان زیاتر دەبێت**

**لە کۆی ٢٠٠ دەوڵەت لە جیهاندا ١٣٠ دەوڵەت هەست بەو هەڕەشە و مەترسییانە دەکەن کە ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵی داڤۆس ئاماژەی پێ کردووە**

**ئەو حکومەتانەی بەشداریی ئەم کۆڕبەندە دەکەن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە هەیە کە ئێستا جیهان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە**



**باڵیۆز ئیشینگەر لە داڤۆسەوە بە جیهانی ڕاگەیاند ئەوە ئەو براندە نیشتمانییە کوردستانییە کە ناوی «پێشمەرگە»یە و توانی لە ماوەی کەمتر لە چوار مانگی شەڕی کردەیی لە بەرانبەر تیرۆریستانی داعش، هەموو مانا و کاریگەرییەکانی ئیرادەی گەلی کوردستان و قەوارە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان لە ناوی خۆیدا کە «پێشمەرگە»یە کۆ بکاتەوە**

ئیشینگر بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند کە بۆ کۆنفرانسی شوباتی ساڵی ٢٠١٥ سەرۆکێکی بانگهێشت کردووە، کە ئەویش هەر پێشمەرگەیە و ناوی مسعود بارزانی-یە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

گەڕانەوە بۆ ئەم مێژووە، بۆ ئەوەیە شرۆڤەی ئەوە بکەین کە هەرێمی کوردستان چۆن بوو بە کاراکتەرێکی کارای ئەو کۆڕبەند و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییانەی کە تایبەتن بە ئاسایشی جیهان و ئەو مەترسی و هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی هەموو جیهان دەبێتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: وەك باڵیۆز ئیشینگەر لە داڤۆسەوە بە جیهانی ڕاگەیاند ئەوە ئەو براندە نیشتمانییە کوردستانییە کە ناوی «پێشمەرگە»یە و توانی لە ماوەی کەمتر لە چوار مانگی شەڕی کردەیی لە بەرانبەر تیرۆریستانی داعش، هەموو مانا و کاریگەرییەکانی ئیرادەی گەلی کوردستان و قەوارە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان لە ناوی خۆیدا کە «پێشمەرگە»یە کۆ بکاتەوە.

لێرەوە بۆ ئەوەی زیاتر جەخت لەسەر کاریگەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەینەوە وەك براندێکی نیشتمانی و بوون بە سیمبول و ناسناوی کوردستان، لەو کاتەدا بوو کە ئەفسانەی تیرۆیستانی داعش هەموو جیهانی نائومێد کردبوو، بۆیە پرسی (ئایندەی سوپا) ببووە بابەتێکی سەرەکیی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە ساڵی٢٠١٥، ئەو کات جیهان بۆ ڕەواندنەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش بیریان لەوە دەکردەوە، تەنیا هێزێك کە بتوانێت لەسەر زەوی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش پووچەڵ بکاتەوە دەبێت «سەربازی ڕۆبۆت بێت، نەك مرۆڤ» بەڵام کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی پووچەڵ کردەوە و تیرۆریستانی تێك شکاند، جیهان پێشمەرگەی وەك فاکتەرێکی کاریگەر بۆ ڕەواندنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش لە قەڵەم دا.

لایەنێکی دیکە کە هەرێمی کوردستانی کردووەتە کاراکتەرێکی دیاری کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، بەرهەمی ئەقڵانییەتی ئەو دەوڵەتمەدارەیە کە ڕابەرایەتیی حوکمڕانی لە کوردستان دەکات، کە ئەویش سەرۆك مسعود بارزانی-یە، ڕابەرایەتیی بارزانی بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، کوردستانی کردووەتە لانەکەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، ئەمە لە کاتێکدا ئێستا گەورەترین مەترسی لەسەر سیستمی لیبراڵی




دیموکراتی لە ڕۆژئاوا، نەمانی کەلتووری فرەیی و قبووڵنەکردنی فرەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانە، ئەم کەلتوورەش دیسان وەك براندێکی نیشتمانی کوردستانی، بووە فاکتەرێکی دیکەی ناسنامەی هەرێمی کوردستان و، لەمەش زیاتر بووە فاکتەرێك کە پاپای فاتیکان بە شەخسی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و لە نزیکەوە سوپاسی سەرۆك بارزانی بکات، کە توانیویەتی نەك تەنیا کریستیانەکانی عێراق و کوردستان بپارێزێت، بەڵکو لۆژیکی سەرۆك بارزانی، کوردستانی کردووەتە زۆنێکی ئارام بۆ پێکەوە ژیانی کۆی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کوردستان و عێراقدا.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەشداربوونی حکومەت و دەوڵەتەکان لە ناو ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییانە و، وەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ کردن، کە دەبێت ئەو دەوڵەت و حکومەتانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەبێت لە ڕەواندنەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی ئاسایش و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە جیهاندا دەبنەوە، لەم ڕووەوە هەرێمی کوردستان بە هەر دوو شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاراکتەرێکی کاریگەرە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشانەی ئێستا ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە، بەم جۆرە:

١- لەسەر ئاستی ئیرادە و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەك سەرەکیترین فاکتەر لەسەر زەوی بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان بەگشتی و تیرۆریستانی داعش بەتایبەتی، بە کردەیی سەلماندوویەتی کە تەنیا هێزە لەسەر زەوی وەك پێویست ئیرادەی تێکشکاندنی تیرۆریستان و تیرۆریستانی داعشی هەیە، ئەمەش وەك کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ بۆ ڕەواندنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆر لە جیهاندا کاریگەری هەیە، باشترین نموونەش بۆ ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەراورد لەگەڵ سوپا نەریتییەکانی ئێستای جیهان، دووبارە گەڕانەوەی هێزەکانی تاڵیبان بوو بۆ حوکمڕانیی ئەفغانستان، کە هێشتا هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ بە تەواوەتی ئەفغانستانیان بە جێ نەهێشتبوو، سوپای ئەفغانستان تەسلیمی هێزەکانی تاڵیبان بوون.

ئەم کاریگەرییەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وای کرد، کە دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی تیرۆریستانی داعش، بیر لەوە بکەنەوە کە تیمە ڕاوێژکارە سەربازییەکان بێنە هەرێمی کوردستان و مەشق و ڕاهێنانی زیاتر بە هێزی

**کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی پووچەڵ کردەوە و تیرۆریستانی تێک شکاند، جیهان پێشمەرگەی وەک فاکتەرێکی کاریگەر بۆ ڕەواندنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش لە قەڵەم دا**

> **لایەنێکی دیکە کە هەرێمی کوردستانی کردووەتە کاراکتەرێکی دیاری کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، بەرهەمی ئەقڵانییەتی ئەو دەوڵەتمەدارەیە کە ڕابەرایەتیی حوکمڕانی لە کوردستان دەکات، کە ئەویش سەرۆک مسعود بارزانی-یە**

> **هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەک سەرەکیترین فاکتەر لەسەر زەوی بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان بەگشتی و تیرۆریستانی داعش بەتایبەتی، بە کردەیی سەلماندوویەتی کە تەنیا هێزە لەسەر زەوی وەک پێویست ئیرادەی تێکشکاندنی تیرۆریستان و تیرۆریستانی داعشی هەیە**

پێشمەرگە بکەن و چەك و تەقەمەنیشی بۆ دابین بکەن.

٢- لۆژیکی ئاقڵانەی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کوردستان کە وای کردووە کەلتووری پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە نێوان تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق و کوردستاندا پارێزراو بێت و، هەموویان لە کوردستان نیشتەجێ ببن و هیچ کەسێکیش نەتوانێت جیاکاری لە نێوان نەتەوە و ئایینێکی جیاواز بکات.

پاراستنی کەلتووری ئاشتییانەی پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان تەواوی نەتەوەکانی جیهان و فاتیکانیشی سەرسام کردووە و، نەمانی ئەم کەلتوورە لە ڕۆژئاوا وەك فاکتەری سەرەکیی کێشەکانی ئێستای جیهان لە قەڵەم دەدەن و، تەنانەت بە فاکتەری نەمانی ئاشتیی کۆمەڵایەتیشی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا لە قەڵەم دەدەن.

لەم ڕوانگەیەشەوە کوردستان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر نەهێشتنی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە هەیە کە ئێستا ڕۆژئاوا بە هۆی نەمانی کەلتووری لێبووردەیی بە دەستییەوە دەناڵێنێت، هەر بۆیە ئەمەش وای کردووە کە کوردستان وەك کاراکتەرێکی دیار و کلیلی چارەسەر بۆ بەشێکی گرنگی کێشە جیهانییەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

- **بەشداریی ئەمساڵی کوردستان لە داڤۆس براندە نیشتمانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

ساڵی ڕابردوو لە میانەی بەشداریکردنی مسرور بارزانی سەرۆکی حومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی داڤۆس (٢٠٢٢) و لە ئاکامی کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵێك خاوەنکار و وەبەرهێنەرانی وڵاتانی کەنداو، توانرا پرۆسەی هەناردەکردنی (هەناری کوردستان) بە سەرکەوتوویی بگاتە چەند وڵاتێکی کەنداو، ئەم هەنگاوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ دەرەوە، خۆی لە خۆیدا دروستکردنی براندێکی نیشتمانییە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستان و ناساندنی کوردستانە لەسەر ئاستی بازرگانی بە ڕێگەی بەرهەمەکانی.

لە ماوەی بەشداریکردنی ئەمساڵی شاندی کوردستانیش لە کۆڕبەندی داڤۆس ٢٠٢٣ بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مسرور بارزانی و لە میانەی ئەو دیدار و کۆبوونەوانەی لە ماوەی ئەو چوار ڕۆژەدا ئەنجامی داون، دیسان جارێکی دیکە هەوڵێکی زۆری داوە کە بازاڕ بۆ تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستان لە بازاڕەکانی ئەوروپا مسۆگەر بکات و، وەك بەڕێزیان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە داڤۆس بە میدیاکارانی ڕاگەیاند، ئامانج لەم هەوڵانە بۆ دۆزینەوەی بازاڕە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی جووتیارانی کوردستان، بۆ ئەوەی چیتر جووتیارانی کوردستان لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان نەترسن، بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتاوە بەرنامەی بەو جۆرەیە کە چەندین کۆگا بۆ کڕینەوەی بەروبوومی جووتیاران تەرخان بکات و، حکومەت ڕاستەخۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە جووتیاران بکڕێتەوە و پاشان هەناردەی دەرەوەی بکات، هەروەك چۆن هەر لە کابینەی نۆیەمدا پرۆژەی دروستکردنی دەیان سایلۆ و کارگەی دروستکردنی خۆراك لە هەرێمی کوردستان دامەزرا و ماوەی یەك دوو ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی دانەوێڵەی جووتیارانی کوردستان دەکڕێتەوە، بەمەش ئەو مەترسییەی لەسەر جووتیارانی کوردستان لابرد، کە پێشان بە نیازی ئەوە بوون حکومەتی عێراق لێیان بکڕێتەوە و پاشانیش دوای چەندین ساڵ پارەکەی بۆ نەدەناردن، ئەمساڵیش هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەت بە هەمان ئاراستە بەردەوام بووە و ئەم دیدار و کۆبوونەوانەی ئەنجام داوە:

١. ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣) مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆك ئەلیکساندەر دیکرۆ سەرۆك وەزیرانی بەلجیکا کۆبووەوە و باس لە هاوئاهەنگی لە نێوان هەردوولا کراوە، لە بوارەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هەناردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستان بۆ بازاڕەکانی بەلجیکا و ئەوروپا.

٢. ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣) مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا کرد و، لەم دیدارەدا باس هەمەجۆرکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان و هەناردەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵیی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا کراوە.

٣. ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣) مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بەشداریکردنی لە کۆڕبەندی داڤۆس بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا کرد، بە ناونیشانی (بەهێزکردنەوەی پیشەسازیی ئەورووپا) و لەم کۆبوونەوەیەدا کە شای بەلجیکا فلیپ و شاژن ماتیلدا بەشدار بوون، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شا و شاژنی بەلجیکا باسی لە گرنگیدانی کابینەی نۆیەم بە کەرتی کشتوکاڵ و هەناردەکردنی بەروبوومی ناوخۆی کوردستان بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا کرد.

٤. ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣) مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عەبدوڵا بن خەلدوون وەزیری پیشەسازی و بازرگانیی بەحرێن کۆبووەوە، لەم دیدارەدا باس لە بوارەکانی برەودان بە وەبەرهێنان و پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی کرا و، وەزیری پیشەسازی و بازرگانیی بەحرێن ئاماژەی بەوە کرد کە بەنیازە لەگەڵ شاندێکی گەورەی بازرگانی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

٥. ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣)مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بشر ئەلخساونە سەرۆك وەزیرانی شانشینی ئوردن کۆبووەوە و تەوەرێکی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە پەرەپێدان و هاریکاری و هاوئاهەنگیی نێوان هەردوولا، لە بوارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و سوودوەرگرتنی کوردستان لە ئەزموونی سەرکەتووی ئوردن لە بواری تەندروستیدا.

٦. ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣) مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەعید بن محەمەد ئەلسەقری وەزیری ئابووریی سەڵتەنەی عومان کۆبووەوە و، لەم کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەردوولا کرا و، شایەنی باسە بەم دواییە هەناری کوردستان گەیشتە بازاڕەکانی عومان و، هەر لەم دیدارەدا بە فەرمی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەڵتەنەی عومان بانگهێشت کرا.

٧. ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣) مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ محەمەد قرقاوی وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران و عەبدوڵا بن تۆق وەزیری ئابووریی دەوڵەتی ئیمارات کۆبووەوە، لەو دیدارەدا گفتوگۆ دەربارەی هاوئاهەنگی لە بوارەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و حکومڕانیی ئەلیکترۆنی و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئیمارات کرا.

٨. ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣) مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خالید ئەلفالح وەزیری وەبەرهێنانی شانشینی عەرەبستانی سعودیە کۆ بووە و لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای جەختکردنەوە لە برەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوولا، لە هەمان کاتدا وەزیری وەبەرهێنانی سعودیە ئاماژەشی بەوە دا کە بەم زووانە شاندێکی باڵای وەبەرهێنەران و بزنیسمانەکانی سعودیە سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پەیوەندیی بازرگانی.

٩. ڕۆژی ١٩ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣) مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مارك ڕووتە سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا کۆبووەوە و لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ برەودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاوازەکان دەربڕی، بەتایبەتی هاوکاریکردنی زیاتر لە بواری پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەمانە بەشێك بوون لە دیدارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چوار ڕۆژی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس و، لە هەموو دیدارەکاندا سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەوڵی داوە کە ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان و هەروەها هەناردەکردنی بەرهەمە جیاوازە کشتوکاڵییەکانی کوردستان فراوان بکات و، دەستی وەبەرهێنانی زیاتر لە هەموو بوارەکانی گەشتوگوزار و وزە و... هتد، بۆ کوردستان ڕابکێشێت، ئەمانەش هەموو لە پێناوی ئەوەیە کە ئابووریی کوردستان بکاتە ئابوورییەکی فرە سەرچاوەی داهات و بتوانرێت ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ هاووڵاتیانی کوردستان فەراهەم بکرێت.

**پاراستنی کەلتووری ئاشتییانەی پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان تەواوی نەتەوەکانی جیهان و فاتیکانیشی سەرسام کردووە و، نەمانی ئەم کەلتوورە لە ڕۆژئاوا وەک فاکتەری سەرەکیی کێشەکانی ئێستای جیهان لە قەڵەم دەدەن**

**کوردستان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر نەهێشتنی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە هەیە کە ئێستا ڕۆژئاوا بە هۆی نەمانی کەلتووری لێبوردەیی بە دەستیەوە دەناڵێنێت**



بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی لە  پەرلەمانی ئەڵمانیا

# ددانپێدانانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بە ئازار و ئەو کۆمەڵکوژییەی دەرهەق بە کورد کراوە



به جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی لە پەرلەمانی ئەڵمانیا بۆ ئێمەی کوردی ئێزدی وەکو پێکهاتەیەکی ڕەسەن و گرنگی نەتەوەی کورد، گرنگیی خۆی هەیە و، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر هات، دەرهەق بەو کۆمەڵکوژییەی لە ساڵی ٢٠١٤ بەرانبەر کوردانی ئێزدی لە شنگال و دەوروبەری لەسەر دەستی دڕندەترین تیرۆریستانی سەردەم و لە دوای هێرشی داعش ئەنجام درا، کە تێیدا هەزاران کوردی ئێزدی بە ژن و منداڵەوە کوژران و بێسەروشوێن کران و، هەزارانی دیکە ئاوارە بوون، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زیاتر لە ٣٦٠ هەزار ئاوارە و کۆچبەرمان هەیە و ١٣٥ هەزاریان لە کەمپەکان دەژین و ١٩٠ هەزاری دیکە لە دەرەوەی کەمپەکانن و ١٢٠ هەزاریان کۆچی دەرەوەی وڵاتیان کردووە، سەدان کچی کوردیان بە کۆیلە و زیندانی کرد و ڕفێندراون و شوێنیان دیار نییە، تەنانەت حکومەتی عێراق نەیتوانیوە ناوچەکانی باوك و باپیرانمان پاك بکاتەوە لەو هەموو هێز و گرووپە چەکدارە بیانی و مەزهەبییانەی لە ناوچەکەماندان.

**حکومەتی عێراق نەیتوانیوە ناوچەکانی باوک و باپیرانمان پاک بکاتەوە لەو هەموو هێز و گرووپە چەکدارە بیانی و مەزهەبییانەی لە ناوچەکەماندان**

ئەم بڕیارەی پەرلەمانی ئەڵمانیا دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە و پەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراوەکان و میر و جڤاتی ڕۆحانی و بیرمەند و شێخانی ئێزدی و کەسایەتییەکانی کوردانی ئێزدی و هاوپەیمانەکانمان دێت، کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهان بە درێژایی ئەو ماوە زۆرە هەوڵ و کۆششێکی زۆریان داوە.

دۆکیۆمێنت و بەڵگەکان و گۆڕەبەکۆمەڵەکان دڕندەیی تاوانەکە بەرانبەر خەڵکی سڤیل (منداڵ و کچ و ژن و پیاوی بەتەمەن) دەردەخات و ویژدانی مرۆڤایەتی جووڵاندووە، ئەم کۆمەڵکوژییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە سەدەی بیستدا یەکەمین تاوانی وا گەورەیە و تاوانی بەو شێوە دڕندانەیە دژی مرۆڤایەتی ڕووی نەداوە. ڕاستە ئەم هەنگاوە ئازارەکانمان کەم ناکاتەوە، بەڵام سەرەتای ڕێگەیەکە بۆ کارێکی گەورەتر و ئومێدێکمان پێ دەبەخشێت، ئێمە وەکو گەلی کوردی ئێزدی سوپاسی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە و گەلی کورد دەکەین، ئەو ڕۆژانەمان باش لەبیرە کە سەرۆك بارزانی بەڵێنی پێ داین شنگال ڕزگار بکات و لە ماوەیەکی کەمدا بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ کرد و لە سەر

**ئەو ڕۆژانەمان باش لەبیرە کە سەرۆک بارزانی بەڵێنی پێ داین شنگال ڕزگار بکات و لە ماوەیەکی کەمدا بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ کرد و لە سەر چیای شنگال بە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە ئازادکردنی چیای شنگال و دەوروبەری ڕاگەیاند**



**کەریم سلێمان**
جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی
بۆ گوڵانی نووسیوە

**سوپاسی هەردوو ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ڕفێندراوەکانیان گەڕاندەوە و هەموو ئایین و ئایینزاکانیان لە کۆمەڵکوژی پاراست**


**کاتی ئەوە هاتووە کوردانی تاراوگە و کۆچبەرانمان، لە سەر فشار و داواکارییەکانیان بەردەوام بن بۆ پاراستن و گەڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانمان لە دەستی ئەو هێز و گرووپە نایاساییانەی نامۆن بە کۆمەڵگەی کوردانی ئێزدی**

چیای شنگال بە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە ئازادکردنی چیای شنگال و دەوروبەری ڕاگەیاند، دواتر بە ئازادکردنی شنگال هێزی تاریکی داعشی تێك شکاند، هەر ئەمەش چاوەڕوان دەکرا لە سەرۆکێك کە درێژەپێدەری ڕێبازەکەی مەلا مستەفا بارزانی بووە، ئەو سەرۆکەی لە سەردەمی شۆڕشی بارزان و ئەیلوولدا نموونەی سەرکردە و هزری پێکەوەژیان بووە، لە سەردەمی مستەفا بارزانی ئەو بیرکردنەوەیە نەبووە کە بڵێن ئەمە موسڵمانە و ئەوە ئێزدییە و ئەوە مەسیحییە، لەو سەردەمەدا هزرێك هەبوو، پێی دەگوترا هزری ئەخلاقی کوردانە و بڕوای بە ئاشتی و ئازادی و مرۆڤدۆستی هەبوو، هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بە جیاوازیی زمان و ئایینەوە لە دەوری مستەفا بارزانی کۆبوونەوە و ڕۆژەکانی ئەمڕۆی لێ بەرهەم هات.

لە هەموو دەستکەوتێکی گەلەکەماندا سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی پێشمەرگەی کوردستان دادەنوێنین، کە ئێمەیان پاراست و شنگالیان بە خوێنی خۆیان ئازاد کرد، سوپاسی گەلی خۆمان دەکەین کە لەو ماوە زۆرەدا ئاوارە و کۆچبەرەکانیان لە ئامێز گرت، ئەمە وێڕای قەیرانی دارایی و گرفت و کێشەکانیان کە بە هۆی بڕینی بودجەوە لە لایەن حکومەتی ناوەندی بەسەریاندا سەپێندرابوو. سوپاسی هەردوو ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ڕفێندراوەکانیان گەڕاندەوە و هەموو ئایین و ئایینزاکانیان لە کۆمەڵکوژی پاراست.

هەنگاوەکەی پەرلەمانی ئەڵمانیا بەرز دەنرخێنین کە بە پاڵپشتیی گەلی ئەڵمانیا نراوە و ئومێدەوارین پەرلەمان و حکومەتی وڵاتانی دیکەش هەمان هەنگاو بنێن و لە دادگای نێودەوڵەتی تاوانبارانی ئەم کۆمەڵکوژییە سزا بدرێن، لەمەش گرنگتر چوارچێوەیەکی یاسایی و ئەخلاقی بۆ کوردانی ئێزدی دابنرێت، تاوەکو جارێکی دیکە تاوانێکی وا قێزەون بەرانبەریان ئەنجام نەدرێتەوە. کوردانی ئێزدی لە بەر کوردبوون و ئایینەکەیان بە درێژایی مێژوو چەندین جار هێرش کراوەتە سەریان و کۆمەڵکوژ کراون، تا ئێستا کوردانی ئێزدی لە ناو چوارچێوەی ئازار و مەینەتییەکانی ئەو کاولکاری و کۆمەڵکوژییە دەربازیان نەبووە، پێویستە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی هێزێکی نێودەوڵەتیدا کوردانی ئێزدی لە تەواوی ناوچەکانی خۆیان بپارێزێت و، بڕیارێکی دادگای نێودەوڵەتییش دەربچێت بۆ پارێزگاریکردن لە کوردانی ئێزدی، بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شنگال لە نێوان هەردوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە بە تەنیا لە ڕێگەی دامەزراندنی هێزی هاوبەشی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەوە کوردانی ئێزدی ئەو متمانەیەیان لا دروست دەبێت کە بگەڕێنەوە سەر زێدی باوك و باپیرانیان، ئەوەتا لە کۆی ٣٦٠ هەزار کوردی ئاوارە و دەربەدەری ئێزدی، تاکو ئێستا ٢٠٪ی نەگەڕوانەتەوە بۆ شنگال و دەوروبەری، ئەمەش بە هۆی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتننامەی شنگال و گەڕانەوەی پێشمەرگە و ئاوەدان نەکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە شنگال و دەوروبەری، ئەمە وێڕای بوونی دەیان گرووپی چەکداری نامۆ و بیانی و مەزهەبی لە شنگال و تەواوی ئەو ناوچانەی کە لە سایەی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەدا ناوچەیەك بوون بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی، بە پێچەوانەی حکومەتی ناوەندییەوە کە لە دوای کۆمەڵکوژییەکەش بە ئەرکی سەرشانی خۆی بەرانبەر پاراستن و ئاوەدانکردنەوە و بەهاناچوونی ئاوارەکانی کوردانی ئێزدی هەڵنەساوە و، لە پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتییەکان کەمتەرخەم بووە، نە توانی ناوچەکانمان ئارام و سەقامگیری بۆ بگەڕێنێتەوە، نە توانیشی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری بگەیەنێتە تەواوی ئەو ناوچانە، هەر ئەو بێ ئومێدییە بوو کە وای کردووە ژمارەیەکی یەکجار زۆری کوردانی ئێزدی بە ناچاری ڕوو بکەنە وڵاتانی ئەورووپا و ڕۆژئاوا و هیچ هیوایەکیان بە حکومەتی عێراق نەمێنێت، نە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە و بەڵێنەکانی، نە بۆ سزادانی تاوانباران و ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال. کاتی ئەوە هاتووە کوردانی تاراوگە و کۆچبەرانمان، لە سەر فشار و داواکارییەکانیان بەردەوام بن بۆ پاراستن و گەڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانمان لە دەستی ئەو هێز و گرووپە نایاساییانەی نامۆن بە کۆمەڵگەی کوردانی ئێزدی.

# تەنیا گەرەنتی بۆ دووبارەنەبوونەوەی جینۆسایدی گەلی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە



**سەلاح کەرکووکی**
ڕێکخەری کاروباری ناساندنی جینۆساید/ سوید
بۆ گوڵانی نووسیوە

بڕیاری پەرلەمانی ئەڵمانیا بە ناساندنی جینۆسایدی ئێزدییەکان دڵخۆشکەرە و دوای هەوڵ و ماندووبوون و چاوەڕوانییەکی زۆر دێت، جینۆسایدی کوردانی ئێزدی زنجیرەیەك جینۆساید و کۆمەڵکوژییە کە کوردانی ئێزدی بەتایبەتی و کورد بەگشتی لە مێژووی خۆیدا بەسەریدا هاتووە، ڕژێم و حکومەتە دیکتاتۆرییەکانی عێراق و ناوچەکە کە گەلی کوردیان بەسەردا دابەش بووە، لە مێژووی کۆن و نزیکدا چەندین جار کۆمەڵکوژییان دەرهەق بە گەلی کورد و پێکهاتە ئایینییەکانی کردووە، بێ ئەوەی لە مێژوودا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیدانەیەکی وا بکرێت کە لە ئەنجومەنی ئاسایش و دادگای نێودەوڵەتی و پەرلەمانەکانی وڵاتان دۆکیۆمێنت بکرێت و، بەشێوەیەکی فەرمی بەجینۆساید بناسرێت و ئیدانەیەکی فەرمی و فراوان بکرێت، لەم ڕوانگەیەوە ئەم بڕیارەی ئەڵمانیا لە ڕووی دەروونییەوە بۆ کوردانی ئێزدی جێگەی دڵخۆشی بووە، بەتایبەت لەسەر کەسوکاری قوربانیان، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش پێشوازییەکی باشی لێ کرا، پەرلەمانتارانی ئەڵمانیاش ئاماژەیان بە گرنگیی بڕیارەکە کرد، بەوەی «ڕاستە بڕیاری بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی ئێزدی برینە قووڵەکانیان سارێژ ناکات، بەڵام دادپەروەرییەکە بۆ کەسوکاری قوربانیان»، بەڵام تاچەند ئەم بڕیارە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەسەر زەویی باوك و باپیرانیان تاوانێکی وا دڕندە دووبارە نەبێتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارە قورسەیە کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، چونکە زۆرینەی هەرە زۆری کوردانی ئێزدی لە ناو کەمپەکان و لە ئاوارەییدا لە دەرەوەی ماڵ و موڵکی خۆیان ژیان بەسەر

**حکومەتە دیکتاتۆرییەکانی عێراق و ناوچەکە کە گەلی کوردیان بەسەردا دابەش بووە، لە مێژووی کۆن و نزیکدا چەندین جار کۆمەڵکوژییان دەرهەق بە گەلی کورد و پێکهاتە ئایینییەکانی کردووە**

**جگە لە جێبەجێکردنی بڕیاری دژەفڕین بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لە دوای کۆڕەوە ملیۆنییەکە، هەڵوێستێکی دیکەی ڕوون و پراکتیکیمان نەبینیوە**

**ئەم بڕیارەی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی لە پەرلەمانی ئەڵمانیا کە سەیری خاڵەکانی دیباجەی بڕیارەکە دەکەیت، زیاتر ئاماژە بە سارێژکردنی سادەیی برینەکە دەکات، بەڵام باس لە وردەکارییەکان و چۆنیەتی بنبڕکردنی برینەکان ناکات**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش زلهێزەکان و ڕێکخراوی نەتەوە کگرتووەکان و ئاژانسە مرۆییەکان ئەوانیش بە بێدەنگییان لە پاڵپشتیی مافی بوون بە دەوڵەت و سەربەخۆیی، ناڕاستەوخۆ بەشداریی تاوانەکانی هەموو هێزە توندڕەو و شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و تیرۆریستەکانن**

**مسعود بارزانی وەکو سەرۆک و ڕەمزێکی گەورەی گەلی کورد لە جیهاندا توانیویەتی فەرهەنگ و کەلتووری پێکەوەژیان لە ناو هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزا و نەتەوەکاندا بپارێزێت**

دەبەن و، بۆ پاراستنی سەروماڵیان لە ناو هەرێمی کوردستاندان و نەیانتوانیوە بۆ شنگال و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بگەڕێنەوە، بەو هیوایەی بەڵێنەکانی ئەڵمانیا بگەیەننە جێ و لە ئەرزی واقیعدا پارێزگاری لە کوردانی ئێزدی بکەن، نەك بە هاوشێوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵنەسن و هەر لە سەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و دواتر بە جێبەجێکردنی ئەنفال و کیمیاباران و بێسەروشوێنکردنی کوردەکان و وێرانکردنی گوندەکان و دواتر بەکارهێنانی هێز بۆ کوشتن و وێرانکردن و سووتاندنی ماڵی کوردەکان، لە دوای ڕیفراندۆم کورد چەندین جار کۆمەڵکوژ کرا، هەموو ئەمانە لە مێژووی بزاڤی کورددا بە بێدەنگی بەڕێ کران و کەس هەڵوێستێکی توندی لە دژی نەبوو، کە جگە لە جێبەجێکردنی بڕیاری دژەفڕین بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لە دوای کۆڕەوە ملیۆنییەکە، هەڵوێستێکی دیکەی ڕوون و پراکتیکیمان نەبینیوە.

ئەم بڕیارەی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی لە پەرلەمانی ئەڵمانیا کە سەیری خاڵەکانی دیباجەی بڕیارەکە دەکەیت، زیاتر ئاماژە بە سارێژکردنی سادەیی برینەکە دەکات، بەڵام باس لە وردەکارییەکان و چۆنیەتی بنبڕکردنی برینەکان ناکات، دیباجەکە لایەنی ئەکادیمی و زانستیی لاوازە و نەیتوانیوە چارەسەرەکانی ئەگەری دووبارە نەبوونەوەی بۆ دابنێت، باسی ناوچەکە ناکات کە گەمارۆ دراوە بە دوژمنانێك کە ئەگەر دەستیان بڕوات، زۆر لە داعش دڕندەترن و کورد بە هەموو پێکهاتە ئایینییەکەیەوە کۆمەڵکوژ دەکەن و دەستیان لێ ناپارێزن، ناوچەیەکە پڕە لە کێشە، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دابەشکردنی کوردستان لە پەیماننامەی جیهانیی (سایکس پیکۆ و پەیماننامەی سیڤەر و لۆزان و...) کە زۆر پەیمان درا بە خەڵکی کوردستان کە مافەکانیان پارێزراو دەبێت، تا دەگاتە مافی سەربەخۆیی، بەڵام مخابن پاشگەز بوونەوە لە بەڵێنەکانیان و ناوچەکە لە دۆخێکی قەیراناویدا دەژیت، هەتاکوو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لە ژێر مەترسی و هەڕەشەو دڵەڕاوکێدا دەژی.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش زلهێزەکان و ڕێکخراوی نەتەوە کگرتووەکان و ئاژانسە مرۆییەکان ئەوانیش بە بێدەنگییان لە پاڵپشتیی مافی بوون بە دەوڵەت و سەربەخۆیی، ناڕاستەوخۆ بەشداریی تاوانەکانی هەموو هێزە توندڕەو و شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و تیرۆریستەکانن، لەبەر ئەوەی زۆر چاك دەزانن تاکە ڕێگە چارە بۆ پاراستنی کوردانی ئێزدی، دروستبوونی کیانی سەربەخۆی کوردستانە، کە دەتوانێت کۆکوژی بنبڕ بکات، هەروەك بۆ ئەرمەن و جووەکان و بوسنییەکان و کۆسڤۆییەکان کردیان، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەداخیشەوە لەلایەن هەندێك نەیارانی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژئاوا زۆر بڕیار و دەستکەوتی گرنگ لە ئەورووپا بە لاڕێدا دەبەن، بۆ نموونە کۆتاییهاتنی ئازار و مەینەتییەکانی کوردانی ئێزدی لە ناو چوارچێوەی پاراستنی کورد و بوون بە خاوەن دەوڵەت دێتە دی، چونکە وەکو ئاماژەم پێ دا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کوردی بەسەردا دابەش بووە، توندوتیژییەکی زۆری تێدا ئەنجام دەدرێت و زۆر لەکێشەکان ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە.

مسعود بارزانی وەکو سەرۆك و ڕەمزێکی گەورەی گەلی کورد لە جیهاندا توانیویەتی فەرهەنگ و کەلتووری پێکەوەژیان لە ناو هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزا و نەتەوەکاندا بپارێزێت، هەر چەندە هێرشی سەربازی و دوژمنایەتییەکی زۆر لە دژی کورد و کوردستانییان ئەنجام دەدرێت، بەڵام کوردی وەکو قەوارەیەك لە باشووری کوردستان پاراستووە، بۆیە چارەسەرکردنی کێشە ئایینی و نەتەوەییەکان لە ناوچەکەدا تەنیا بە گەڕانەوە بۆ کوردستانیبوون و پاڵپشتیکردنی هێزی پێشمەرگە دێتە بەرهەم.

بەپێی ئەزموونی من لە دۆسیێەکانی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆی کوردستانی کرد، بەڵام پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی نەکرد، کە بەپێی ڕێککەوتن و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و دادگای نێودەوڵەتی پاڵپشتییەکی ڕەها و زۆری دەبوو، هەموو ئەو



فرمێسک و بڕیار و هەنگاوانەی تایبەتن بە ئیدانەکردنی کۆمەڵکوژی و بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژییەکان و کۆمەك و هاوکارییەکان، دەریان خست ئەم شێوازە بەرگرییە ڕێگری لە بەردەوامی و دووبارەبوونەوەی جینۆساید ناکات.

دەبوایە لە دیباجەی بڕیاری بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی ئاماژە بە خەباتی تێکڕای خەڵکی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان و هێزی پێشمەرگە بکرایە، کە زیاتر لە هەشت سەد پێشمەرگە تەنیا لە ڕزگاربوونی شنگال و دەورووبەری و ناوچەی دەشتی نەینەوا خوێنیان ڕشت و شەهید بوون، هەروەها ڕۆڵی سەرەکیی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی جەنگدا لە سەنگەرەکانی پێشەوە کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی ڕزگارکردنی ناوچەکانی ئیزدینشینی دەکرد، خۆ ئەگەر سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە نەبوایە کۆمەڵکوژییەکە زۆر گەورەتر دەبوو و بە هەزارەها کوردی ئێزدی و کریستیان لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا شەهید دەبوون و کۆمەڵکوژ دەکران، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە حکومەتی عێراق کەمتەرخەم بوو، بە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەرانبەر ئاوارەکان و ئاساییبوونەوەی دۆخی شنگال، بە پێچەوانەی گەلی کورد و کوردستانیان و پێشمەرگە و وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت، کە وێڕای قەیرانی دارایی و خراپیی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان، دەستی هاوکاری و یارمەتییان بۆ ژمارەیەکی زۆری ئاوارە درێژ کردەوە و مسعود بارزانی بڕیاری دا، دەرگای مزگەوت و قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکان بۆ ئاوارەکانی کوردی ئێزدی واڵا بکرێت و، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەستی هاوکاری و یارمەتیی خێرا بگەیەننە ئاوارەکانی کوردانی ئێزدی و، هەموو کارئاسانییەکیان پێشکەش بکەن، ئەمە جگە لە ئازادکردنی سەدان کچی کوردی ئێزدی و هێنانەوەیان بۆ کوردستان.

بۆیە چارەسەری کێشەی کوردانی ئێزدی و کورد بەگشتی لە سەربەخۆبوون و زیاتر بەهێزبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەکو چۆن گەڕانەوەی کوردانی ئێزدی بۆ شنگال بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی شنگال و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە زامن دەکرێت، ئەم بڕیارەی پەرلەمانی ئەڵمانیا لەگەڵ بڕیاری پەرلەمانی فەرەنسا و وڵاتانی دیکە پێویستییان بە کارکردنی زیاترە لەلایەن خەڵکی پسپۆڕەوە، بۆ ئەوەی خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێن، کە کوردستانێکی سەربەخۆ زامنی گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ماڵی هەموو پێکهاتەکان و هاووڵاتیانی کوردستانە.

**دەبوایە لە دیباجەی بڕیاری بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی ئاماژە بە خەباتی تێکڕای خەڵکی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان و هێزی پێشمەرگە بکرایە، کە زیاتر لە هەشت سەد پێشمەرگە تەنیا لە ڕزگاربوونی شنگال و دەورووبەری و ناوچەی دەشتی نەینەوا خوێنیان ڕشت و شەهید بوون**

# نەخێر بۆ ئابووریی ڕەیعی
# بەڵێ بۆ کشتوکاڵی بەردەوام

**مەبەست لە ئاسایشی خۆراک دەستەبەرکردنی خۆراکی پێویست و تەندروستە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، بە چاوپۆشین لە کات و هەلومەرجی سەختی کەشوهەوا و ئاسایش**

**بە گوێرەی بڕیارەکانی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، گرنگترین پایە و بنەمای ئاسایشی خۆراک بریتییە لە، بەردەستبوون، دابینکردن، بەکارهێنان و سەقامگیری**

پێش ئەوەی گرنگیی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان ڕوون بکەینەوە، زۆر پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زانستی ئابووری لەم سەردەمەی ئێستاماندا، ئامانجی ئەوەیە کە هانی کۆمەڵگە تازەپێگەیشتوو و پەرەسەندووەکان بدات، تاکو بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و نموونەیی سەرجەم سەرچاوەکانی سرووشتی و مرۆیی خۆیان بقۆزنەوە، بۆ وەدیهێنانی چاکترین بەرهەمی نەتەوەیی بەردەست و بە کەمترین تێچوو، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی ئەوپەڕی قازانجی داهاتی دارایی بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگە.

مەبەست لە گەشەی ئابووری ئەوەیە تا چەند تێکڕای داهاتی نەتەوەیی و تێکڕای داهاتی تاك لە کۆمەڵگەدا گەشە دەکات، بەڵام چەمکی گەشەسەندنی ئابووری بریتییە لە تێکڕای گەشەی سەرتاپاگیری و هاوسەنگیی گشت کەرتەکانی کۆمەڵگە و تاك و هەرێمە جوگرافی و ئیدارییەکان.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە تا چەند گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت لە ئابووریی ڕەیعی (تاکلایەنە یان دوولایەنە) بۆ ئابووریی بەرهەمهێنان بە مەبەستی وەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك، ئەوەش بە گرتنەبەر و جێبەجێکردنی سیستەمی کشتوکاڵیی بەردەوام دێتە دی.

مەبەست لە ئاسایشی خۆراك دەستەبەرکردنی خۆراکی پێویست و تەندروستە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، بە چاوپۆشین لە کات و هەلومەرجی سەختی کەشوهەوا و ئاسایش، ئەمەش بە بەهای خۆراکی فرەچەشن، کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی بەکاربردن و بەرز و نزمیی نرخ و تێچووی بەرهەمهێنان. ئاسایشی خۆراك چەندین ڕێکاری پێویست لەخۆ دەگرێت، بۆ گونجان لەگەڵ هەر کەموکورییەك کە لە ئایندەدا لە بەرهەمهێنان بێتە ئاراوە، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی کەمبوونەوەی کۆمەکی خۆراك بە هۆی سەرهەڵدانی وشکەساڵی و پەتاکانی کشتوکاڵی، یان بە هۆی پەککەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە، لەبەر بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی، یان بە هۆی نالەباریی دۆخی ئەمنی، هەروەها بەهۆی پێکدادان و جەنگە نێودەوڵەتییەکان.

بە گوێرەی بڕیارەکانی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، گرنگترین پایە و بنەمای ئاسایشی خۆراك بریتییە لە، بەردەستبوون، دابینکردن، بەکارهێنان و سەقامگیری.



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەردەستبوون : واتا بەردەوامی لە دەستەبەرکردنی خۆراك بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، لە ڕێی پاڵپشتیکردنی پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی خۆراك و دابینکردنی دادپەروەری لە دابەشکردندا، دیارە ئەمەش پێویستی بەوەیە دەسەڵاتە تایبەتمەندییەکان چاودێریی چاکی بەڕێوەبردنی زەویی کشتوکاڵی جووتیاران بکەن، بەردەوامیش ڕێنمایی و کەرەستە و کەلوپەل و پەیین و تۆ و دەرمانی دژە پەتای کشتوکاڵییان پێ بدەن، هەروەها کارئاسانییان بۆ بکەن لە ڕووی پرۆسەی بەبازاڕکردن و هەناردەکردن و هاندانیان تا کۆگا دابین بکەن، بۆ پاراستنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەگەڵ هاندانی پیشەسازیی کشتوکاڵ و دامەزراندنی پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر و باڵندە و ماسی لەگەڵ پاراستنییان لە ڕکابەری، ئەمەش بە قەدەغەکردنی هاوردەی ئەوەی کە لە ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێت.

دابینکردن: مەبەست لەمەدا هاوسەنگی و گونجانە لە نێوان نرخەکان و توانای دارایی تاکەکان لە بەدەستهێنانی کەلوپەلی خۆراك، ئەمەش پێویستی بە پاڵپشتیکردنی جووتیاران و کارگەکانی بەرهەمهێنان هەیە، چ بە کەمکردنەوەی باج، یان بە پێشکەشکردنی سولفە و قەرزی درێژخایەن. دەبێت داهاتی دارایی تاك ڕێگەی ئەوەی پێ بدات بتوانێت ئەوەی پێویستیەتی لە خۆراك و دەرمان و شتی دیکەی گوزەرانی بەدەستی بهێنێت.

بەکارهێنان: واتا چۆنێتیی بەکارهێنان و بەکاربردنی خۆراك لەلایەن تاکەکانەوە، بێ زێدەڕۆیی، ئەم هەنگاوەش لە ڕێی دەزگا بەرپرسەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بە پێشکەشکردنی ڕێنمایی بە تاکەکانی کۆمەڵگە، سەبارەت بە بەهای خۆراکیی هەر بەرهەمێك و ئاستی پێویستیی کۆمەڵگە بەو بەرهەمە، بەڵام دوور لە زێدەڕۆیی.

سەقامگیری: واتا پاڵپشتیکردنی نرخی کەلوپەلی خۆراك، بەتایبەتی لە کاتی بەرز و نزمیی بازاڕ و بەرزبوونەوەی لە ڕاددەبەدەری نرخەکان، چ بە هۆی چاوتێبڕین و تەماعکاریی هەندێ لە بازرگانەکان، یان بە هۆی کەمیی بەرهەم لە ئەنجامی کارەساتی سرووشتی، یانیش بە هۆی ململانێی چەکداری و شەڕی ناوخۆ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە تووشی چەندین نەخۆشیی جەستەیی و دەروونی ببن.

**تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردستانی هەر بە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر دەژمێردرێت، چونکە زۆربەی کەلوپەلی خۆراکی لە دەوڵەتانی دیکەوە هاوردە دەکرێن، لە پاڵ هاوردەکردنی داودەرمان و کەرەستەی تەکنیکی و بیناش**

**بەهای ئەو بەرهەمەی لە کوردستان هەناردە دەکرێت، ناگاتە قەبارەی هاوردە، واتا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاسایشی خۆراك لە کوردستان هەیە**

تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردستانی هەر بە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر دەژمێردرێت، چونکە زۆربەی کەلوپەلی خۆراکی لە دەوڵەتانی دیکەوە هاوردە دەکرێن، لە پاڵ هاوردەکردنی داودەرمان و کەرەستەی تەکنیکی و بیناش، ئەمەش بەو واتایەیە کە داهاتی نەتەوەیی نزیکە لە سفر، کەواتە بەهای کۆتایی کاڵا و خزمەتگوزاریی بەرهەمهێنراو لە میانیساڵێکی تەواودا لە ڕێی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی نیشتمانییەوە ئەنجام دەدرێت، بەهای ئەو بەرهەمەی لە کوردستان هەناردە دەکرێت، ناگاتە قەبارەی هاوردە، واتا هەرەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاسایشی خۆراك لە کوردستان هەیە.

ئەگەر بەردەوام پشت بە داهاتی (ڕەیعی) ببەستین لە کوردستان، وەك پشتبەستنی تەواو بە داهاتی پترۆڵ و گومرگ و دارایی، کە پەیوەست نین بە پرۆسەی بەرهەمهێنان، ئەوا دەرئەنجام و لێکەوتەی مەترسیداری بەدوادا دێت، ئەمەش بەو واتایەیە کە ئابووریی هەرێم پەیوەستە بە گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان (لە سرووشتی پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر و ئاستی بەکارهێنانی گوشار لەلایەن بەغداوە بەرانبەر حکومەتی کوردستان)، هەروەها پەیوەستە بە گۆڕانکارییە دەرەکییەکان (پەیوەندیی هەرێم بە دەوڵەتانی دراوسێ)، سەرباری ئەو گۆڕانکارییانەی ئابووری کە جیهانیان هەژاندووە، وەك دابەزینی نرخی پترۆڵ و بەرز و نزمیی دراوی قورس، یان کەمبوونەوەی جووڵەی بازرگانیی جیهانی، یانیش سستیی بازاڕ و خانووبەرە، هەموو ئەو فاکتەرانە کاریگەریی نەرێنیان دەبێت بەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەوە کە پشت بە داهاتی ڕەیعی دەبەستن، کە دواجار دەبێتە هۆی مایەپووچبوون و دارمانی سیستمی حوکمڕانی و لەناوچوونی یەکجارەکی.

کاتێك بەردەوام ئەوە فەرامۆش دەکرێت کە ڕۆژێك دێت پترۆڵ لە کوردستان نامێنێت، یان خواست لەسەری کەم دەبێت، ئەمە کارەساتێکە بۆ خۆی، چونکە ئەو کاتە ناتوانرێت بەو داهاتە کەلوپەلی خۆراکی پێویست، یان داودەرمان و کەرەستەی پزیشکی هاوردە بکرێت، تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی مووچەی کارمەندانیش ڕابگیرێت و خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی پێشکەش نەکرێت، دواجار کۆمەڵگە دابڕمێت.

ئێستا کاتی هاتووە، لەسەر حکومەت و هەموو حزبە کوردستانییەکان پێویستە لە جیاتی ئەوەی ڕوو بکەنە کوتلە و کوتلەکاری و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە لە پێناو بەرژەوەندیی حزبی و تاکە کەسی، دەبێ بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ئەستۆ بگرن و بە دوای هۆکارەکانی گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمهێن بگەڕێن، کۆنگرەی زانستی ساز بکەن، هەروەها توێژینەوە پێشکەش بکەن و چارەسەری گونجاو بخەنە ڕوو، بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك بۆ نەوەکانی ئێستا و ئایندە..

کاتی ئەوە هاتووە هەموو حزبە کوردستانییەکان بناغەی سیستمێکی ئابووری و بەرهەمهێن دابڕێژن، هەروەها هەیکەلبەندیی ئابووریی نیشتمانی کارا بکەنەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەو توانایەی لە کوردستان هەیە لە داهات و توخمەکانی بەرهەمهێنان (زەوی، کار، سەرمایەی ڕێکخستن)، هاوکات پشتبەستن بە وزەی نوێبووەوە (کە لە ئاو و با و وزەی خۆر وەرگیراوە)، دیسان کاری بەردەوام بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان، ئەوەش بە دامەزراندنی پرۆژەگەلی ئابووری و بەرهەمهێنان، کە دەبنە هۆی زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی و وەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری بۆ دەستەبەرکردنی ئایندە و ژیانێکی خۆش و سەربەرزانە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

جێبەجێکردنی سیاسەتی گەشەپێدانی بەردەوام پێویستی بە بنیادنانی بناغەگەلێك هەیە بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی بەرهەمهێن، ئەمەش بە دابینکردنی ئاودێری ئەنجام دەدرێت، لە ڕێی بنیادنان و دروستکردنی بەنداو و پۆند و چاککردنی تۆڕەکانی هاتوچۆ و پاراستنی ژینگە، هەروەها پاڵپشتیکردنی پیشەسازیی دەرمان و پەیین، لەگەڵ پێشکەشکردنی پاڵپشتیی بەردەوام بۆ جووتیاران و هاندانی پیشەسازیی کشتوکاڵی و گەشەپێدانی سامانی ئاژەڵ و ماسی، دواجار پاڵپشتیکردنی پیشەسازیی گەشتوگوزار و پاراستنی بەرهەمە نیشتمانییەکان.

**کاتێک بەردەوام ئەوە فەرامۆش دەکرێت کە ڕۆژێک دێت پترۆڵ لە کوردستان نامێنێت، یان خواست لەسەری کەم دەبێت، ئەمە کارەساتێکە بۆ خۆی، چونکە ئەو کاتە ناتوانرێت بەو داهاتە کەلوپەلی خۆراکی پێویست، یان داودەرمان و کەرەستەی پزیشکی هاوردە بکرێت**

**کاتی ئەوە هاتووە هەموو حزبە کوردستانییەکان بناغەی سیستمێکی ئابووری و بەرهەمهێن دابڕێژن، هەروەها هەیکەلبەندیی ئابووریی نیشتمانی کارا بکەنەوە**

**جێبەجێکردنی سیاسەتی گەشەپێدانی بەردەوام پێویستی بە بنیادنانی بناغەگەلێک هەیە بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی بەرهەمهێن، ئەمەش بە دابینکردنی ئاودێری ئەنجام دەدرێت**



دکتۆر خەلیل غازی دۆسکی بۆ گوڵان:

# بانکی ناوەندیی عێراق پێیان وتووین بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دیناری عێراقی جێگیر دەبێتەوە، بەڵام کاتی پێویستە

**ناجێگیریی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دیناری عێراقی و هەڵکشانی ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ سەرووی ١٦٣ هەزار دینار، ناسەقامگیری و شڵەژانێکی گەورەی لە ناو بازاڕە ناوخۆییەکانی عێراق و کوردستاندا لێ کەوتەوە، کاریگەریی نەرێنیی کردە سەر دۆخی جووڵەی ئاڵوێری بازرگانی و جموجووڵی بازاڕیشی سست کرد. داشکانی بەهای دینار و هەڵکشانی بەهای دۆلاری ئەمریکی لە ٢٠٢٠/١٢/٢٠ـەوە دەستی پێ کرد، ئەو کاتەی حکومەتی عێراق بە ڕەزامەندیی بانکی ناوەندی لە پێناو چارەسەرکردنی کورتهێنان و پێدانی مووچەکان نرخی فرۆشتنی هەر دۆلارێکی ئەمریکی لە ١١٨٠ دینارەوە بۆ ١٤٦٠ دینار زیاد کرد، بەمەش ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە نێوان ١٤٨ بۆ ١٤٩ هەزار دینار جێگیر بوو، تا لە ٢٠٢٢/١٢/١١ـەوە داشکانی بەهای دینار بەرانبەر دۆلار سەقفی ١٦٣ هەزار دیناری تێپەڕاند. بۆ قسەکردن لەسەر هۆکارەکانی هەڵکشانی بەهای دۆلار و کاریگەرییەکان و ڕێگەچارەسەرەکان، دیدارێکمان لەگەڵ دکتۆر خەلیل غازی دۆسکی ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ساز دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**لەمەودوا ئەو بازرگان و کۆمپانیایانەی شمەک و پێداویستییەکان لە دەرەوە دەهێنن، لیست و وەسڵی کڕینەکانیان لە شوێنی سەرەکی پێشکەش بە بانکەکە بکەن، ئەمەش وای کردووە، خواست لەسەر کڕینی ئەو دۆلاری حەواڵەیە کەم ببێتەوە**

**زۆر لە گەورە کۆمپانیاکانی هاوردەکردن لە زۆربەی خاڵە سنوورییەکانەوە بەتایبەتی لە خاڵی سنووری بەسرەوە شمەک و کەلوپەلەکانیان بێ گومرگ و پێدانی باجی داهات دەهێننە ناو عێراقەوە**

*** ناجێگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی شڵەژانێکی نەک تەنیا نەختینەیی لێ کەوتووەتەوە، بەڵکو نرخەکانی کاڵا و شمەکەکانیشی بەرز کردووەتەوە، هەرچەندە بانکی ناوەندی بڕیاری داوە بڕە دۆلارێکی زیاتر بخاتە ناو بازاڕەوە، بەتایبەتی لە ڕووی فرۆشتنی دۆلاری حەواڵە، کە بازرگان و بزنیسکارەکان بۆ هێنانی شمەك و کەلوپەلەکان پێویستیانە، کەچی نرخی دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دینار هەر بە بەرزی ماوەتەوە، ئایا هۆکاری ئەم ناجێگری و بەرزییە لە نرخی دۆلار بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بانکی ناوەندیی عێراقی دۆلاری ئەمریکی بە دوو ڕێگەی ڕاستەوخۆ ئەویش بە شێوەی نەختینەیی، واتا کاش، هەروەها بە شێوەی دۆلاری حەواڵە خستووەتە بازاڕ، بانکەکە بەشە زۆرەکەی فرۆشتنی دۆلار بە شێوەی دۆلاری حەواڵەیە، دۆلاری حەواڵەش ئەو دۆلارەیە کە بانکی ناوەندی بە نرخێکی پاڵپشتیکراو دەیفرۆشێتە بازرگان و ئەو کۆمپانییانەی بەو دۆلارە شمەك و کاڵا لە دەرەوەی وڵات دەهێنن، بەمەش کۆمپانیا و بازرگانەکان بە دۆلاری پاڵپشتیکراو پێداویستییەکانی ناوخۆ لە کاڵا و شمەکەکان دابین دەکەن. کێشە سەرەکییەکە لێرەدا سەری هەڵداوە، کاتێك بانکی ناوەندی ڕێکاری نوێ و توندی پەیڕەو کردووە بۆ پێدانی دۆلاری حەواڵە، بەوەی دەبێت لەمەودوا ئەو بازرگان و کۆمپانییانەی شمەك و پێداویستییەکان لە دەرەوە دەهێنن، لیست و وەسڵی کڕینەکانیان لە شوێنی سەرەکی پێشکەش بە بانکەکە بکەن، ئەمەش وای کردووە، خواست لەسەر کڕینی ئەو دۆلاری حەواڵەیە کەم ببێتەوە، لە بری ئەمەش بازرگان و کۆمپانیاکان بە نرخێکی زیاتر لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا دۆلار دەکڕن بۆ دابینکردنی بڕە دۆلاری پێویست، بۆ کڕین و هێنانی کاڵاکانیان، بەمەش نرخی دۆلار ڕووی لە بەرزی کردووە.

*** ڕێکارەکەی بانکی ناوەندی بۆچی لە لایەن بازرگان و کۆمپانیاکانەوە توندە، لە کاتێکدا لە پێناو ئاودیونەکردنی دۆلار و ڕێگری لە گەمەکردن بە نرخەکەی، بانکی ناوەندی لەسەر داوای ئەمریکا ئەم کارەی کردووە؟**

- بانکەکە لە ئێستادا بە هەندێك ڕێکاری نوێ و توند کار دەکات و ئامادە نییە دۆلار بداتە ئەو هاوردەکار و بازرگانەی شمەك و کاڵا لە دەرەوە دەهێنێت، بێ ئەوەی لیست و وەسڵی کەلوپەلەکەی بە ڕوونی و شەفافییەت پێشکەشی بانکەکە بکەن، زۆر لە بازرگان و گەورە کۆمپانیاکان ئەم ڕێکارە نوێیەیان پێ باش نییە، چونکە کاتێك فاتوورە و وەسڵەکان دەهێننە بانکی ناوەندی، هەموو ئەم لیستانە دەچێتە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج و دەبێت

گومرگ و باجی داهاتی هەمووی لێ بدەن، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر بۆ خۆدزینەوە لە باجی گومرك و باجی داهات، ئەو لیست و وەسڵ و بەڵگەنامانەی هێنانی کاڵا و شمەکەکانیان پێشکەش بە بانکەکە نەدەکرد، بۆیە ئەوان ڕێگەیەکی ئاسان و باشتریان بۆ خۆیان پەیڕەو کردووە، لە بری ئەوەی بچن دۆلاری حەواڵە بەو ڕێکارانە وەربگرن و باجێکی زۆریش بدەن، ڕاستەوخۆ دەچن لە بازاڕەکاندا بە کاش و نەختینەیی بڕە دۆلارێکی زۆر دەکڕن، بەمەش خستنەڕووی دۆلار لە بازاڕەکانی ئاڵوێری دراودا بەراورد بە خواست، زۆر کەم دەبێتەوە و دەبێتە هۆکاری هەڵکشانی بەهای دۆلار.

*** کەواتە ئەو هەواڵانەی باس لە کەمبوونەوەی خستنەڕووی دۆلاری حەواڵە دەکات لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە ڕاست نییە، مەسەلەکە ئەوەیە خواست بۆ کڕینی دۆلاری حەواڵە نییە، چونکە بەپێی ڕێکارە نوێیەکان ئەو بازرگان و کۆمپانییانەی کاری قاچاخچێتی دەکەن، چیتر ناتوانن خۆیان لە باج و گومرگ بدزنەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا بانکەکە بەنیازە ئەم ڕێکارە نوێیانەی فرۆشتنی دۆلاری حەواڵە کەم بکاتەوە؟**

- زۆر لە گەورە کۆمپانیاکانی هاوردەکردن لە زۆربەی خاڵە سنوورییەکانەوە بەتایبەتی لە خاڵی سنووری بەسرەوە شمەك و کەلوپەلەکانیان بێ گومرگ و پێدانی باجی داهات دەهێننە ناو عێراقەوە، بۆیە ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی باشترە لە ناو بازاڕەکاندا بە ١٦٠ هەزار دینار بکڕن، نەوەکو ئەوەی لە بانکی ناوەندی بە ١٤٨ هەزار دینار بکڕن و لەگەڵیدا گومرگ و باجێکی زۆری داهات بدەن، لێرەدا بە هەڵە بڵاو دەکرێتەوە گوایە بانکی ناوەندی ئەو بڕە دۆلارەی دەیفرۆشێت بە شێوەی حەواڵە، کەمی کردبێت، تەنانەت بانکی ناوەندی ڕایگەیاندووە ئەو بڕە دۆلاری پێویستە بە حەواڵە دەخاتە بازاڕەوە، بەڵام ئەو کەسانەی ئامادەن بیکڕن، زۆر کەمە، لەبەر ڕێکارە نوێیەکەی بانکی ناوەندی و بۆ خۆدزینەوە لە پێدانی باجی گومرگ و باجی داهات، بانکی ناوەندی ڕایگەیاندووە کە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار دەفرۆشن، کەچی تەنیا خواست لەسەر ٤٠ ملیۆن دۆلار هەیە.

ڕێکارەکانی بانکی ناوەندی بۆ پێدانی پسوولەی کڕین و هێنانی ئەو کاڵا و شمەکانەی لە دەرەوە دەهێنرێت، بۆ ڕێگرتنە لە ئاودیوکردنی دراوی قورسی گرانبەهای دۆلار کە بازاڕەکانی دەوروبەرمان بەتایبەتی ئێران کە زۆر پێویستیەتی، بەمەش نرخ هەڵاوسانی لە ناو بازاڕەکانی ناوخۆی عێراق و کوردستانی لێ کەوتووەتەوە و شوێنەوارەکانی زۆر مەترسیدار دەبن لەسەر گرانی و بێبازاڕی و ناجێگیریی دۆخی ئاڵوێری بازرگانی. سەبارەت بە تەوەری پرسیارەکەتان کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق چەند جارێك لەگەڵ بانکەکەدا گفتوگۆمان لەسەر ڕێکارە نوێیەکانی بانکەکە کردووە و پێیان وتووین زەحمەتە ئەو ڕێکارانە ئاسانکاریی تێدا بکەین.

*** کەواتە چارەنووسی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دیناری عێراقی چی لێ دێت؟ ئایا نرخەکان هەر وا بە بەرزی دەمێنێتەوە و بەم نزیکانە دەتوانین دۆخێکی جێگیری بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دیناری عێراقی ببینین؟**

- بانکی ناوەندیی عێراق پێیان ڕاگەیاندووین بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دیناری عێراقی جێگیر دەبێتەوە بەڵام کاتی پێویستە، بڕیاردان و ئاراستەکردنی کارەکانی ئەم بانکە زەحمەتە، چونکە بانکی ناوەندیی عێراق بانکێکی سەربەخۆیە و دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و بۆ پەرلەمان و حکومەت نییە دەستێوەردان لە کاروبارەکانیدا بکەن، بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دراوە بیانییەکانی دیکە، بەتایبەتی دۆلاری ئەمریکی، بە کۆمەڵێك هۆکاری ئابووری و سیاسی و سەقامگیریی عێراقەوە بەستراوەتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر پڕۆژەیاسای بودجە لە ئەنجومەنی وەزیران تێپەڕێندرێت و تەنانەت بێتە پەرلەمان، لەبەر ئەوەی بودجەیەکی گەورەیە و حکومەتی عێراق دەستکراوە دەبێت کۆمەڵێك پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی لەسەرانسەری عێراقدا جێبەجێ بکات، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەهێزییەك دەداتە بەهای دینار و عێراق لە ڕووی ئابووری و داراییەوە جێگیر دەبێت.

**بانکی ناوەندی ڕایگەیاندووە کە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار دەفرۆشن، کەچی تەنیا خواست لەسەر ٤٠ ملیۆن دۆلار هەیە**

**ڕێکارەکانی بانکی ناوەندی بۆ پێدانی پسوولەی کڕین و هێنانی ئەو کاڵا و شمەکانەی لە دەرەوە دەهێنرێت، بۆ ڕێگرتنە لە ئاودیوکردنی دراوی قورسی گرانبەهای دۆلار کە بازاڕەکانی دەوروبەرمان بەتایبەتی ئێران کە زۆر پێویستیەتی**

**بانکی ناوەندیی عێراق بانکێکی سەربەخۆیە و دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و بۆ پەرلەمان و حکومەت نییە دەستێوەردان لە کاروبارەکانیدا بکەن**

# ئایا کێشەی کورد پرسێکی ئەمنییە، یان سیاسییە؟

(دواجار سوڵتان سەلیمی یەکەم جەنگاوەران و زانایان و وەزیرانی لە شاری ئەدرنە لە ١٦ی مانگی مایسی ١٥١٤ کۆکردەوە، مەترسیی ئیسماعیل سەفەوی لە ئێرانی بۆ باس کردن، کە دەستدرێژی کردووەتە سەر سنووری ئێران)، لەو کاتەوە واتا لە جەنگی چاڵدێران و پێش شەش سەدەوە، کورد ئامرازێك بووە بۆ بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم لایەن و ئەو لایەن بەکار هێنراون، دواتر لە قۆناغی دوای ئەوە، بوونە قوربانیی ئاسایشی نەتەوەیی هەر سێ لایەنی ئەورووپی (فەرەنسا و ئینگلتەرا و ڕووسیا)، ئەوانەی واژوویان لەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆی ساڵی ١٩١٦ کرد، بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ناوچەکانی هەژموون لەنێو خۆیاندا، هەروەها بەرپرسی کاروباری کۆلۆنییەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵات مارك سایکس و سەرۆکەکەی ونستۆن چەرچڵ، کورد و شایستەکانیان وەك ئازادی و سەربەخۆییان فەرامۆش کرد، بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی دیکە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی تاجی بەریتانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی گەلانی دیکە، جارێکی دیکە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی کۆلۆنیالی ڕۆژئاوا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئەتا تورك و قەوارەکانی عێراق و سووریا لە لۆزان ساڵی ١٩٢٣ هاوئاهەنگ بوون، لەسەر حیسابی کوردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خەونی ڕەوایان لە سەربەخۆییدا.

لە میانی هەردوو جەنگی جیهانیدا، دوای هاوپەیمانیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دژی نازیزم و فاشیزم و سازان لەسەر دابەشکردنی ناوچەکانی قەڵەمڕەوی، سۆڤیەت دەستبەرداری پشتگیریی کێشەی کورد بوو بە پاساوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمنیی نیشتمانی سۆڤیەت، هەروەها تاکو گرژی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا نەهێننە ئاراوە، ئەنجامە بەراییەکانی ئەمەش بریتی بوو لە هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دوای یازدە مانگی دامەزراندنی، بەمەش یەکەم ئەزموون لە وەدیهێنانی خەونی کورد لە سەردەمی نوێدا لەباربرا، لەبەر کۆی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو لایەنانە.

هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ خەفەکردنی هەر تروسکایەکی هیوای کورد لە ناوچەکە بەردەوام بوون، لەگەڵ سازکردنی هاوپەیمانییە سەربازییەکان و ڕێککەوتننامە ئەمنییەکان (وەك پەیمانی سەعد ئاباد، پەیمانی بەغدا، سەنتۆ، ناتۆ) لەگەڵ ئەو ڕژێمانەی کە کورد و نیشتمانە مێژووییەکانیان بەسەردا دابەش

**لە جەنگی چاڵدێران و پێش شەش سەدەوە، کورد ئامرازێک بووە بۆ بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم لایەن و ئەو لایەن بەکار هێنراون**



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بووە، لەژێر دروشمگەلێك بەوەی كە ئاسایشی ئەو ڕژێمە دەسەڵاتدارانە بەشێكی جیانەكراوەیە لە ئاسایشی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئینگلتەرا و فەرەنسا و دواتر ئەمریكا، لەبەر ئەوەی بزووتنەوەكانی ڕزگاریخوازیی كوردیش بە دوژمنی ئەوان لە قەڵەم دەدرێت و مەترسیی ئەمنیین بۆ سەر بەرژەوەندییەكانیان.

لە ساڵی ١٩٧٥ شۆڕشی ئەیلوولی كوردستان لە عێراق لەبار برا، دوای ئەوەی پێداویستییەكانی ئاسایشی نەتەوەیی تەواو كرا لە چەندین لاوە (ئەمریكا، سۆڤییەت، ڕژێمی شا، ڕژێمە عەرەبە شۆڤینییەكان بەتایبەتی هەردوو ڕژێمی دیكتاتۆر سەدام و بۆمیدیەن).

ڕێككەوتننامە و دیدارە ئەمنی و دیپلۆماسییەكانی نێوان هەر چوار پایتەختی (توركیا، ئێران، سووریا و عێراق) لەوەتەی نەوەدەكان سازكران بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو چوار ڕژێمە، پەلاماری سەربازی و هێرشبردن و بۆردومان و جەنگی وێرانكەر و گەمارۆی ئابووری و بێبەشكردن لە ماف، هەروەها ڕاگواستن، ئەمە لەژێر ناوی داكۆكیكردن لە ئاسایشی نەتەوەیی توركیا و ئێران و سووریا و عێراق، كوردیش وەك ئەوانی دیكە نییە كە خاوەنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بێت.

كێشەكانی كورد و خەباتی ڕەوایان بۆ لابردنی ستەم و چەوساوەیی و وەرگرتنی ماف پێشتر و تا ئێستاش تایبەتە بە دەزگا ئەمنی و موخابەراتییەكانی ئەو چوار دەوڵەتە، نەك حكومەت و پەرلەمانەكان و دامەزراوە ئەمنییەكان، هەروەها بە ڕێكاری نهێنی و بێدەنگی ئەنجام دەدرێت، ڕێكاری دژە یاسا جێبەجێ دەكرێت، تا دەگاتە ئاستی تاوانەكان دژی مرۆڤایەتی لەوانە: پاكتاوكردن، بێبەشكردن لە ماف و ڕاگواستن و گۆڕینی پێكهاتەی دیمۆگرافی.

بەرپرسانی حزبە كوردی و كوردستانییەكان لەبیریانە ئەوانەی لە پێنج دەیەی دواییدا پەنایان بۆ دەوڵەتانی دراوسێ برد، یان پەیوەندییان لەگەڵ بەستن، یان یارمەتیی دارایی و سەربازییان لە ڕژێمەكانی دیمەشق و بەغدا و تاران و ئەنكەرا وەرگرتووە، لەبیریانە چۆن لە میوانداریتیی دەزگا ئەمنییەكاندا بوون، زۆر جار گوێم لە برادەرانی بزووتنەوەی كورد لە كوردستانی عێراق دەبوو، كە پەیوەندییەكانیان تایبەت بوون بە دەزگای هەواڵگریی سەربازیی سووریا، هەندێ جاریش لقی دەرەكیی ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی سیاسی و موخابەراتی ئاسمانی، كاتێكیش شاندێكی سەركردایەتیی حزبێك، یان لایەنێك دەگەیشتە دیمەشق، یەكەم جار زۆر بە نهێنی چاوی بە بەرپرسانی ئەمنی

**زۆر جار گوێم لە برادەرانی بزووتنەوەی كورد لە كوردستانی عێراق دەبوو، كە پەیوەندییەكانیان تایبەت بوون بە دەزگای هەواڵگریی سەربازیی سووریا**

دەکەوت، دواتر دەچوونە لای سەرکردایەتیی نەتەوەیی (قیادەی قەومی) و قاوەیان لە ئۆفیسی (ئەمینداری گشتیی یاریدەدەری قیادەی قەومیی حزبی بەعس (عەبدوڵڵا ئەلئەحمەر) دەخواردەوە، باسیان لە کاروباری گشتی دەکرد، دواتر بەیاننامەیەکی یەك لایەنە نەك دوو لایەنە دەردەچوو، زۆرجاریش پێشبینی ئەوە دەکرا کە ئەمە لە پایتەختەکانی دیکەش ئەنجام بدرێت.

بەڵام بۆچی بابەتی کورد تەنیا تایبەت بوو بە دامەزراوە ئەمنییەکانی سووریا؟ چونکە بیروباوەڕی ڕژێمی حوکمڕان وابوو، کە بوونی کێشەی کوردی وەك کێشەی گەل و مافە ڕەواکانیشی ڕەت دەکردەوە، تەنانەت وەك ئامرازێك بوو دژی نەیاران و دراوسێکانی بەکاری دەهێنا، تا دزە بکاتە نێو ڕێکخستنەکان و حزبەکانەوە، هەروەها بۆ ئەوەی هەموو پاڵپشتیکردنێك بۆ بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بقۆزێتەوە، ئەمەش لە دەیەکانی دواییدا ڕووی دا، ئێستاش بە شێوازی دیکە دەکرێت.

تا ئێستا کێشەی کوردی سوریا دۆسیێیەکی ئەمنی و سەربازییە، بە حیسابی ڕژێم و حکومەتەکانی سووریا دادنەنان بە بوونی گەل وەك دانیشتووانی ڕەسەن، کە لە کۆنەوە لەسەر خاکی خۆی دەژی، بریتییە لە کۆمەڵە مرۆڤێکی کۆچەر، بوونی کورد مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی، لە میانی ئەوەی کە خەباتگێڕانی بزووتنەوەی کورد دەدرێنە دادگای ئاسایشی دەوڵەت و دادگا سەربازییەکان لە سایەی یاسای فریاگوزاریدا، هەروەها زیندانیکردنیان، پێشتر و تا ئێستاش تۆمەتێکی ئامادەیە لەوەتەی سەردەمەکانی پێشوو(نووسینگەی دووەم و تا ئێستا) کە مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەیی. من پشکی خۆم لەو دوو تۆمەتە پێ براوە، کاتێك لەبەردەم دادگای باڵای ئەمنیی دەوڵەت لە دیمەشق لەساڵی ١٩٦٨ دادگایی کرام، حوکمم بە تۆمەتی یەکەم بۆ دەرچوو، بۆ جاری دووەم کاتێك بێبەش کرام لە مافی مەدەنی بە بڕیاری جێگری دادوەری عورفی وەزیری ناوخۆ محەمەد عید عەشاوی لە ساڵی ١٩٦٩ بەپێی تۆمەتی دووەم.

لە قۆناغی بەڕێوەبردنی دۆسێی گشتیی کورد لەلایەن ئەفسەری ئەمن محەمەد مەنسووورە (ئەو کاتەی سەرۆکی موخابەراتی سەربازی بوو لە قامیشلی)، ئەمە گواسترایەوە بۆ قۆناغێکی پراکتیکیی تازە لە دەستپێکردنی سرووشتی ئەمنی و تێڕوانینی ئەمنی و چارەسەری ئەمنی و پەیوەندییەکانی ئەمنی و دزەکردنەکانی ئەمنی، هیچ ڕۆژێك باسی کێشەکانی کورد نەخرانە بەردەم وەزارەت و حکومەت و پەرلەمانەکان، بەڵکو قەدەغە بوو کە لە میدیاکانیش باس بکرێن، بۆیە بە هۆی سرووشتی کورد لە ناوچەکە و لەبەر ئەوەی کێشەکەیان ئەمنی بووە، ئەو ئەفسەرە تاکە حوکمڕان بوو، نوێنەرایەتیی سەرۆکەکەی (حافز ئەسەد)ی دەکرد، بەرپرسانی زۆربەی حزبە کوردییەکان لە خزمەتیدا بوون، ئاهەنگیان بۆ ساز دەکرد، یەکێکیان لە بۆنەیەکدا پێی گوتووە: «بە چاکە وەڵامی چاکەکەت دەدەینەوە»، سێ جار ئەمەی دووبارە کردبووەوە.

لە سەرەتای شۆڕشی ستەملێکراوی سووریا لەلایەن ڕژێمەوە پۆلێنکردنی سەربازیش بۆ پۆلێنکردنی ئەمنیی کێشەی کوردی سووریا زیاد کرا، ئەمەش دوای بڵاوبوونەوەی گرووپە چەکدارەکانی پەکەکە لە هەندێ ناوچەدا، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەی لە سلێمانی (٢٠١١-٢٠١٢) بە سەرپەرشتیی خوا لێی خۆش بێت جەلال تاڵەبانی و قاسم سلێمانی کرا.

### ● شێوازی مامەڵەکردنی حزبانی گەورەی دۆست لەگەڵ کێشەی کوردانی سووریا

بە هۆی نەبوونی ستراتیژیەتی نەتەوەیی، تەحەکومکردنی حزبەکان بە چارەنووسی کورد، هەروەها نەسازانی نێوان گوزارشتەکانی هەر چوار پارچە لەسەر یەك ناوەندی نەتەوەیی، یان مەرجەعییەتێکی هاوبەش، بۆیە زۆربەی ئەو هێزانەی کە حزبە کلاسیکییەکان سەرکردایەتییان دەکەن، بە دیدی خودی و وڵاتی و بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتییەوە لە چەمکی نەتەوەیی دەڕوانن، زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کوردانی سووریادا دەکەن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەخەنە سەر هەموو شتێکەوە.

پەکەکە دەستبەرداری بواری جوگرافی و سرووشتیی خۆی بووە لەبەر چەند هۆیەك، بە

**تا ئێستا کێشەی کوردی سوریا دۆسیێیەکی ئەمنی و سەربازییە، بە حیسابی ڕژێم و حکومەتەکانی سووریا دادنەنان بە بوونی گەل وەک دانیشتووانی ڕەسەن، کە لە کۆنەوە لەسەر خاکی خۆی دەژی**

**هیچ ڕۆژێک باسی کێشەکانی کورد نەخرانە بەردەم وەزارەت و حکومەت و پەرلەمانەکان، بەڵکو قەدەغە بوو کە لە میدیاکانیش باس بکرێن**

**لە سەرەتای شۆڕشی ستەملێکراوی سووریا لەلایەن ڕژێمەوە پۆلێنکردنی سەربازیش بۆ پۆلێنکردنی ئەمنیی کێشەی کوردی سووریا زیاد کرا، ئەمەش دوای بڵاوبوونەوەی گرووپە چەکدارەکانی پەکەکە لە هەندێ ناوچەدا**

شێوەیەك دەڕوانێتە بەشەكانی دیكەی كوردستان كە بواری زیندەگی و جوگرافییە تاكو هێرشیان بۆ بكات و كۆنتڕۆڵی گەل و خاك و خێروبێری و سەرچاوە داراییەكانیان بكات، وەك ئێستای لەگەڵ كوردستانی سووریا، وا مامەڵە لەگەڵ كوردانی سووریا دەكات، وەك ئەوەی سووتەمەنیی سەربازی بن بۆیان، یان سەرچاوەی ئابووری بن، لەوەتەی چەند دەیەیە ڕایگەیاندووە كە بەشێكی كوردستان لە سووریا بوونی نییە، لەسەر زاری سەركردەكەیان، وازیان لە گوتەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان هێناوە، هەروەها دوور كەوتوونەتەوە لە هەر خەباتێكی نەتەوەیی لە پێناو مافەكاندا، هاوكات پێی وایە كە بابەتی كوردانی سووریا لە لیستی ئەمنی و سەربازیدا نووسراوە، چاوەڕوانی بڕیاری ناوەندی سەربازیی پەكەكە دەكات لە قەندیل، ئیدارەی كێشەكانی كوردانی سووریاش دەكات لە ڕێی ڕێكخراوگەلی ئەمنی لە ژێر پەردەی ناوەندەكانی توێژینەوە و دامەزراوەكانی ڕۆشنبیری و میدیادا.

## ● هەرێمی كوردستانی عێراق

دوای گواستنەوە لە قۆناغی شۆڕش بۆ قۆناغی دەسەڵات و بنیادنانی دامەزراوەكانی دەوڵەت، كێشەی كوردانی سووریا و بزووتنەوە نەتەوەییەكەیان (كە تا ئێستا جێگەی خۆشەویستی و ڕێزی گەلی كوردستانی عێراقە بە جیاوازیی چین و لایەنەكانیەوە وەك چۆن لە سەردەمی سەركردەی خوا لێی خۆش بێت مستەفا بارزانی)، بوو بە بابەتێك بۆ ڕكابەری و تۆڵەكردنەوەی نێوان حزبەكان، هەر یەكەیان بە دوای فراوانكردنی هەژموونیدا دەگەڕێت، بێ تووڕەكردنی ڕژێمی سووریا، زانراوە كە مامەڵەكردن لەگەڵ كوردانی سووریا بە ناوی حزبەكان، نەك لە ڕێی حكومەتی هەرێم، یان دامەزراوەی سەرۆكایەتی، یان پەرلەمان، بەڵام لە ڕێی دامەزراوە ئەمنییەكانەوە وەك ئەوەی كە ڕژێمە حوكمڕانەكان كێشەی كوردی سووریا بە پرسێكی حزبی و ئەمنی لەقەڵەم دەدەن، یان دەتوانن بەم ڕێگایە خۆیان بە دوور بگرن لە پایەندبوونی نەتەوەیی لە هەمبەر گەلێك كە پێویستی بە پاڵپشتی و پشتگیری هەیە لە پێناو ڕزگاریدا، بەر لە هەموو شتێك لە بڕیاری سیاسی سەربەخۆ بێت و بزووتنەوەكەی بنیاد بنێتەوە، كە بە ناچاری پاشكۆی كەس نەبێت، یان لە میانی سەرچاوەكانی دارایی و سیاسی، ئەوەی كە گوزارشت دەكات ئەوەیە كۆنگرەكانی حزبە سیاسییەكان و كۆبوونەوەكانی مەكتەبە سیاسی و ناوەندییەكانیان لە خشتەی كارەكانیان هیچ بەندێكی تێدا نییە سەبارەت بە كێشەی نەتەوەیی لە ناوچەكەدا بەگشتی و كێشەی كوردی سووریا بەتایبەتی، هەروەك بەیاننامەكانیان هیچ پابەندبوونێكی ئاشكرایان بەم شێوەیە تێدا نییە، ئەمەش ڕاستییەكی تاڵە و بۆ هەموو حزبە كوردییەكان وایە لە عێراق و ئێران و توركیا، تەنیا بزووتنەوەی سیاسیی كوردیی سووریا لە پابەندبوونی نەتەوەیی و هەڵوێستی بیروباوەڕیدا بە ئاشكرا دیار بوو، هەر لەوەتەی سەرهەڵدانیەوە تاكو پێش دوو دەیە، واتا پێش بوونی پەكەكە و دەركەوتنی ئەو حزبانەی پشت بە دەرەوە و سامانی سیاسی دەبەستن.

دیارە ئەم بابەتە زۆر گرنگ و مەترسیدارە، ناكرێت فەرامۆش بكرێت، یان پەندی لێ وەربگرین، مەگەر بە بەشداریی خاوەن ڕاوبۆچوون و فیكر بەتایبەتی لە هەرێمی كوردستان و بەشەكانی دیكە، بۆیە لە مینبەری گوڵانەوە داوا لە هەموویان دەكەم بۆ بەشداریكردن و دیالۆگ.

لەبەر ئەوەی كێشەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی مەسەلە ئەمنی و سەربازییەكاندایە بە تێڕوانینی دوور و نزیك و هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەكانەوە، بۆیە لە ئێستاو لە ئایندەدا تووشی تانەلێدان دەبێتەوە لە ڕاستگۆیی سیاسی و ئامانجە ڕەواكانیدا، ڕێگەگرتن لە هەر چارەسەرێكی نیشتمانی و دیموكراسی، هەروەها سڕینەوەی ئەو دەستكەوتانەی تا ئێستا وەدی هاتوون، بەتایبەتیش لە كوردستانی عێراق، نەخاسمە كاتێك ڕەهەندی نەتەوەیی كۆتایی دێت، دواجار ئاسان دەبێت كە لە لیستی تیرۆر دابنرێت، بەپێی لۆژیك و پێناسەی هێزە باوەكان، هاوكات بەكارهێنانیان لە ڕووی سەربازییەوە، لە هەمان كاتیشدا بۆ مەبەست و سوودی ئەجێندا دەرەكییەكان و بە دیاریكراویش دژی كورد.

**زۆربەی ئەو هێزانەی كە حزبە كلاسیكییەكان سەركردایەتییان دەكەن، بە دیدی خودی و وڵاتی و بەرژەوەندیی تەسكی حزبایەتییەوە لە چەمكی نەتەوەیی دەڕوانن**

**پەكەكە دەستبەرداری بواری جوگرافی و سرووشتیی خۆی بووە لەبەر چەند هۆیەك، بە شێوەیەك دەڕوانێتە بەشەكانی دیكەی كوردستان كە بواری زیندەگی و جوگرافییە تاكو هێرشیان بۆ بكات و كۆنتڕۆڵی گەل و خاك و خێروبێری و سەرچاوە داراییەكانیان بكات**

**كۆنگرەكانی حزبە سیاسییەكان و كۆبوونەوەكانی مەكتەبە سیاسی و ناوەندییەكانیان لە خشتەی كارەكانیان هیچ بەندێكی تێدا نییە سەبارەت بە كێشەی نەتەوەیی لە ناوچەكەدا بەگشتی و كێشەی كوردی سووریا بەتایبەتی**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر ستیڤن زونێس بۆ گوڵان:

# ڕووسیا تەحەددی جددییە بۆ سیستمە جیهانییەکە

ستیڤن زونێس پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پڕۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك: پرسی ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانگەرایی. دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پەیوەست بوون بە بارودۆخ و پەرەسەندنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** باس لەوە دەکرێت کە ڕووسیا بە هەڵگیرساندن و بەردەوامیدان بەم شەڕە لە دژی ئۆکرانیا، نەك تەنیا بووەتە هۆی وێرانکردن و کاولکردنی ئەو وڵاتە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی لەقکردنی پایەکانی سیستمە نێودەوڵەتییەکە، ئەو سیستمەی کە دەوترێت لەسەر بنەمای بەها و ڕێساکان بنیاد نراوە، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم بارەیەوە و ئایا دەتوانین بڵێین ئەمە گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەگەر مەبەست لەوە بێت کە نابێت وڵاتان پەنا ببەنە بەر بەکارهێنانی هێز بۆ داگیرکردنی خاکی وڵاتی دیکە و دواتر بیکەنە بەشێك لە خاکی خۆیان، ئەوا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە تەنیا ڕووسیا ئەم کارەی نەکردووە، ئەوەتا ئیسرائیل و مەغریبیش هەمان کاریان کردووە و، خاکیان داگیر کردووە و کردویانە بەشێك لە خاکی وڵاتی خۆیان، کە ئەم داگیرکارییانەش سەرزەنشت و سەرکۆنە کراون لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. من هیوادارم ئەم خەم و نیگەرانییە کە گوزارشتی لێ دەکرێت و دەردەبردرێت لە بارەی پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و پێشێلکاریی ژیان و مافی کەسانی مەدەنی بۆ هەمووان بێت، مەبەستم ئەوەیە خەمەکە بۆ هەمووان و بۆ تێکڕای بارودۆخە مرۆییەکان بێت و تەنیا پەیوەست نەبێت بە خەڵکە لێقەوماوەکانی وڵاتی ئۆکرانیاوە. ئەوەی ڕووسیا کردوویەتی لەم ڕووەوە کارێکی بێ پێشینە نییە. چونکە دەکرێت لەم ڕووەوە باس لە داگیرکردنی وڵاتی کوەیت بکەین لەلایەن عێراقەوە کە عێراق ڕایگەیاند کە بووەتە بەشێك لە خاکی وڵاتەکەی، هەروەها داگیرکردن و دەستبەرداگرتنی تەیموری ڕۆژهەڵات لەلایەن ئەندەنووسیاوە، بەڵام توانرا باری داگیرکارییەکە پێچەوانەوە بکرێتەوە و ڕاست بکرێتەوە -لە حاڵەتی عێراق و ئەندەنوسیادا - ئەگەرچی هێشتا داگیرکاری مەغریب و ئیسرائیل بەردەوامە. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەمەی ڕووسیا کردوویەتی بێ پێشینە نییە، بەڵام ئەوەی کە بووەتە هۆی ئەوەی دۆخەکە مەترسیدار و جددیتر بێت، ئەوەیە کە ئەم کارە (داگیرکاری و دەستبەسەرداگرتنی خاك) لەلایەن ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەنجام دراوە، کە ئاشکرایە کاراکتەرێکی نێودەوڵەتیی گەورەیە، کە ئەم داگیرکارییەش لە ئەورووپادا ڕوودەدات.

*** کەواتە هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم شەڕە بووەتە تەحەددی و دژوارییەك بۆ سیستمی نێودەوڵەتی کە بە سیستمی لیبراڵی ناسێنراوە. ئایا پێت وایە ئەمە بزمارێکی دیکەیە کە لە تابوونی ئەم سیستمە دراوە؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە بووەتە تەحەددییەکی جددی بۆ ئەم سیستمە، بەڵام هەواڵە باش و خۆشەکە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە کاردانەوە و پەرچەکرداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئاراستەی ئیدانەکردن و سەرزەنشتکردنی پێشلێکارییەکانی ڕووسیا بەرفراوان بووە، واتە نارەزایەتی و سەرکۆنەکردنەکە بەرفراوانتر بووە بە بەراورد بە حاڵەت و کەیسەکانی دیکە کە ئاماژەم پێ کردن. بەڵام من پێی ناڵێم بزمارێك لە تابووتەکە - هەروەك ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە-، بەڵام پێم وایە ئەمە پاشەکشە و شکستێکە تووشی ئەم سیستمە بووەتەوە. چونکە ئەم شەڕە ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێت کە هێشتا ئامانج و بناغە و بەهاکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدی نەهاتووە و بەرجەستە نەبوون. سەرباری هەموو ئەوانەش، واتە سەرەڕای ئەوەی کە هێزێکی گەورە و جیهانی وەك ڕووسیا بووەتە تەحەددی بۆ ئەم سیستمە و پێشێلی دەکات، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە جارِی مەرگی ئەم سیستمە بدەین و بڵێین کۆتایی هاتووە. چونکە هێشتا ئەم سیستمە لە ئارادا ماوە و هێشتا شایستەی ئەوەیە کە بەرگری و پارێزگاری لێ بکرێت.

*** ئاشکرایە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاردانەوە و پەرچەکردارەکانیان لە ئاست شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا تەنیا کورت نەبووەتەوە لە هاوکاریکاریکردنی سەربازی و دارایی وڵاتی**

**پەرچەکرداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئاراستەی ئیدانەکردن و سەرزەنشتکردنی پێشلێکارییەکانی ڕووسیا بەرفراوان بووە**

**هێشتا ئامانج و بناغە و بەهاکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدی نەهاتووە و بەرجەستە نەبوون**

**پەنابردنەبەر ئێران و کۆریای باکوور بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری و کەرەستەی سەربازی و جەنگی، خۆی لە خۆیدا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ڕووسیا لە بارێکی باشدا نییە**

**ئەم شەڕە بووە هۆی ئەوەی ئۆكرانییەكانیش لێك نزیك ببنەوە، كە لە پێش شەڕەكەدا دابەشبوونی سیاسی و هەرێمایەتی لەو وڵاتەدا هەبوو**

**هەندێ لەو هاوسۆزییەی لە نێو هەندێ لە خەڵكی ئۆكرانیا هەبوو، لە ئاست ڕووسیادا لە ئێستادا لە ئارادا نەماوە و زیاتر خۆیان بە ئەوروپی دەزانن**

**ئۆكرانیا، بەڵكو لە هەمان كاتدا چەندین سزای سەختی ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێناچێت ئەم سزایانە ڕووسیایان ناچار كردبێت كە پێداچوونە بە بڕیار و سیاسەتەكەیدا بكات لەبارەی شەڕەكەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە هەڵسەنگاندن بۆ كاریگەری و كارایی ئەم سزا و ڕێكارانە بكەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت باس لە هەندێ ئاماژە بكەین لەم ڕووەوە، بۆ نموونە پەنابردنەبەر ئێران و كۆریای باكوور بۆ بەدەستهێنانی هاوكاری و كەرەستەی سەربازی و جەنگی، خۆی لە خۆیدا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە كە ڕووسیا لە بارێكی باشدا نییە. هەروەها ڕووسیا سەركەوتوو نەبووە لە بەدیهێنانی ئامانجەكەیدا كە داگیركردنی وڵاتی ئۆكرانیا بوو. مەبەستم ئەوەیە هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن كە كاردانەوە نێودەوڵەتییەكان و سزا سەپێندراوەكان بەرانبەر ڕووسیا هەندێ كاریگەریی بەرچاویان هەبووە. بەڵام نابێت ئەوە لە یاد بكەین كە ڕووسیا وڵاتێكی گەورەی پیشەسازییە و توانیویەتی تا ئاستێكی باشتر خودبژێوی بەدەست بهێنێت، بەراورد بە هەندێ لەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی ئەم جۆرە سزایانە بوونەتەوە. كەواتە جێی سەرسامی و سەرسوڕمان نییە كە سزاكان بە تەنیا نەبوونەتە هۆی ئەوەی ئەم شەڕی داگیركاری و دەستدرێژكارییە ڕابگرن، بەڵام بە دڵنیاییەوە كاریگەرییان هەبووە.

*** دیوێكی دیكەی ئەم شەڕە پرسی وزە و ئاسایشی وزەیە، بەتایبەتی كە ئەمە بووەتە پرس و بابەتێكی ژیاری و هەستیار بۆ وڵاتانی ئەوروپا، لەم ڕوانگەیەوە كە بە ڕادەیەكی بەرچاو پێویستیان بە هاوردەكردنی وزە هەیە لە ڕووسیاوە، هەروەها حیساباتی سەربازی و پرسی بەهێزكردنی توانای بەرگری، كەواتە ئایا پێت وایە ئەم شەڕە تا چەند حیساباتی ئاسایشی وزە و حیساباتی سەربازیی ئەوروپا دەگۆڕێت؟ ئایا ئەمە چ دەرئەنجامێكی لێ دەكەوێتەوە لەسەر ئایندەی ئەو وڵاتانە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین كە بە دڵنیاییەوە ئەم شەڕە ناتۆی بەهێز كردووە، چونكە سەركردە هەبوو كە پێی وابوو پێویستە ناتۆ هەڵبوەشێندرێتەوە، هەروەك چۆن لە ساڵی ١٩٩١ پەیماننامەی وارشۆ هەڵوەشێندرایەوە، بەڵام ئێستا چیتر خەڵكی باسی ئەم پرسە ناكەن و بگرە پێیان وایە، بوون و مانەوە و بەهێزكردنی ناتۆ لە هەموو كاتێك زیاتر گرنگ و پێویستە. هەروەها ئێستا زیادبوونی خەرجی سەربازی بەدی دەكەین لە وڵاتانی ئەوروپادا، كە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەم خەرجییانە لە داكشاندا بوون. هەروەها ئێستا هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا لێك نزیك دەبنەوە، دوای ئەوە لە زۆر پرس و بابەتدا ناكۆك بوون لەگەڵ یەكتردا. هەروەها ئەم شەڕە بووە هۆی ئەوەی ئۆكرانییەكانیش لێك نزیك ببنەوە، كە لە پێش شەڕەكەدا دابەشبوونی سیاسی و هەرێمایەتی لەو وڵاتەدا هەبوو و باس لە پرسی گەندەڵی و ...هتد دەكرا، هەروەها هەندێ لەو هاوسۆزییەی لە نێو هەندێ لە خەڵكی ئۆكرانیا هەبوو، لە ئاست ڕووسیادا لە ئێستادا لە ئارادا نەماوە و زیاتر خۆیان بە ئەوروپی دەزانن، ئەمەش بووەتە هۆی تۆكمەكردنی شوناس و ناسنامەی ئەوروپی.

*** دوا پرسیارمان پەیوەستە بە كاریگەری و ئاكامەكانی ئەم شەڕەوە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێوە چ خوێندنەوە و شرۆڤەكاریكەتان بۆ ئەم پرسە هەیە؟**

- ئاشكرایە كە كاریگەریی هەرە ڕاستەخۆی ئەم شەڕە لەسەر ئاسایشی خۆراك بووە، بەتایبەتی وڵاتە هەژارەكانی وەك سوودان و وڵاتانی دیكە كە پشت بە هاوردەكردنی گەنم و خۆراكەكانی دیكە دەبەستن لەو وڵاتانەی كەوتوونەتە ژێر كاریگەریی شەڕەكەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسە جیۆپۆلەتیكییەكەوە، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە بڕیارێكی گرنگ بكەین كە لە ماوەی ڕابردوودا لەلایەن سعودیە درا دەربارەی نرخی نەوت، ئەویش دوای ئەوەی سەرۆك بایدن سەركێشی سیاسی كرد و سەردانی سعودیەی كرد، كە لە سیاقی شەڕەكەدا ئەم بڕیارە بووە هۆی زیادبوونی پشتیوانكارانی نێو كۆماری و دیموكراتەكان بۆ كۆتاییهێنان بە پەیوەندیی ستراتیژی لەگەڵ سعودیە و ڕاگرتنی چەكفرۆشتن بەو وڵاتە.

دیمانەی تایبەت



## پرۆفیسۆر یانیس ستیڤاچتیس بۆ گوڵان:

# ڕۆژئاوا باشتر دەیتوانی شەڕی ڕووسیا بکات ئەگەر سزای بەسەردا نەسەپاندایە

یانیس ستیڤاچتیس پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تەقەنیی ڤێرجینیا، لە هەمان کاتدا سەرۆکی بەش و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك ستراتیژیەتی یەکێتیی ئەورووپا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتە ناوخۆییەکان، سیستمی جیهانی و نێودەوڵەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا پرسی ئەوەی لەگەڵدا ورووژاند کە بۆچی ڕووسیا تا ئێستا توانیویەتی درێژە بە شەڕەکە بدات و، بۆچی سەرباری درێژەکێشان و خەسارەتە سەربازییەکانی، هێشتا لە چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ درێژەدان بە شەڕەکە بەردەوامە، ئەمانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** چۆن لە بارودۆخی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن و بۆچی پێتان وایە سەرەڕای ئەو هەموو سزایانەی بەسەر ڕووسیادا سەپێنراون و سەرباری ئەو هەموو خەسارەت و زیانە سەربازییانەی لە سوپای ئەو وڵاتە کەوتوون، هێشتا ڕووسیا ناچار نەبووە دەست لە شەڕەکە هەڵبگرێت، بەڵکو زیاتر هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە و توندتر هێرش دەکات؟**

- من پێم وابووە کە ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەتایبەتی، لێکدانەوە و خوێندنەوەی هەڵەیان هەبووە بۆ توانای ڕووسیا، لەم ڕووەوە ئێمە نابێت لێدوانی بەرپرسێکی گەورە و خاوەن سەنگ و قورسایی وەك سیناتۆری کۆچکردوو (جۆن مەککەین)مان لە یاد بچێت، کە ئاماژەی بەوە دەکرد، ڕووسیا تەنیا وێستگەیەکی وزەیە و ڕووپۆش و دەمامکی دەوڵەتی پۆشیوە، بەڵام کێشەی ئەم لێدوانانە ئەوەیە کە ئەوە لەبەرچاو ناگرێت کە ئەو دەوڵەتانەشی کە پایە و توخمەکانی دەوڵەتبوونیشیان تێدایە، پێویستییان بە وزە و بە هاوردەکردنی وزە هەیە، کەواتە تێڕوانین و بۆچوونی من ئەوەیە (من ئەمەم وەك ڕەخنەیەکیش دەربڕیوە) کە ئێمە بە هەڵە لێکدانەوەمان بۆ تواناکانی ڕووسیا کردووە، بۆ نموونە کاتێك تۆ تەنیا لە ڕوانگەی بوونی نەوتەوە — و توانای هەناردەکردنی نەوت و وزەوە- لە ڕووسیا دەڕوانیت، ئەوا تۆ ئەو ڕاستییەت فەرامۆش کردووە، کە ئەم وڵاتە توانایەکی گەورەی لە بواری کشتوکاڵیدا هەیە، هەروەها هەناردەکارێکی سەرەکیی گەنمە، پەیین بە هەمان شێوە، کە سەپاندنی سزا بەسەر ڕووسیادا کاریگەریی هەیە تەنانەت لەسەر کێڵگە و جووتیارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش. لێرەوە من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەم ڕاستییانەیان لەبەرچاو بگرتایە، ئەوا ستراتیژیەتێکی دیکەیان دەگرتەبەر، مەبەستم ئەوەیە کە دەیانتوانی باشتر و کاریگەرتر شەڕ لەگەڵ ڕووسیادا بکەن، ئەگەر سزایان بەسەردا نەسەپاندایە، چونکە بە بێ سەپاندنی سزاکانی ڕووسیا تووشی کێشەی زیاتر دەبووەوە، پوختەی قسەکە ئەوەیە کە سزاکان داهاتێکی زیاتریان بۆ ڕووسیا دەستەبەر کردووە، کاتێکیش داهاتی زیاتر بێت، ئەوا دەتوانێت ژمارەی سەربازەکانی سوپاکەی زیاتر بکات، چونکە لە بیرمان نەچێت لە ساڵی ٢٠١٩ سەرۆك ڤلادمیر پوتین واژووی لەسەر زیادکردنی ژمارەی سوپای ڕووسیا کرد، بەڵام لەو کاتەدا لەبەر نالەباریی هەلومەرج و بارودۆخە دارایی و ئابوورییەکەی نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەوەتا بە سایەی سزاکانەوە ڕووسیا داهاتێکی زیاتر بەدەست دەهێنێت و ئەم پلانەشی بۆ دەچێتەسەر (مەبەستم زیاتر ژمارەی سەربازانی سوپایە). کەواتە دەتوانین لە دەرئەنجامدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوەی ڕۆژئاوا بەگشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدیاریکراوی پیادە و پەیڕەویان کرد، ستراتیژیەتێکی هەڵە و چەوت بوو، هەرچەندە ڕەنگە لەم ڕووەوە بگوترێت کە ڕەنگە لە ماوەی دوو بۆ سێ ساڵی داهاتوودا ئابووریی ڕووسیا ڕووبەڕووی کێشە و دژواری ببێتەوە، بەڵام ئایا تا ئەو کاتە ئۆکرانیا چی بەسەر دێت؟ تا ئەو کاتە تا چەند هاوکاری و پاڵپشتییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئۆکرانیا بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشن؟

*** بە هۆی ئەوەی وزە بووە بە چەکێك لەم شەڕەدا و وڵاتانی ئەوروپا بە ڕادەیەکی گەورە پشتیان بە هاوردەکردنی وزەی ڕووسیا دەبەست، ڕووسیاش ویستی ئەم دۆخە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت، ئەوا وڵاتانی ئەوروپا لە هەوڵدان بۆ ئەوەی سەرچاوەی بەدیل بۆ وزەی ڕووسیا بدۆزنەوە و چیتر لە بارێکدا نەبن کە بکەونە ژێر گوشاری ڕووسیاوە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا نابێت ئێمە ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکەین کە بیرۆکەی سەربەخۆبوونی وڵاتانی ئەوروپا لە پشتبەستن بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیا ماوەی پتر لە ١٥ ساڵە لە ئارادایە کە ستراتیژیەتێکی لەم چەشنە بگرنەبەر و ئەمەش ڕووی نەدا، ئێستاش کە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بوونەتەوە، ئەوا

**نابێت لێدوانی بەرپرسێکی گەورە و خاوەن سەنگ و قورسایی وەک سیناتۆری کۆچکردوو (جۆن مەککەین) مان لە یاد بچێت، کە ئاماژەی بەوە دەکرد، ڕووسیا تەنیا وێستگەیەکی وزەیە و ڕووپۆش و دەمامکی دەوڵەتی پۆشیوە**

**سەپاندنی سزا بەسەر ڕووسیادا کاریگەریی هەیە تەنانەت لەسەر کێڵگە و جووتیارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش**

**سزاکان داهاتێکی زیاتریان بۆ ڕووسیا دەستەبەر کردووە، کاتێکیش داهاتی زیاتر بێت، ئەوا دەتوانێت ژمارەی سەربازەکانی سوپاکەی زیاتر بکات**

دیار نییە هەنگاوەکانی داهاتوویان چی دەبێت و تەنانەت تا حاڵی حازر هیچ پلانێکی کۆنکرێتییان نییە کە ڕای گشتیی وڵاتەکانیانی پێ ڕازی بکەن، جگە لەوەی کە داوا لە هاووڵاتییەکانیان دەکەن کە کارەبای کەمتر بەکار بهێنن و کەمتر خۆیان بشۆن. کەواتە دەتوانین بڵێین کە بۆ ماوەی ١٥ بۆ ٢٠ ساڵە وڵاتانی ئەوروپا ئەم پرسە دەورووژێنن و ئاماژەی پێ دەکەن و دەخەینە بەر باس و خواس و ئەوە دەخەنەڕوو کە پێویستە سەربەخۆیی بەدەست بهێنن لە ڕووی ئەوەی چیتر پشت بە نەوت و غازی ڕووسیا نەبەستن، بەڵام بە بێ ئەوەی هیچ شتێکی لە بارەوە ئەنجام بدەن و هیچ هەنگاوێکی لەپێناودا هەڵبگرن، خۆ ئەگەر بە دیاریکراوی باسی هەوڵەکانی وڵاتانی ئەوروپا بکەین بەم ئاراستە و ئاقارەدا، ئەوا من پێم وایە کاتەکە زۆر درەنگە، پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە هەر ستراتیژیەتێك کە گیرابێتەبەر و پیادە کرابێت لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ ئەم مەبەستە (خۆدابڕین و دوورکەوتنەوە لە پشتبەستن بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیا) تا ئێستا ستراتیژیەتێکی ناکارا و بێ کاریگەر بووە، دواتر نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە دەبێت هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی ئەم پرسەدا بخوێنینەوە کە ئەوروپا تێڕوانینێکی دیاریکراوی هەیە بۆ خۆی و دەرەوەی کیشوەرەکەی، ئەوەتا هێشتا ئەوروپا غروور و لووتبەرزییەکی کۆڵۆنیاڵی تێدایە، وەك ئەوەی لەم دواییانەدا بەرپرسێکی باڵای ئەوروپا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوروپا باخچەیەکە و دەرەوەی ئەم باخچەیەش جەنگەڵستانە.

*** پرسێکی دیکەی ئەم شەڕە کە پەیوەستە بە هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان ڕووسیا و ئێرانەوە، یان وردتر بڵێین دابینکردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانە لەلایەن ئێرانەوە بۆ ڕووسیا و دواتر بەکارهێنانی لەلایەن ڕووسیاوە بۆ لێدانی ژێرخانی وڵاتی ئۆکرانیا، ئێوە چۆن ئەم پرسە تاوتوێ دەکەن؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە هاوکاریی سەربازیی نێوان ڕووسیا و ئێرانەوە هەبێت، ئەوا پرسی ئەوە دەورووژێندرێت کە ئایا ڕووسیا تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی بۆ ئێران دابین کردووە و ئێرانیش چەکی پێ دروست کردووە و دواتر دەستەبەری کردووەتەوە بۆ ڕووسیا؟ لە ڕاستیدا من ناتوانم ڕاست و دروستیی ئەم پرسە یەکلا بکەمەوە، واتە دەکرێت ئەمە ڕاست بێت و دەکرێت لێکدانەوە و شرۆڤەکارییەکی هەڵەش بێت، هەرچۆنێك بێت ئاشکرایە کە لەم ماوەی دواییدا ڕووسیا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئێرانی بۆ بە ئامانجگرتنی ژێرخانی وڵاتی ئۆکرانیا بەکارهێناوە، بەڵام ئێمە دەبێت لەم ڕووەوە لەو ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین کە ڕووسیا شەڕی ئیستینزاف لەگەڵ ئۆکرانیادا ئەنجام دەدات، واتە ڕووسیا دەیەوێت سەرچاوە و تواناکانی ئۆکرانیا کاول بکات و تێکی بشکێنێت، نابێت لەم ڕووەوە ئەوەمان لە یاد بچێت کە ڕووسیا خەمی دەستەبەرداگرتنی خاکی نییە، چونکە ئەمە بیرۆکە و پرسێك بوو کە لە جەنگی یەکەمی جیهاندا برەوی هەبوو و لە ئارادا بوو، واتە لەو سەروەختەدا سەرکەوتن بەند بوو بەوەی چەند پانتایی خاکی بەرانبەرەکەت داگیر کردووە، ئەم بیرۆکە و پرسەش لە هزری سەربازی ئەوروپادا ماوەتەوە، بەڵام دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنی خاك لەلایەن ڕووسیاوە ئەو گرنگییەی نییە، بەڵکو ئەوەی لەبەر چاو دەگیرێت، ئەوەیە کە ژمارەی سەربازەکانی وڵاتەکەی چەندە کە بوونەتە قوربانی و، ئایا سوپای دوژمنەکەشی چەند سەربازی لێ کوژراوە، واتە پێوەری سەرکەوتنی ڕووسیا ئەوەیە کە ئەگەر بتوانێت ژمارەیەکی زیاتری سەربازانی بەرانبەرەکەی بکوژێت و ئەگەر بتوانێت ژێرخانی زیاتری وڵاتی ئۆکرانیا وێران بکات، ئەوا خۆی بە براوە دەزانێت، بەڵام نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە ئۆکرانیاش هەمان ڕێچکەی بەرانبەر ڕووسیا پیادە کردووە، واتە پرد و بەنداوی کردووەتە ئامانج. کەواتە هەر دوولا ژێرخانی بنەڕەتیی یەکتریان کردووەتە ئامانج، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕووسیاوە، ئەمە پلان و ڕێچکەیەکی ستراتیژی و سیستماتیکە و ئامانج لێی پەکخستن و لە ناوبردنی تواناکانی ئۆکرانیایە.

**ساڵی ٢٠١٩ سەرۆک ڤلادمیر پوتین واژووی لەسەر زیادکردنی ژمارەی سوپای ڕووسیا کرد، بەڵام لەو کاتەدا لەبەر نالەباریی هەلومەرج و بارودۆخە دارایی و ئابوورییەکەی نەتوانرا جێبەجێ بکرێت**

**بیرۆکەی سەربەخۆبوونی وڵاتانی ئەوروپا لە پشتبەستن بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیا ماوەی پتر لە ١٥ ساڵە لە ئارادایە کە ستراتیژیەتێکی لەم چەشنە بگرنەبەر و ئەمەش ڕووی نەدا**

**هەر ستراتیژیەتێک کە گیرابێتەبەر و پیادە کرابێت لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ ئەم مەبەستە (خۆدابڕین و دوورکەوتنەوە لە پشتبەستن بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیا) تا ئێستا ستراتیژیەتێکی ناکارا و بێ کاریگەر بووە**



**مەلا ئەحمەد مەلا عەبدولعەزیز شێخ مەعرووف**
**پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی دینارتە بۆ گوڵان:**

# ئیسلام هەرگیز دژی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نییە

# نەمانهێشتووە هەوڵەکانی بەلارێدابردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ مەبەستی دونیایی و بە فیت و هاندانی دەرەکی بهێنرێتە ئەم ناوچەیە

**مەلا ئەحمەد مەلا عەبدولعەزیز شێخ مەعرووف پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی دینارتە، شارەزاییەکی باشی لە فقهی ئیسلامی و شەریعەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەیە، لەم دیدارەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە خواپەرستی و چاندنی تۆی تەبایی و پێکەوەژیان دەکات و، تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە ناو دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد. لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕۆڵێکی گەورەیان لە خواپەرستی و بەشداریکردن لە شۆڕشەکانی نەتەوەکەمان دژی زوڵم و چەوسانەوە هەبووە، با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریدا تاچەند ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ناوەڕۆکی قورئان و فەرموودەکان ئەم ئەرکەی لەسەر موسڵمانان فەرز کردووە؟**

- بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان. کورد میللەتێکی دیندار و خواپەرستە و زۆر بە باشی لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێ بێت) شارەزایی هەیە، ئەمەش لەسەر دەستی زانا و مامۆستایان و مەلاکانی کوردستان، کورد بە درێژایی مێژووی ئیسلام ڕۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەو پارێزگاریکردن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە. زۆریی ژمارەی مزگەوت، تەکیە، خانەقا و حوجرەکان و قوتابخانە ئایینییەکان بەڵگەی بەردەوامیی دینداری و موسڵمانێتی گەلی کوردە، مەلاکانی کوردستانیش ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی خەڵکی بۆ خواپەرستی هەبووە، هەروەکو چۆن ڕۆڵیان لە شۆڕش و ڕاپەرین و خەباتەکانی گەلەکەیان هەبووە و پاڵپشتییان لە هێزی پێشمەرگە و سەرکردەکانیان کردووە. ڕەنگە لە شۆڕشی ئەیلول پاڵپشتیی مەلاکان لە مەلا مستەفا بارزانی و کۆبوونەوەیان لە دەوری جوانترین بەڵگەی مێژووی نوێی گەلەکەمانە، جگە لەمەش ڕۆڵیان لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش هەبووە و بە هیچ شێوەیەك ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان بەکار نەهێناوە بۆ هێرشکردنە سەر نەتەوە و ئایینەکانی دیکە، لە هەموو ناوبژیوانی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەشدار بوون و ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە بۆ چارەسەرکردنی.

**مەلا مستەفا بارزانی خۆی بە یەکێک لە مەلاکانی کورد داناوە و بەرگرییان لە نەتەوەی کورد و خاک و نیشتمانەکەی کردووە**

*** باسی ڕۆڵی مامۆستا و مەلای کوردت کرد لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنی کیانی تەبایی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی، ئایا چۆن مەلای کورد توانیویەتی ئەم هزرە جوانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و مرۆڤایەتی لە ناوچەیەکی وا ئاڵۆزی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بپارێزێت؟**

- لە ناوچەکەمان لە دینارتە موسڵمان و کریستیان و جوو هەبووە و بە هیچ شێوەیەك کێشە و گرفت لەگەڵ ئەو ئایین و ئایینزایانە نەبووە، نەمانهێشتووە هەوڵەکانی بەلارێدابردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ مەبەستی دونیایی و بەرژەوەندی شەخسی و بە فیت و هاندانی دەرەکی بهێنرێتە ئەم ناوچەیە، مەلای کورد تەنیا بەشداریی ناخۆشی و خۆشییەکانی گەلەکەی نەکردووە، بەڵکو ڕۆڵی چاکسازی و ئاشتەوایی لە ناکۆکی و گرفتەکانیش هەبووە،

**لە شۆڕشی ئەیلوول پاڵپشتیی مەلاکان لە مەلا مستەفا بارزانی و کۆبوونەوەیان لە دەوری جوانترین بەڵگەی مێژووی نوێی گەلەکەمانە**

**لە ناوچەکەمان لە دینارتە موسڵمان و کریستیان و جوو هەبووە و بە هیچ شێوەیەک کێشە و گرفت لەگەڵ ئەو ئایین و ئایینزایانە نەبووە**

**لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێ بێت) جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە موسڵمان نابێت ئازاری هیچ مرۆڤێک بدات**

**شۆڕشی ڕەسەنی کوردی لە مزگەوتەکانەوە دەستی پێ کردووە و خۆشەویستی خاک و نیشتمانیش لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە**

بەشداری بۆنە ئایینییەکانی دیکەشی کردووە و وەکو برا مامەڵەی لەگەڵ کردوون. لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێبێت) جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە موسڵمان نابێت ئازاری هیچ مرۆڤێك بدات. خودای گەورە و میهرەبان دەفەموێت: «تَعاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوى وَلا تَعاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوانِ» خودای گەورەو میهرەبان لە ئایەتی (الحجرات) لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ».

*** لە چەند دیمانەیەکی گوڵاندا مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر جەختیان لەسەر گرنگیی مامۆستایانی ئایینی دەکردەوە لە ناو شۆڕشەکاندا، بگرە باسی ئەو ئیعتباراتەیان دەکرد کە سەرکردەکانی کورد بۆ مامۆستایانی ئایینی دەیانکرد، ئایا ئەم پەیوەندییە بەهێز و جوانە لە نێوان سەرکردەکانی کورد و مامۆستایانی ئایینی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ خێری هەموو مرۆڤایەتی هاتووە و زۆر جەختیش لەسەر گرنگیدان بە نەتەوە و خاك و نیشتمان کراوەتەوە، سەرکردەکانی کورد لە کۆندا زۆربەیان مەلا و مامۆستای ئایینی بوون، ئەوەتا سەیری شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و قازی محەمەد و شێخ مەحموود و مەلا مستەفا بارزانی و چەندین سەرکردەی دیکە بکەن، کە خەباتیان لە پێناو نەتەوەکەیان دژی داگیرکەر و زوڵم و چەوسانەوە کردووە، شۆڕشی ڕەسەنی کوردی لە مزگەوتەکانەوە دەستی پێ کردووە و خۆشەویستی خاك و نیشتمانیش لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە، مەلای جەزیری و مەلا ئەحمەدی خانی و سەدان شاعیر و نووسەری کورد و مەلا و مامۆستا و زاناو پیاوچاکی کورد پەروەردەی حوجرە و مزگەوت و تەکییە و خانەقا بوون و مێژووی کوردیان دەوڵەمەند کردووە، سەرکردەکانی کوردیش هەر پەروەردەی مزگەوت بوون، مەلا مستەفا بارزانی خۆی بە یەکێك لە مەلاکانی کورد داناوە و بەرگرییان لە نەتەوەی کورد و خاك و نیشتمانەکەی کردووە.

*** لە شۆڕشی ئەیلوول زانایانی ئیسلامی و مەلاکان لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی بوون، ئایا ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە شۆڕشی ئەیلوول چۆن بوو؟**

- زانا و مەلای کورد بە ڕۆح و بە گیان لەگەڵ میللەتەکەیان و سەرکردە مێژووییەکانیان بوون، لە شۆڕشی ئەیلوول مەلای کورد پاڵپشتی سەرکردەکەیان بوون کە مەلا مستەفا بارزانی بوو، ئەم سەرکردەیە پاڵپشتییەك و ڕۆڵێکی زۆری بە مامۆستایانی ئایینی دابوو. بە پێچەوانەی ئێستاوە مامۆستایانی ئایینی لەو سەردەمەدا ئیعتیباراتی خۆیان هەبوو، ئێستاش میللەتی ئێمە زۆرینەی موسڵمانە و دەبێت ئەو بایەخ و گرنگییەی بۆ بگەڕێتەوە، چونکە ئەمان ڕۆڵێکی گەورەیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئینتما و نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی هەیە، هەر وەکو چۆن لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی ژیانی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، هەرواش لە چارەسەرکردنی کێشە و ڕێگرتن لە فیتنە و دووبەرەکی توانایەکی بەرزیان هەیە و خەڵکی لە گوێبیستی گوتارەکانیانن. مەلا مستەفا بارزانی کە بەمەلاکان دەڵێت من یەکێکم لە ئێوەو پاڵپشتیدان دەکەن خۆ هەر بەقسە نەبووە، مەلا مستەفا بارزانی خۆی مەلا بوو، شارەزاییەکی زۆری لە کتێبە شەرعییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تەریقەتەکان هەبوو، یەکریزی و تەبایی دروست کردبوو، بۆیە شۆڕشەکەی سەرکەوتوو بوو، چونکە دوای فکری نامۆ و دوور لە دین و ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەکەوتبوو، دڵسۆزانە بۆماڵی دونیا نا، بۆ کورد و کوردستان خەباتی کرد، بۆیە مامۆستایانی ئایینی خۆیان بە خاوەنی دۆزی ڕەوای گەلەکەیان زانیوە.

*** ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی چییە بۆ ئەوەی ئەم دینە بۆ بیدعەی سیاسی و بەرژەوەندیی تایبەتی بەکار نەهێنرێت و لە ناو گەنجەکانماندا فکری نامۆ بڵاو نەکرێتەوە؟**

- بەداخەوە لەم سەردەمەدا بە هۆی حزبایەتی و هێنانی فکری نامۆ بە موسڵمانان و ئیسلامەتی و بوونی سۆشیال میدیا و فەزایەکی بێسەروبەر لە ڕژاندنی تۆوی کوفر و لەخشتەبردنی نەوەی

نوێ و گەنجەکانمان، مەترسییەکی گەورە لەسەر بیر و هزری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی دروست بووە. سەرەتا دەبێت مامۆستای ئایینی حەقبێژ بێت و حکومەت و سەرکردەکان پاڵپشتی لێ بکەن و گوێ لە داواکاری و پێشنیارەکانیان بگرن، هاوکات سنوورێك بۆ ئەو بێسەروبەرییەی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دابنرێت. کە بەداخەوە بووەتە جێگای تێکچوونی شیرازەی نەتەوە و ئایین و زیانی گەورە بەر پەروەردەی منداڵ و گەنج کەوتووە و ڕۆژانە لە سۆشیال میدیاوە فێری شەڕ و ناتەبایی و کوفر و ئیلحاد دەبن.

*** بەڵام زۆرجار مامۆستایانی ئایینی بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات هەندێکیان تووشی فکر و بیروبۆچوونی ئایینی نامۆ دەبنەوە و بۆ ئەم میللەتەی لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەوە، ئایا ئەمە چۆن ڕێگای لێ دەگیرێت؟**

- لە ناو هەموو توێژێکدا کەسانێکی لادەر هەیە، بەڵام با ئێمە چارەسەری کێشەکە بکەین، ماوەی چەند ساڵێکە یەکێتیی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوای دامەزراندنی زانکۆیەکی تایبەتمان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە، هەروەکو چۆن لە زۆر وڵاتی ناوچەکەدا هەیە، با بڕیارەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی جێبەجێ بکرێت و زانا و مامۆستای کورد وانە بڵێتەوە و پڕۆگرامێکی میانڕەو و ڕەسەن دابنرێت و چیتر ئەو هەموو مامۆستا و مەلایە نەچنە دەرەوەی وڵات.

*** دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان تا چەند لەگەڵ دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) دەگونجێت؟**

- قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان و دەقە شەرعییەکان هەرگیز دژی ئەوە نین مرۆڤ و نەتەوەکان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بن، ئەوەتا ئەو هەموو نەتەوە موسڵمانە خاوەنی چەندین دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن. گرفتەکە لەوەدایە ئێمە نەمانتوانیوە هاوشێوەی نەتەوەکانی تورك و فارس و عەرەب سوود لە ئایین وەربگرین، بەردەوام بە دوای فکر و هزری نامۆ بە میللەتەکەمان کەوتووین و هیچ سوودمان لێ وەرنەگرتووە. کاتێك ئایینی پیرۆزی ئیسلام فێری نیشتمانپەروەری و نەتەوەپارێزیمان دەکات کە بەها پیرۆزەکانی نیشتمان ڕێزی لێ بگرین، ئەمە سەرەتای ڕێگایە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەك کە سازش لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەکات، نەوەکو هەر حزبە و بەپێی بەرژەوەندیی خۆی زیان بە نەتەوە و سەربەخۆیی نیشتمان و بەها پیرۆزەکانی گەلەکەمان بگەیەنێت. ناکۆکی و ناتەبایی لەمەدا دروست دەبێت، ئەو هەموو حزبە هەر یەکەو خەڵکی بۆ خۆی ڕادەکێشێت، بەڵام ئەوەمان لەبیر کردووە خاك و نەتەوە و حکومەت مافی هەمووانە و دەبێت پارێزگاری لێ بکەین. ئەو ئیسلام نییە دژی سەربەخۆیی گەلی کوردستانە، بەڵکو ئەو ڕژێم و دەسەڵاتدارانە هێرشیان کردووەتە سەرمان بە ناوی ئیسلامەوە کە دینەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە. مێژووی کورد بۆ ئێمە و بۆ ئەو نەتەوانەی دەوروبەریشمان بە هەڵە نووسراوەتەوە، هەمووی لە پێناوی ئەوەدایە هەروەکو چۆن ئاشتیی کۆمەڵایەتیی ناو خەڵکیان تێك داوە، هەرواش دەیانەوێت هەموو جوانییەکانی کورد لە خشتە بەرن و گەنج ئالوودەی فکر و بە ئاراستەی دوور لە خۆشەویستیی خاك و نیشتمان بەرن. داواکارم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردە و ئەوقاف و لایەنە پیوەندیدارەکانی دیکە فریای گەنجەکانمان بکەون و چیتر ئەوەند گەنجەکانمان فێری دابونەریتی دوور لە کورد و ئایینەکەیان نەبەن. دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان گەنجەکانمان دامەزرێنێت و هاوکاریی پێکهاتنی خێزانیان بکەن و، شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکەن. تێکچوونی دابونەریتی گەنج و کۆچکردنیان لە ئەستۆی ئێمەی مامۆستایانی ئایینی و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، لە دوای پەروەردە ڕوو بکەنە دابینکردنی خواست و داواکارییە شەرعی و ڕەواکانی گەنجان، بەتایبەتی لە دۆزینەوەی هەلی کار و پاڵپشتییان بۆ پێکهێنانی خێزان، خۆشەویستیی خاك و نیشتمان لەلای گەنج لە پەروەردە و دابینکردنی هەلی کار و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییەوە دەست پێ دەکات.

**به هۆی حزبایەتی و هێنانی فکری نامۆ بە موسڵمانان و ئیسلامەتی و بوونی سۆشیال میدیا و فەزایەکی بێسەروبەر لە ڕژاندنی تۆوی کوفر و لەخشتەبردنی نەوەی نوێ و گەنجەکانمان، مەترسییەکی گەورە لەسەر بیر و هزری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی دروست بووە**

**با بڕیارەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی جێبەجێ بکرێت و زانا و مامۆستای کورد وانە بڵێتەوە و پڕۆگرامێکی میانڕەو و ڕەسەن دابنرێت و چیتر ئەو هەموو مامۆستا و مەلایە نەچنە دەرەوەی وڵات**

**کاتێک ئایینی پیرۆزی ئیسلام فێری نیشتمانپەروەری و نەتەوەپارێزیمان دەکات کە بەها پیرۆزەکانی نیشتمان ڕێزی لێ بگرین، ئەمە سەرەتای ڕێگایە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەک کە سازش لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەکات**



رزگار محەمەد

قائیمقامی قەزای مەخموور بۆ گوڵان:

# بە دووسایدکردنی ڕێگەی هەولێر – مەخموور پڕۆژەیەکی ستراتیژییە

قەزای مەخموور هەڵکەوتەیەکی گرنگی هەیە و پانتاییەکی بەرفراوانی خاکەکەی بۆ کشتوکاڵکردن شیاوە، بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو پڕۆژە و خزمەتگوزارییانەی بۆ ئەم قەزایە کراوە و ئەو کێشە و داواکارییانەی هەیانە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ڕزگار محەمەد قائیمقامی قەزای مەخموور ئەنجام دا.

*** قەزای مەخموور چەند ناحیە و گوند لەخۆی دەگرێت؟ ژمارەی دانیشتووانەکەی بەگشتی چەندە و ڕووبەرەکەی بەتایبەتی ڕووبەری کشتوکاڵی چەندە و خەڵکەکەی بە چ کار و کاسبییەك خەریکن؟**

- قەزای مەخموور پێکهاتووە لە سەنتەری قەزا و ناحیەکانی (گوێڕ و قەراج و کەندیناوە و مەلاقەرە) و ٢١٠ گوند، ئەگەرچی بە هۆی شەڕی داعش ٣٠ گوند کە لە هێڵی پێشەوەی شەڕدا بوون (کە هەندێکیان گوندی عەرەبن و هەندێکیشیان کوردن) ئێستا چۆڵ کراون، بەشی زۆری دانیشتووانی ئەو گوندە عەرەبەکان کە چۆڵیان کردووە، نزیکەی هەشت هەزار کەس دەبن کە ئێستا لە کەمپی دیبەگە دەژین. ژمارەی دانیشتووانی قەزای مەخموور زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسە و ڕووبەرەکەی یەك ملیۆن و ١٠٢ هەزار دۆنمە کە ٩١٣ هەزار دۆنمی بۆ چاندن و کاری کشتوکاڵی شیاوە و خەڵکەکەی بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و هەندێکیش بەکاری کوورەی گەچ و دەرهێنانی چەو و لم خەریکن، هەروەها هەندێك لە ناوچەکانی ئەم سنوورە کانزای ژێر زەوی و نەوت و چیمەنتۆیان هەیە. خەڵکیش هەیە فەرمانبەرە و لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانن. لە دوای بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەتایبەت لەپاش دەرچوونی بڕیاری دژەفڕینی ئاسمانیی هێڵی ٣٦ لەلایەن هاوپەیمانان، مەخموور کەوتە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و کەوتە ژێردەستی حکومەتی ناوەند، بەڵام لەدوای ڕزگاریی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی هەرێم هەموو دامودەزگاکانی بۆ قەزای مەخموور و ناحیەکانی گەڕاندەوە و ئێستاکەش ئیدارەیەکی هاوبەش لە نێوان ناوەند و هەرێم بۆ قەزا و ناحیەکان و سنوورەکە هەیە. چونکە مەخموور بە ناوچەیەکی کێشە لەسەر دانراوە و بەپێی ماددەی ١٤٠ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

*** لە ڕووی ڕێگاوبان و قیرتاوکردن تاچەند گرنگی بە سنوورەکە دراوە و پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییەکان لەم بوارەدا چین؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کابینەکانیدا بەتایبەت لەم کابینەیەدا گرنگترین و ستراتیژیترین پڕۆژەی ڕێگاوبانی بۆ مەخموور جێبەجێ کردووە، وەك بەدووسایدکردنی ڕێگای نێوان هەولێر – مەخموور و ئێستاکەش بەدووسایدکردنی ڕێگای ناحیەی گوێڕ – هەولێر لە ژێر ئەنجامدانە بە هاوبەشی لە نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند و زۆربەی گوندەکانی سنوورەکە ڕێگاوبانیان بۆ چاك کراوە، بە شێوەیەك کە تا ماوەی دوو ساڵ پێش ئێستا لە لایەن ئیدارەی نەینەواوە ئەو ڕێگایانەی بە چەوڕێژکردن دەکرد، بەڵام حکومەتی هەرێم هەموو ڕێگاکانی ئەو گوندانەی قیرتاو و دەبڵ درێسینگ کردووە، لەلایەکی دیکەوە لە سەنتەری قەزا و ناحیەکان بەشی زۆری ڕێگاکان و کۆڵانی گەڕەکەکان قیرتاو و کۆنکریت کراون، ئەگەرچی لە ڕێگاوبان تەنیا کێشەی ڕێگاوبانی گوندەکانی سنووری ناحیەی قراج ماوە کە نەتوانراوە دەستی ئاوەدانی بەپێی پێویست پێ بگات. هەر بۆیە لەسەر فەرمانی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئاراستەکردنی پارێزگار لە ساڵی ڕابردوو جێگری پارێزگاری هەولێر بۆ کاروباری هونەری لەگەڵ چوار بەڕێوەبەری گشتی لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری سەردانی ناحیەی قەراجیان کرد بۆ گرنگیدان بە خزمەتگوزاریی ناحیە و سنوورەکەی و لە نزیکەوە گوێیان لە داواکاریی خەڵکی سنووری ناحیەی قەراج گرت لە هەر دوو نەتەوەی کورد و عەرەب، کە بەشی هەرە زۆری داواکاریەکانیان پڕۆژەی ڕێگاوبان بوو، هەموو ئەو داواکارییانە کراونەتە پڕۆژە و دەرخستەیان بۆ کراوە و چاوەڕوانی جێبجەێکردنیان دەکەین.

*** وەك دەزانین پەروەردە و فێرکردن لایەنێکی زۆر گرنگی هەموو کۆمەڵگەیەکە لەو بوارەدا کەموکوڕیتان چییە و لە ساڵی ڕابردوو چەند بینایەی قوتابخانە درووست کراون، یان نۆژەن کراونەتەوە؟ ئایا میلاکات گرفتی هەیە؟**

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتیی پەروەدرەی مەخموور دامەزرا لە هەردوو بواری خوێندنی زمانی کوردی و عەرەبی، کە چەندین ساڵە لە خزمەتی هاووڵاتیانی ناوچەکەدایە و لە هەموو سنورەکە ١١٠ قوتابخانەی کوردی هەیە، کە میلاکیان ١٠٤٦ مامۆستای هەمیشەیی و ٣٩١

**بە هۆی شەڕی داعش ٣٠ گوند کە لە هێڵی پێشەوەی شەڕدا بوون (کە هەندێکیان گوندی عەرەبن و هەندێکیشیان کوردن) ئێستا چۆڵ کراون**

**ژمارەی دانیشتووانی قەزای مەخموور زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسە و ڕووبەرەکەی یەك ملیۆن و ١٠٢ هەزار دۆنمە کە ٩١٣ هەزار دۆنمی بۆ چاندن و کاری کشتوکاڵی شیاوە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کابینەکانیدا بەتایبەت لەم کابینەیەدا گرنگترین و ستراتیژیترین پرۆژەی ڕێگاوبانی بۆ مەخموور جێبەجێ کردووە**

**هەموو سنورەکە ١١٠ قوتابخانەی کوردی هەیە، کە میلاکیان ١٠٤٦ مامۆستای هەمیشەیی و ٣٩١ فەرمانبەر و ٣٣٠ مامۆستای وانەبێژ و ٨٣٥٤ قوتابین، بۆ خوێندنی عەرەبییش ٩١ قوتابخانە لە سنوورەکەدا هەیە**

**گرنگترین کار و پرۆژەی ناوچەکە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە، گەیاندنی هێڵی کارەبای ١٣٢ و ٣٣ کەی ڤی لە هەولێرەوە بۆ قەزای مەخموورە**

فەرمانبەر و ٣٣٠ مامۆستای وانەبێژ و ٨٣٥٤ قوتابیین، بۆ خوێندنی عەرەبییش ٩١ قوتابخانە لە سنوورەکەدا هەیە کە ٣٧٧ مامۆستا لەسەر پەروەردەی هەولێر کە برا عەرەبەکانن دامەزراون بۆ خزمەتکردنی ٧٧٩٢ قوتابیی سنوورەکە، بە هۆی شەڕی داعش چەندین گوند و پرۆژەکانیان زەرەر و زیانی زۆریان پێ گەیشت و لەوانە چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری بەتایبەت بینایەی قوتابخانە کە لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ لە ژێر جێبەجێکردندا بوون ڕاوەستان، بەڵام دوامان کردبوو ئەو بینایەی قوتابخانانەی تەواو نەکراون، بگەڕێندرێنەوە ناو پرۆسەی دەستپێکردنەوە و تەواوکردنیان کە ئەو قوتابخانانەش خۆیان لە هەشت بینایەی قوتابخانە دەگرێت، هەروەها چەندین قوتابخانە دروستکردن و نۆژەنکردنەوە کە لەلایەن نەینەواوە جێبەجێ دەکران، هەر بە هۆی شەڕی داعشەوە کارکردنیان تێدا ڕاوەستا، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩ لەو کاتەی کە میزانییە بۆ پەرەپێدانی نەینەوا دانرا دەست بەو پرۆژانە کرایەوە کە بەگشتی ٢٠ قوتابخانە دەبوون بە نۆژەنکردنەوە دروستکردن و پۆل زیادکردن بوو، ئەوە تەواو کران، لەلایەکی دیکەوە دروستکردنی قوتابخانەی ١٢ پۆلی بۆ سەنتەری قەزاکە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە بودجەی بۆ تەرخان کراوە، کە ئێستا لە قۆناغی تەندەریندان، چەندین قوتابخانەش لە سنووری ناحیەی گوێڕ دروست کراون و نۆژەن کراونەتەوە، لە ماوەی ڕابردوودا لە ناحیەی کەندیناوە دوو قوتابخانەی ٢٤ پۆلی و یەك قوتابخانەی ٦ پۆلی تەواوکران و خرانە سەر بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی مەخموور، بە شێوەیەکی گشتی لە چوار ساڵی ڕابردوو ٣٠ قوتابخانەی تازە لە سنووری قەزای مەخموور دروست کراون، چەندین قوتابخانەش نۆژەن و پۆلیان بۆ زیاد کراوە. هەموو ئەو پرۆژانە کە بەشێکی لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر بووە و بەشێکیش لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای نەینەوا بوون و هەیانە لەلایەن کۆمپانیاکانی نەوت کە لەو سنووره کار دەکەن جێبەجێ کراون.

*** کەرتی کارەبا لە قەزای مەخموور و سنوورەکە لە چ دۆخێکدایە؟ ئایا هیچ وێستگەیەکی وەبەرهێنانتان هەیە؟ ئایا هێڵی گواستنەوەی ١٣٢ و ٣٣ کەی ڤی بۆ گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا بەپێی پێویستە؟**

- سنووری قەزای مەخموور هیچ وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای نییە، ئەمەش یەکێ لە کێشەکانی قەزاکەیە، بەڵام حەوت وێستگەی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا لە سنوورەکە هەیە، کە سێ لە وێستگەکان لەو ساڵانەی دوایی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دامەزراون، کە وێستگەی کارەبای تەرجان لە ناحیەی گوێڕ و دووەمیان لە گوندی چل هەوێزە لە سنووری ناحیەی دیبەگە و سێیەمیان لە کەندیناوەیە، کێشەی سەرەکیی کارەبا لە سنووری مەخمووردا دەگەڕێتەوە بۆ گەیاندن و پێدانی کارەبا لە دوو لایەن و سەرچاوەوە کە لە لایەن هەرێم و مووسڵەوەیە کە ئەمەش وای کردووە کات و ماوە و جۆری کارەباکە بە دوو کات و دوو جۆر بێت، بۆ نموونە ناحیەی گوێڕ لە دوو سەرچاوە کارەبای بۆ دێت کە لە ٥٦ گوندی سنوورەکەیان ئەوە ٢٦ گوند و سەنتەری ناحیەکە لە وێستگەی حەمدانیەوە کارەبا وەردەگرن و گوندەکانی دیکەش کارەباکەیان لە هەولێرە بۆ دێت. هەروەها لە ناحیەی قەراج بەشێکیان لە هەولێر کارەبا وەردەگرن و حەوت گوندی سنوورەکە لە وێستگەی شەرگاتی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین کارەباکەیان بۆ دابین کراوە و شەش گوندی قەراج و چەند گوندێکی سەر بە سەنتەری قەزای مەخمووریش کارەباکەیان لە وێستگەی گەیارەیە کە ئەو هەمە جۆریی سەرچاوەی کارەبایە، بووەتە کێشەیەکی بەرچاو، بەتایبەتی لە کەمی و نزمیی ڤۆلتیە و کاتەکانی پێدانەوەی کارەبای نیشتمانییش جیاوازن، بەڵام گرنگترین کار و پرۆژەی ناوچەکە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە، گەیاندنی هێڵی کارەبای ١٣٢ و ٣٣ کەی ڤی لە هەولێرەوە بۆ قەزای مەخموور و ناحیەی قەراج و سنوورەکەش دوو داواکارییان هەبووە، یەکەمیان نۆژەنکردنەوەی وێستگەی کارەبای قەراج و بەهێزکردنی هێڵی کارەبای ٣٣ کەی ڤی کە کارەبا لە وێستگەی ئازادی لە هەولێر بۆ ئەو وێستگەی قەراج دەگوازێتەوە، کە ئێستا هەر دوو پرۆژەکە لەلایەن حکومەتی

هەرێمی کوردستانەوە لە ژێر جێبەجێکردندایە کە گوژمەی ئەو دوو پرۆژەیەش یەك ملیار و ٢٥٠ ملیۆن دینارە کە بە تەواوبوونی ئەو دوو پرۆژەیە کێشەیەکی زۆری بێ کارەبایی لە ناوچەکە چارەسەر دەبێت.

*** وەك دەزانین قەزا و سنووری مەخموور خاوەنی خاك و زەویی کشتوکاڵی زۆر بەپیت و بەرەکەتە، لەم رووەوە تاچەند گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دراوە؟ ئایا هیچ کارگە و ساردکەرەوە و پرۆژەی ئاودێری لەو سنوورە هەیە؟**

- خەڵکی ئەم سنوورە بەشی زۆریان بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری خەریکن، بۆ ئەو کارانەش لە هەموو شتێك پێویستتر ئاوە و بۆ ئەو مەبەستە پرۆژەیەکی ئاودێری هەیە کە لە ئاوی زێی گەورە لە قەزای خەباتەوە دێت، تا دەگاتە گوندی گامێش تەپە، بەڵام ئەو پرۆژەیە بە هۆی کۆنی و دابەزینی ئاستی ئاوەی زێیەکە وشك دەکات، هەر بۆیە ئەو سنوور و گوندانەی پێشتر سوودیان لێ وەردەگرت، ئێستا سوودی لێ وەرناگرن. بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی کەرتی چاندن و کشتوکاڵ لە ساڵانی رابردوو داوای پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاودێری کراوە کە لە زێی گەورە ئاو بۆ سنوورەکە بێنێت، کە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار دۆنم زەوی لەو پرۆژەیە سوودمەند دەبێت و لە کەناڵێکی ئەو پرۆژەیەدا دەتوانرێت پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەش دروست بکرێت، کە ناحیەی کەندیناوە و سنوورەکەی سوودی لێ وەردەگرن، هەروەها لە پەیوەندیداین لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە بەغدا کە ئەو پرۆژەی ئاودێرییە بخرێتە بەرنامەی ساڵی ٢٠٢٣، لە لایەکی دیکەوە پرۆژەیەکی زۆر گەورەی پەلەوەر لەو سنوورە هەیە و چەندین پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە سنوورەکە بەتایبەتی لە سنووری ناحیەی گوێڕ دامەزراوە، کە بەشی زۆری داواکارییەکانی شاری هەولێر دابین دەکەن.

*** تا چەند کێشە و گرفتی ئاوی خواردنەوەتان هەبووە، بەتایبەت لەو ساڵانەی تووشی وشکەساڵی هاتووین؟ ئایا پرۆژەی ستراتیژی بۆ ئاوی خواردنەوە لەو سنوورە هەیە؟**

- کێشەی سەرەکی و بەردەوامی سەنتەری قەزای مەخموور، پەیوەستە بە ئاوی شیاوی خواردنەوە، چونکە تەنیا یەك پرۆژەی ئاوی خواردنەوە لەو سنوورە هەیە، کە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی سوڵتان عەبدوڵلایە کە لە ساڵانی ٦٠ و ٧٠ دروست کراوە، ئەو پرۆژەیە جگە لەوەی هێڵی گواستنەوەکەی زۆر کۆن بووە و بڕی ئاوەکەشی بەشی دانیشتووانی قەزای مەخموور ناکات، چونکە سەنتەری قەزاکە ئێستا نزیکەی ٢٥ هەزار کەسی تێدا دەژی، هەر بۆ چارەسەری ئاوی خواردنەوە داوی چەند پرۆژەیەکمان کردبوو، یەکێك لەوانە لە ساقیە و ناوچەی گوندی کوشاف کە لە ژێر دەستی هەرێمی کوردستانە، بڕیار بوو پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەمان بۆ دروست بکرێت کە سوود لە ئاوی زێی گەورە وەردەگیرێت، بەڵام ئەو پرۆژەیە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، لە ساڵی رابردوو قەزای مەخموور بە هەوڵ و کاری هەموو لایەك کێشەی ئاوی خواردنەوەی نەما، ئەویش بە دانانی وێستگەیەکی ئاو و کۆگایەکی بەرفراوان و قەبارە شیاو لەسەر ئەو پرۆژەی کە لە سوڵتان عەبدوڵلا هەیە کە لە بودجەی ٢٠١٩ بڕی ٧٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کرا و پرۆژەی حاجی عەلی ئەویش کەوتە جێبەجێکردن کە لەو رێگاشەوە ئاوێکی باش و شیاوی خواردنەوە بۆ سەنتەری قەزا و چەند شوێنێکی دیکە دابین کرا، ئەگەرچی چەند شوێنێك بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی سەنتەری قەزاکەدا تۆڕی دابەشکردنی ئاوەکەی پێویستی بە نۆژنکردنەوە هەیە، کە لە بەرنامە و پلانی ئەمساڵدایە کاریان لەسەر بکرێت. بەڵام کێشەی ئاوی خواردنەوەمان لە سنووری قەزای گوێڕ بەتایبەتی چەند گوندێك دەمێنێت، چونکە ئەو گوندانە سوود لە ئاوی ژێر زەوی وەردەگرن و ئاوی بیرەکانیش لە بەر بوونی نەوت لە سنوورەکە بۆ خواردنەوە شیاو نییە.

لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای نەینەوا بە هاوبەشی زیاتر لە ١٦٠ ملیار دینار لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی قەزای مەخموور خەرج کراوە.

**لە ساڵانی رابردوو داوای پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاودێری کراوە کە لە زێی گەورە ئاو بۆ سنوورەکە بێنێت، کە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار دۆنم زەوی لەو پرۆژەیە سوودمەند دەبێت**

**چەندین پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە سنوورەکە بەتایبەتی لە سنووری ناحیەی گوێڕ دامەزراوە، کە بەشی زۆری داواکارییەکانی شاری هەولێر دابین دەکەن**

**کێشەی ئاوی خواردنەوەمان لە سنووری قەزای گوێڕ بەتایبەتی چەند گوندێك دەمێنێت، چونکە ئەو گوندانە سوود لە ئاوی ژێر زەوی وەردەگرن و ئاوی بیرەکانیش لە بەر بوونی نەوت لە سنوورەکە بۆ خواردنەوە شیاو نییە**



فیراس سدیق خالید
بۆ گوڵان:

# لە کوردستان ٩٨ پڕۆژەی قەڵەوکردنی گۆلک هەیە و پڕۆژەکانی بەخێوکردنی مانگای شیریش بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە

**لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێم بۆ فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و بووژاندنەوەی کەرتە ستراتیژی و گرنگەکان، بایەخ و گرنگییەکی بەرچاو بە بواری کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ دراوە. بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر ئەم پرسە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ فیراس سدیق خالید بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەنجام دا.**

*** خاڵی هەرە سەرەکی و گرنگی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدانە بۆ فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات، کە بێگومان گرنگترین سەرچاوەی داهات دوای پەترۆڵ کشتوکاڵە، کە لە زۆر وڵات بە پەترۆڵی سەوز ناوزەدی دەکەن، ئایا تاچەند ئەم بەرنامەیەی کابینەی نۆیەم لە کەرتی کشتوکاڵ بەگشتی و سامانی ئاژەڵ بەتایبەتی جێبەجێ کراوە؟ ئایا بەرنامەیەك دانراوە بۆ ئەوەی سامانی ئاژەڵ ببێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ کوردستان؟**

- ستراتیژ و بەرنامە و کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیتنەوەی سەرچاوەی داهات و فرەچەشنکردنی و دۆزینەوەی هەلی کارە، لە پاڵ ئەوەشدا گرنگییەکی زۆر و تایبەتی بە کەرتی کشتوکاڵ داوە، لە ناویشیدا سامانی ئاژەڵ بە هەردوو کەرتیەوە (کەرتی پەلەوەر و کەرتی ئاژەڵداری)، بەو ئامانج و ستراتیژیەی کابینەی نۆیەم هەیەتی، دەبێت جێبەجێ بکرێت، ئێمەش هاوتەریب لەگەڵیدا ئاسایش و سەلامەتیی خۆراك بۆ هاووڵاتیان دابین بکەین. ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەگەر باس لە وەبەرهێنان لە سامانی ئاژەڵ بەتایبەت لە کەرتی پەلەوەر بکەین، ئەوە پێشتر (١٥٣٥) پرۆژەی پەلەوەرمان هەبوو بەڵام ئێستا (١٨٤٣) پرۆژەیە، ئەوەش ئاماژەیە بەوەی کە پرۆژەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە، لە بەرهەمهێنانی مریشکیش لە هەرێمی کوردستان گەیشتووینەتە قۆناغی خۆبژێوی، کە ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە (١٤٧) هەزار تەن گۆشتی مریشك هەیە، بەڵام ئێستا دەتوانین ساڵانە لایەنی کەم (٢٤٠) هەزار تەن گۆشتی مریشك بەرهەم بهێنین، ئەمەش لە پێداویستیی بازاڕی ناوخۆی کوردستان زۆر زیاترە، بۆیە ئەو بەرهەمە ڕەوانەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکرێت، هەروەها لە بارەی بەرهەمی هێلکەشەوە (١١) پرۆژەی هێلکەی خواردنمان لە هەموو هەرێمی کوردستان هەبوو، ئێستا (٣٣) پرۆژەیە و پێشتر بڕی بەرهەمی هێلکە ڕۆژانە (٣) هەزار کارتون بوو، بەڵام ئێستا ڕۆژانە بەرهەمی هێلکە (١٤)هەزار کارتۆنە کە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە (٧) هەزار کارتۆن هێلکەی خواردن هەیە، هەر بۆیە نیوەی بەرهەمی هێلکەی خواردن لە ناوخۆ زیادە و ڕەوانەی ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکرێت. بۆیە بووژانەوەی ئەو کەرتە جگە لە دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و فرەچەشنکردنی داهات، هۆکاریشە بۆ دابینکردنی ئاسایش و سەلامەتیی خۆراك، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە کارکردن لە پرۆژەکان، یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کە هەر بووژانەوەیەك لە سامانی ئاژەڵیدا بووژانەوەیە لە کەرتەکانی دیکەی کشتوکاڵدا و دەبێتە هۆی بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی و زیادکردنی جووڵە لە کەرتی بازرگانی، گەشەکردنی بازنەیەك لە بەرهەمهێنان ئەوە کەرت و بازنەکانی دیکەش هاوتەریب لەگەڵیدا گەشەدەکەن و هەڵهێنەرەکانی هێلکە دەکەونەوە کار و پرۆژەکانی دایکانە دەکەونەوە کار، واتە لەو کەرتەدا هەموو بازنەکان کار لەوەی دیکە دەکات و بەرەوپێش دەچێت و گەشەی پێ دەدات، بە تەئکید لە کەرتی ئاژەڵداریش بەرەوپێشەوەچوون و گەشەکردنی زۆر دەبینرێت، هەر بۆ نموونە پرۆژەکانی قەڵەوکردنی گوێلك بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان (٩٨) پرۆژەی قەڵەوکردنی گوێلکمان هەیە و پرۆژەکانی بەخێوکردنی مانگای شیریش

**ستراتیژ و بەرنامە و کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیتنەوەی سەرچاوەی داهات و فرەچەشنکردنی و دۆزینەوەی هەلی کارە، لە پاڵ ئەوەشدا گرنگییەکی زۆر و تایبەتی بە کەرتی کشتوکاڵ داوە**

**پێشتر (١٥٣٥) پڕۆژەی پەلەوەرمان هەبوو بەڵام ئێستا (١٨٤٣) پڕۆژەیە، ئەوەش ئاماژەیە بەوەی کە پڕۆژەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە**

**ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە (١٤٧) هەزار تەن گۆشتی مریشك هەیە، بەڵام ئێستا دەتوانین ساڵانە لایەنی کەم (٢٤٠) هەزار تەن گۆشتی مریشك بەرهەم بهێنین**

**ئێستا ڕۆژانە بەرهەمی هێلکە (١٤)هەزار کارتۆنە کە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە (٧) هەزار کارتۆن هێلکەی خواردن هەیە، هەر بۆیە نیوەی بەرهەمی هێلکەی خواردن لە ناوخۆ زیادە و ڕەوانەی ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکرێت**

بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و، داواکاری و داخوازی لەسەر پڕۆژەی کەرتی ئاژەڵداری زۆر زیادی کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی لە هەردوو کەرتی سامانی ئاژەڵ چ کەرتی پەلەوەر بێت، یان کەرتی ئاژەڵداری، گەشەکردنێکی باش و بەرچاو دەبینرێت.

*** یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ بە هەر دوو کەرتی (چاندن و سامانی ئاژەڵ) ئەنجامدانی پڕۆژەی گەورەی وەبەرهێنانە لەم کەرتەدا، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سامانی پەلەوەر (مریشك و هێلکە) ئاستی وەبەرهێنان و پڕۆژە تا ڕادەیەك باشە، بەڵام لەسەر ئاستی سامانی ئاژەڵ (مەڕ و بزن و مانگا) کەمترە، ئایا بۆچی وەبەرهێنان لەم کەرتەدا لە ئاستێکی نزمدایە و نەتوانراوە وەك سامانی پەلەوەر پێداویستیی ناوخۆ پڕ بکەینەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەو کەرتەش کە کەرتی سامانی ئاژەڵییە بەرەوپێش چووە، بەڵام بە شێوەیەکە کە بەخێوکردنی ئاژەڵ زیاتر لە گوندەکانە، بەخێوکردنی ئاژەڵ لە هەموو کوردستان زۆرە، بەڵام چونکە بەسەر ئەو هەموو گوندانە دابەش بووە، بۆ نموونە جووتیارێك لە گوندێك ١٠٠ سەر مەڕی هەیە و جووتیارێکی دیکە ١٥٠ مەڕو ٤ چێڵی هەیە و یەکێکی دیکە ٢٠٠ سەر مەڕ و ٢٠ مانگای شیری هەیە، ئەو جووتیارانەش لە گوندەکانیان لە پاڵ پڕۆژە گەورەکانی سامانی ئاژەڵیدا وەبەرهێنان دەکەن، کە ئەوەش جیاوازیی لەگەڵ کەرتی پەلەوەر لەوەدایە کە لە کەرتی پەلەوەردا تەنیا لە پڕۆژەکاندا گۆشتی مریشك و هێلکە بەرهەم دێت، چونکە ئەو گۆشتی مریشك و هێلکەیەی لە گوندەکان بەرهەم دێت کەمە، بەڵام لە کەرتی ئاژەڵداریدا ئەوە گوندەکان و پڕۆژە گەورەکان کە ئێستا ژمارەیان کەمە، بەڵام ڕووبەر و ژمارە و قەبارەیان باش و گەورەیە و هاوبەشن لە پەرەپێدان و گەشەکردنی کەرتی سامانی ئاژەڵیدا، چ شیر و پێکهاتەکانی بێت، یان گۆشی گۆلك و مەڕو بزن بێت، وەك پێشتر ئاماژەم بە ژمارەی پڕۆژەکانی کەرتی ئاژەڵ دا، کە زۆر زیادی کردووە و گەشەکردنی ئەو کەرتەش پێویستی بە پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی هەیە و ژمارەی پڕۆژە گرنگ نییە، بەڵکو گەورەیی و زۆری و قەبارەی پڕۆژەکە گرنگە کە گەورە و ستراتیژی بێت، کە کاریگەریی زۆر لەسەر زیادبوون و گەشەی کەرتەکە دروست دەکات و هەرێمی کوردستانیش لە دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم هەنگاوی باشی بریوە و گەشەی زۆری کردووە، هەر بۆ نموونە لەم دواییانەدا پڕۆژەیەکی ئاژەڵ لە پارێزگای دهۆك دامەزراوە کە (٢٢)هەزار سەر گۆلك تێیدا بەخێو دەکرێت، پڕۆژەیەکی دیکە لە ناوچەی بارزانە لە باڵندە کە (٤٠٠) سەر مانگای شیر لەخۆ دەگرێت و بەرهەمەکانی لە بازاڕەکاندایە و بەرهەمی زۆر باشن، پڕۆژەی بزنی سانی لە هەڵەبجە یەکێکە لە پڕۆژە باشەکانی کەرتی سامانی ئاژەڵ و پڕۆژەی مرواری لە کەلار کە (٧٠٠) سەر مانگای شیری تێدا بەخێو دەکرێت و پڕۆژەیەکی دیکەی گاوداری لە پارێزگای هەولێرە کە (٦٥٠) سەر مانگای شیرە جێبەجێ دەکرێت، پڕۆژەی دیکەش بۆ بەخێوکردنی مانگای شیر لە دهۆك و سلێمانی هەن، جگە لەو پڕۆژانەی کەرتی ئاژەڵی کە ئێستا هەیە، ئەوە چەندین پڕۆژەی دیکە لە کەرتی سامانی ئاژەڵیدا لە بەرنامەدایە و دادەمەزرێن، بۆیە دەتوانین بڵێین کەرتی سامانی ئاژەڵیش شانبەشانی کەرتی سامانی پەلەوەر لە گەشەکردندایە، هاوتەریب لەگەڵ ئەو گەشەکردانەدا سامانی ئاژەڵ بە پیشەسازی دەکرێن و بەرهەمەکانیشیان زۆر باش و بەرچاوە و لە داهاتوودا دەبن بە براندی زۆر دیار و سەرکەوتوو.

*** بە پیشەسازیکردنی بەرهەمەکانی (سامانی ئاژەڵ) بناغەیەکی گرنگی ئابووریی زۆر وڵاتی پێشکەتووە، بەڵام ئەوەی لە کوردستان دەیبینین، بەشی هەرە زۆری هاووڵاتیان بەرهەمەکانی سامانی ئاژەڵی وەك (پەنیر و ماست و... هتد)ی وڵاتانی دراوسێی وەك تورکیا و ئێران هاوردە دەکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ بە پیشەسازیکردنی بەرهەمەکانی سامانی ئاژەڵ چ بەرنامەیەکی هەیە؟**

- پڕۆژە گەورەکان خۆیان کارگەیان هەیە و بەرهەم و پێکهاتەکانی سامانی ئاژەڵ، بەتایبەت پێکهاتەکانی شیر بەرهەم دەهێنن، بۆیە لەبەر چاوە کە کار و هەنگاو بۆ بەپیشەسازیکردن نراوە و وەزارەتی کشتوکاڵیش بۆ وەبەرهێنان لەو کەرتەدا بۆ وەبەرهێنەران کراوەیە، هەرچییەکی لەدەست بێت و پاڵپشتی بێت بۆ گەشەکردن و

بەپیشەسازیکردنی ئەو کەرتە، ئامادەیە بیکات، ئەگەرچی وەك دەزانین بە درێژایی مێژوو گوندەکان و برا جووتیارەکانمان ڕۆڵی باش و کاریگەریان لە بەرهەمێنان و دابینکردنی بەشێکی زۆری سامانی ئاژەڵ هەبووە و هەیە، بەتایبەتی لە بەرهەمهێنانی هەموو پێکهاتەکانی شیر و زۆربەی ئەو گۆشتە سوورەی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا دەفرۆشێت، کە ئەو مەڕو بزن و مانگا و گۆلکانەیە کە جووتیارەکان لە گوندەکانیان بەخێوی دەکەن، وەبەرهێنان و بەپیشەسازیکردن لە سامانی ئاژەڵ بەگشتی (چ کەرتی پەلەوەر بێت، یان کەرتی ئاژەڵ)، هاوتەریب لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ، پەیوەندی بە وەزارەتی پیشەسازییەوە هەیە، بۆ ئەوەش ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت ئاسانکاریمان کردووە، کە لە تەك کێڵگە و پڕۆژەکانی پەلەوەر و ئاژەڵداریدا کارگەی پیشەسازی دابمەزرێت، تاوەکو بتوانین ببینە خاوەنی بەرهەمی خۆماڵی و گەشەی پێ بدرێت، تا ئەو ئاستەی وەك ئەوەی لە پڕۆژەکانی پەلەوەردا دەیبینین کە چەند زیادی کردووە، ئاواش بەرهەمە پیشەسازییەکانی پەلەوەر و ئاژەڵ بەرهەم بێت و ساڵ لە دوای ساڵیش گەشە بکات، لە ئامانج و پلان و بەرنامەی کابینەی نۆیەمیشدا ئەوە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت و جەختیشی لەسەر کراوەتەوە، کە لەو کەرت و لایەنانەدا ببینە خاوەن داهات و بەرهەم و سەرچاوەی داهاتەکانیش زیاد بکات و هەمەچەشن بێت، بۆ ئەوەی تەنیا پشت بە نەوت نەبەستین.

*** دیارە بایەخنەدانی وەبەرهێنەران بە کەرتی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ و نەبوونی پڕۆژەی وەبەرهێنانی گەورە لەم بوارەدا هۆکاری خۆی هەیە، ئایا گرنگترینی ئەو لەمپەر و ئاستەنگانە چین کە وای کردووە کەمتر وەبەرهێنەران بیر لە پڕۆژەی وەبەرهێنانی گەورە لەم بوارەدا بکەنەوە؟**

- بە تەئکید گرنگییەکی زۆر بە وەبەرهێنەران لە کەرتی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ دراوە و کار و پشتگیریی پڕۆژەی گەورەش لە سامانی ئاژەڵی هەیە، وەك ئاماژەم پێ دا گرنگ نییە کە پڕۆژەی سامانی ئاژەڵی زۆر بێت و قەبارەکەی کەم و بچووك بێت، بەڵکو گرنگییەکە لەودایە کە پڕۆژەکان گەورە و ستراتیژی بن و کارگەی بەپێشەسازیکردنی لەگەڵدا بێت، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا زیاتر لەمپەر و ئاستەنگە لە بەردەم پڕۆژەکان و گەشەکردنیدا، ئەوە هاتنی بەرهەمەکانی سامانی ئاژەڵی هاوردەیە کە تێچووی بەرهەمەکانی سامانی ئاژەڵی لەو کاتەدا لای خۆمان زۆرە، پێشتریش بۆ ئەو کەرتە پلان و ستراتیژ نەبووە و بەرهەمەکانی سامانی ئاژەڵی ناوخۆ تا ئێستا بەپێی پێویست نەخراوەتەڕوو و نیشان نەدراوە، هەر بۆیە زۆر پێویستە ساڵانە پێشانگەی نیشاندانی بەرهەمی سامانی ئاژەڵ ( لەهەر دوو کەرت) لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، ئەگەرچی جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە لە ڕووی گرنگیدان و دامەزراندنی پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵی لە چوارچیوەی ئەو پلان و ستراتیژییەی کابینەی نۆیەم دایڕشتووە، کار و هەنگاوی باش نراوە و پڕۆژەی باش و گرنگ دامەزراوە.

*** لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەی کابینەی نۆیەم جەخت لەسەر هاوبەشیی (کەرتی تایبەت و گشتی) کراوە بۆ پڕۆژەی هاوبەش، ئایا لە بواری وەبەرهێنان لە سامانی ئاژەڵیدا بیر لەوە کراوەتەوە کە حکومەت بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت پڕۆژەی وەبەرهێنانی گەورە لەم بوارە دەست پێ بکات؟**

- تا ئێستا هیچ کار و پڕۆژەیەکی هاوبەش لە نێوان حکومەت و کەرتی گشتی نەکراوە و بۆی هەیە لە بواری چاندن و کشتوکاڵ هەبێت، هاوکات هیچ کارگەیەکی وەبەرهێنانی هاوبەشیش لە نێوان کەرتی گشتی و حکومەت نییە، لە هەموو وڵاتانیش بە پێشکەوتووەکانیشەوە، ئەو کەرتە زیاتر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە کاری تێدا دەکرێت، بەڵام ئەگەر کەرتی تایبەت داوا لە کەرتی حکومەت بە تایبەت لە وزارەتی کشتوکاڵ و لایەنی پەیوندیدار بکات کە بە هاوبەشی پڕۆژەی سامانی ئاژەڵ دابمەزرێنن، ئەوە بە دڵنیاییەوە حکومەت ئامادەیی دەبێت و بە جددییش بەرەو داواکارییەکە دەچێت، چونکە حکومەت خۆی بە خاوەنی وڵات دەزانێت و بەرپرسیارێتیی هەموو پێداویستییەکانی هاووڵاتیانی لەئەستۆ دەگرێت، بۆیە لەلایەك ئامانج و ستراتیژی زیادکردنی داهاتە و لەلایەکی دیکە دەیەوێت داهاتی وڵاتەکەی هەمەچەشن و زۆر بێت، وەك ئەوەی لە کابینەی نۆیەمدا پلان و ستراتیژی بۆ دانراوە.

**پڕۆژەیەکی ئاژەڵی لە پارێزگای دهۆک دامەزراوە کە (٢٢)هەزار سەر گۆلک تێیدا بەخێو دەکرێت**

**بە درێژایی مێژوو گوندەکان و برا جووتیارەکانمان ڕۆڵی باش و کاریگەریان لە بەرهەمێنان و دابینکردنی بەشێکی زۆری سامانی ئاژەڵ هەبووە و هەیە**

**ئەوەی لە ئێستادا زیاتر لەمپەر و ئاستەنگە لە بەردەم پڕۆژەکان و گەشەکردنیدا، ئەوە هاتنی بەرهەمەکانی سامانی ئاژەڵی هاوردەیە کە تێچووی بەرهەمەکانی سامانی ئاژەڵی لەو کاتەدا لای خۆمان زۆرە**

# هیچ ڕەفتارێکی توندوتیژی لە ئیسلامدا قابیلی قبووڵکردن نییە

**خوای گەورە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ستایشی ئەو کەسانە دەکات کە کە نەرمونیان و لێبووردە و بەخشندەن**

**خوای گەورە لەسەر کوشتنی پشیلەیەک ئافرەتێکی خواپەرست دەخاتە دۆزەخەوە، ئەی ئەگەر کەسێک مرۆڤێک بکوژێت، (چ پیاو بێت، یان ئافرەت) دەبێت سزای چی بێت؟**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینی بڵاوکردنەوەی ئاشتی و سەلامەتی و پێکەوەژیانە لەسەر زەوی، ئایینی لێبووردن و بەخشین و میهرەبانییە بەرانبەر بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، وەك ئاشکرایە وشەی ئیسلام لە سەلامەوە هاتووە، واتا ئاشتی و نەرمونیانی و پێکەوەژیان دوور لە توندوتیژی و غەدر و زوڵمکردن، لەبەر ئەوەیە کە دینەکەمان دینی ئیسلام دینی سەلامەتی و لێبووردەیی و پارێزراوییە. خوای گەورە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ستایشی ئەو کەسانە دەکات کە کە نەرمونیان و لێبووردە و بەخشندەن، لەم بارەیەوە دەفەرموێت: «وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ»

مەبەستی خوای گەورە ئەو کەسانەیە کە ڕقی خۆیان دەخۆنەوە کاتێك تووڕە دەکرێن و زوڵمیان لێ دەکرێت، لە کاتێکدا توانای تۆڵەسەندنەوەشیان هەیە، بەڵام ئەوان دان بە خۆیاندا دەگرن، خوای گەورە ئەو کەسانە بە چاکەکار ناودەبات و چاکەکارانی خۆش دەوێت.

ئەگەر سەیر بکەین لە پێغەمبەرەوە دروودی خوای لەسەر بێت، چەندین چیرۆك و بەسەرهات باس کراون، یەکێك لەوانە باس لە ژنێکی خواپەرستە کە پشیلەیەکی لە ژوورەوە زیندانی کرد و خواردن و خواردنەوەشی پێی نەدا، هەتا پشیلەکە گیانی دەرچوو، خوای گەورە لەسەر ئەو پشیلەیە ئافرەتەکە فڕێ دەداتە دۆزەخ.

لە کاتێکدا هەموو جۆرە باڵندە و ئاژەڵێك تەنیا بۆ خزمەتی مرۆڤ دروست کراون، ئەگەر لەو بابەتە ورد ببینەوە، دەبینین خوای گەورە لەسەر کوشتنی پشیلەیەك ئافرەتێکی خواپەرست دەخاتە دۆزەخەوە، ئەی ئەگەر کەسێك مرۆڤێك بکوژێت، (چ پیاو بێت، یان ئافرەت) دەبێت سزای چی بێت؟ پێغەمبەرمان ( د. خ) دەفەرموێت: «هەر حەفت تەبەقەی ئاسمان لەگەڵ زەوی تێك بدەی، لای خوا ئاساییترە لەوەی کەسێك بە ناحەق بکوژرێت»، لە حەدیسێکی دی دەفەرموێت: «ڕووخاندنی کەعبە ئاساییترە لای خوا، لە کوشتنی کەسێك بە ناحەق».

لە حەدیسێکی دی دەفەرموێت:«لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِم يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وأَنِّي رسُولُ اللَّهِ، إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: الثَّيِّب الزَّانِي، والنَّفْس بِالنَّفْسِ، والتَّارِكِ لِدِينِهِ الْمُفَارِقِ لِلْجَمَاعَةِ».

واتا خوێنڕشتنی موسڵمان دروست نییە کە شاهێدی لەسەر تاك و تەنهایی خوای گەورە دابێت و شاهێدی ئەوەی دابێت کە محەمەد نێردراوی خوایە، تەنیا لەم سێ حاڵەتە نەبێت، زیناکردنی کەسێکی خێزاندار (چ ژن بێت، چ پیاو)، کە بە یاسای ئیسلام و بوونی چوار شاهێد ڕەجم دەکرێن، هەروەها ئەگەر کەسێك کەسێکی دیکە بە ناحەق کوشت، لە بەرانبەردا دەکرێ بکوژرێتەوە، ئەو کەسەش



**د. سەید عەلی بەرزنجی**

**ئیمام و خەتیب لە مزگەوتی مەلا ساڵح لە مەخموور**

کە دوای ئەوەی خوای گەورە هیدایەتی دا، لە دین هەڵبگەڕێتەوە و کوفر بە ئایینەکەی بکات، ئەوا ئەو کەسەش بە حوکمی ئیسلام دەکوژرێتەوە.

لە شەریعەتی ئیسلامدا سزای بکوژ بەپێی جۆری کوشتنەکە دەبێت. بۆ نموونە قەتڵی عەمد هەیە، ئەوە تۆڵەسەندنەوەکەی قیساسە ئەگەر بەرانبەرەکەی عەفوی نەکات، قەتڵی هەڵە هەیە، کە بە دەستی ئەنقەست نەبووە، لەو حاڵەتەدا دروستە پارە بدرێت و کەسوکارەکەی بۆیان هەیە تاوەکو سەد حوشتر وەربگرن.

لەسەردەمی پێش پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) باپیرەی پێغەمبەر عەبدولمتەلیب گوتی: ئەگەر خوا دە کوڕم بداتێ، یەکیان دەکەمە قوربانی. خوای گەورە دە کوڕی پێی دا، ئەویش ناوی کوڕەکانی نووسی و تیروپشکی بۆ ناوەکان کرد و لە ئەنجامدا ناوی عەبدوڵڵای باوکی پێغەمبەر دەرچوو، بەڵام خەڵکەکە کۆبوونەوە و بە عەبدولموتەلیبیان گوت تۆ گەورە و ڕیش سپی ئێمەی ئەگەر تۆ ئەو کارە بکەی، دوور نییە لە داهاتوودا لەناو قەومەکەت ببێتە عادەت و خەڵك ئەگەر دە کوڕیان بوو، کوڕێك بکەنە قوربانی. گوتی: بەڵام ئەمن وەعدم داوە. خەڵکەکە پێشنیارییان کرد ناوی عەبدوڵڵا لەگەڵ دە وشتر بنووسرێت، ئەگەر عەبدوڵڵا دەرچوو دە حوشتری دیکەی بۆ زیاد دەکەن، هەتا گەیشتە سەد حوشتر ئینجا ناوی حوشترەکان دەرچوو، دەرەنجام لە بری عەبدوڵڵا سەد وشتر کرایە خێر، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێنی مرۆڤ لای خوای گەورە زۆر بە قیمەتە. «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنْثَى بِالأُنْثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ»

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ لە تۆڵەسەندنەوەی شەرعی ڕێگەپێدراو نییە تەنانەت لە تۆڵەکردنەوە زێدەڕۆیی تێدا بکرێت، بۆ نموونە کەسێك یەك چاوی کەسێك کورە دەکات، دروست نییە لە بەرانبەردا هەردوو چاوی کۆرە بکرێت، یان دەستێکی بڕاوە بۆی نییە ئەو هەردوو دەستی ببڕێتەوە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: «وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا». واتا کوشتنی بە دەستی ئەنقەست سزاکەی جەهەندەمە و تا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە و لێخۆشبوونی نییە، هەروەها خوای گەورە لێی تووڕە دەبێت و لەعنەتی لێ دەکات و سزایەکی توندی دەدات.

**پێغەمبەرمان ( د. خ) دەفەرموێت: «هەر حەفت تەبەقەی ئاسمان لەگەڵ زەوی تێک بدەی، لای خوا ئاساییترە لەوەی کەسێک بە ناحەق بکوژرێت»**

**لە تۆڵەسەندنەوەی شەرعی ڕێگەپێدراو نییە تەنانەت لە تۆڵەکردنەوە زێدەڕۆیی تێدا بکرێت، بۆ نموونە کەسێک یەک چاوی کەسێک کورە دەکات، دروست نییە لە بەرانبەردا هەردوو چاوی کۆرە بکرێت**

# پەروەردەی نەرێنیی تاک
# بە پاڵنەرێک لە پاڵنەرەکانی
# توندوتیژی و کوشتن دادەندرێت



کردە توندوتیژییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندایە، لە هەرێمی کوردستانیش ڕێژەی توندوتیژی زیادی کردووە، بە تایبەت لەناو خێزان و لەلایەن ئەندامانی خێزان توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەنجام دەدرێن، زۆرجاریش توندوتیژییەکان بە کوشتن کوتاییان دێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لەم دواییەدا تێبینیی ئەوە کراوە کە زۆربەی توندوتیژییەکان بەتایبەتیش لەناو خێزانەکاندا بە کۆشتن کۆتایی دێت، کە ڕەنگە ئەم حاڵەتانە پێشتریش هەبووبن، بەڵام بەم دواییە ڕووی لە هەڵکشان کردووە. واتە کوشتنی ئەندامانی خێزان لە ناو خێزانەکاندا خەریکە دەبێتە دیاردە». سەبارەت بە هۆکار و پاڵنەری سەرەکیشی گوتی: «هۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی تاك لە چوارچێوەی خێزان و دەرەوەی خێزان کە بەداخەوە دەتوانین بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیەی دابنێین». هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە «هۆشیاریی خێزانەکان لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان و پەیوەندی بە ژینگەی دەرەوەی خێزان و پچڕانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان خێزانەکان، بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە بەداخەوە ئەم تۆڕانە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی دەرەوەی خێزانەکانی بەهێز کردووە، بەڵام هەندێك جار بووەتە هۆکاری پچڕانی پەیوەندی نێوان خێزانەکان کە زەنگێکی زۆر مەترسیدارە و ئەنجامی مەترسیدار و نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە.

تاڤگە عومەر ڕای وایە «دۆخی ئابووری بە شێوەیەکی سەرەکی هۆکاری دوورخستنەوەی ئەندامانی خێزانە لە یەکتری لە ئێستادا، ئەگەر ڕۆژانێك بە تەنیا باوك سەرچاوەی پەیداکردنی بژێوی خێزان بوو، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی خێزان بە هۆی بارگرانیی ئابووری و سەختیی ژیانی ڕۆژانە سەرقاڵی کار و پەیداکردنی بژێوی خێزانن، ئەمەش وای کردووە بۆشاییەك و لێکترازانێك لە نێوان خێزانەکاندا دروست ببێت و، خۆشەویستی و میهرەبانی کەم ببێتەوە لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە ماندوبوونی بەردەوامیان هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی ئارامگرتن و پشوودرێژی لەسەر کێشەکان و لێك تێگەیشتن کە بێگومان زۆر جار کێشەیەکی بچووك ڕەنگە کێشە و تاوانی زۆر گەورەی لێ بکەوێتەوە». گوتیشی: «هەندێك لە ڕاگەیاندنەکان وەکو تیرۆرێکی هەمەڕەنگ دەکەن، کە بەداخەوە هیچی لە تیرۆری ڕەش(کە کوشتنی هاووڵاتیانی سڤیلە بەدەستی تیرۆریستان) و تیرۆری سپی (کە ماددەی هۆشبەرە) کەمتر نییە. دەچێتە هەمووماڵێك و بێ سانسۆر لە پشت ئەجندا سیاسییەکان بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەورووژێنن، بێ گوێدانە کاریگەرییان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە و لێکەوتە و زیانەکانی، زۆر کەم و بە دەگمەن دەزگایەکی ڕاگەیاندن ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی هەیە کە ڕێگر بێت لە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی زۆر پرۆگرام و بابەت کە تاکەکان تێیدا زەرەرمەندی یەکەم دەبن. لەگەڵ هەموو هەوڵەکانیش بۆ سنووردارکردنی چەك لەناو ماڵان و بەکارهێنانی چەکی بێ مۆڵەت، پێویستە هێشتا زیاتر هەوڵ بدرێت کە ئەم بابەتە کاری لەسەر بکرێت و هەڵمەتەکان بەردەوام بن، تاوەکو بوونی چەك بە یەکجاری لە ناو ماڵاندا قەدەغە بکرێت.

بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ» ئەوەشی بە پێویست زانی کە «هەموو مینبەرێك بۆ زیاتر قووڵکردنی بیری لێبوردەیی و یەکتر قبووڵکردن و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی لە نێوان تاکەکاندا بەکار بێت، نەك بە پێچەوانە، کە ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لەو پێناوەدا زۆر گرنگە و پێویستە هەوڵ بدەن ئەو چەمکانەی کە تاکەکان لە یەك نزیك دەکاتەوە، زیاتر بیگەڕێننەوە ناو خەڵك و بیر و هزری توندڕەوی بڕەوێننەوە و بە هەموو شێوەیەك دژی هۆکار و پاڵنەرەکانی توندوتیژی بن لە کۆمەڵگەدا».

نووسەر و ڕۆژنامەنووس عیسا بۆتانی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە دیاردەی توندوتیژی لە هەموو ڕۆژگار و سەردەم و نیشتمانێکدا هەیە، بەڵام جاری وایە بە وشککردنی سەرچاوەکانی گەشەکردن و سەردەرهێنانی؛ دوا دەخرێ و ڕێگری لە دەرکەوتنی دەکرێ. هەندێك ژینگە و بارودۆخ یارمەتیی کردنەوەی لغاوی هێز و ڕق و تووڕەیی دەدەن؛ ئەو هێز و کەفوکوڵ و هەڵچوونەی توندوتیژی لێ دروست دەبێت، هەمیشە وەکو خۆڵەمێشێکی سارد بووەوە بای ئەوە تین و گەرمی تێدایە بە چۆڕە نەوت و دەسکە پووشێك بلێسەکانی بڵند ببنەوە و گڕ لە پاوانەکانی دوروبەری خۆی بەر بدات. هاوکات دەڵێت: «توندوتیژی پەیوەست نییە بە ڕەوشت و کەسایەتی و هاووڵاتیی وڵات و نەتەوەیەك و مرۆڤ لە سەرتاسەری ئەم سەرزەمینەدا و بۆی هەیە بە پێدانی چەپکە گوڵێك زەردەخەنە بکا و بە لێدانی زللەیەك ڕووبەڕووت ببێتەوە. پشیلە وەکو گیانەوەرێکی دەستەمۆ و ماڵی، کاتێك دەست بۆ بێچووەکانی دەبرێ، دەگوترێ چڕنووك بۆ نێوچاوی شێر دەهاوێژێت. باوکێك کەوا نان لە بەرد و کەڤری چیاکان دەردەهێنێت (ئەگەر چەکوچ وەشاندن نیشانە بێت بۆ توندوتیژی) کە دەگاتەوە ماڵ منداڵەکانی دەخاتە سەر شان و ئامێزی گەرمیان بۆ دەکاتەوە. گوشتفرۆشێك ڕۆژ لەگەڵ تیغ و چەقۆ دەکاتەوە و هەردەم چاوەکانی ڕەنگی سۆر دەبینێت، لە دەرەوەی دووکانەکەی باوك و هاوڕێ و هاوسەرێکی دلۆڤانە. ئەم نموونانە ڕەواییدان نین بۆ توندتیژی، بەڵام دەبێ


تاڤگە عومەر

**هۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی تاك لە چوارچێوەی خێزان و دەرەوەی خێزان**


عیسا بۆتانی

**پرۆگرامەکانی خوێندن لێوانلێون لە پەیامی مرۆڤدۆستی و نیشتمانی، سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان مرۆڤەکان بۆ پیادەکردنی توندتیژی ئاراستە ناکات**


تانیا جەمال

**کەموکووڕی لە پرۆسەی خوێندن و لاوازیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و نەبوونی ئەجێندایەکی ڕێکخراو لە وتاری ئایینی، وای کردووە توندوتیژی لە هەموو بوارەکان زیاتر بووە**

بپرسین چ شتێکە وا دەکات گوڵ وەکو دیارییەکی جوان بایەخی نەمێنێت، چ کاتێك چەکوچ و تیغ و چەقۆ لە کەرەستەی پەیداکردنی نان و بژێوی دەگۆڕدرێن بۆ ئامرازی توندوتیژی؟ لە سەروبەندی بڵاوبوونەوە و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، وڵاتێکی خاوەن شارستانیەت و پێشکەوتووی وەکو وەکو فەڕەنسا (کە بە وڵاتی گوڵاو ناسراوە) کاتێك لەوێ هۆشداری بە هاووڵاتیان دەدرێ بۆ داخستنی شوێنەکان و ڕاگرتنی هاتوچۆ، خەڵکی ئەوێ بە لێشاو ڕوو لە فرۆشگاکان دەکەن و هەرچی خۆراکە لەسەر ڕەفەی مارکێتەکاندا نامێنێت و تەنیا دەست گوڵە دەستی بۆ نابرێ، لە زۆر وڵاتی دیکەی ڕۆژئاواییدا تەنانەت دەرگای کۆگاکانی خۆراك دەشکێندرێن و دەدزرێن.. ئەوە نموونەیەکە کە پێمان دەڵێت مرۆڤ مرۆڤە. چ ڕەش بێت، یان سپی، کورد بێت یان فەڕەنسایی. کاتێك ترسی دەبێت لە برسیبوون پەنا بۆ نان دەبا، نەك گوڵ. بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توتیژی پەیوەستە بە نەبوونی هەلی کار و هەژاریی و نەبوونیی ماڵبات و مرۆڤەکان، کاتێك هاووڵاتیان ناتوانن پێویستیی ژیان و گوزەران بەدەست بێنن، بە هەموو ڕێگایەك هەوڵی دۆزینەوە و قەرەبووکردنەوەی دەدەن. کاتێك وەرزی زستان دادێ و هۆیەکانی گەرمکردنەوە وەکو نەوت و غاز و کارەبا بەردەست نابێت، پەنا بۆ بڕینەوەی دار و درەخت دەبرێ و دامەزراوەکانی دەوڵەت توانای ئەوەیان نابێت بە یاسا ڕێگری لێ بکەن و لە دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاریدا دیاردەی دزی سەرهەڵدەدات و یاسا و شەرعیەت دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤەکاندا نامێنێت. سەبارەت بە ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی هیچ کەموکوڕییەك نابیندرێت و پڕۆگرامەکانی خوێندن لێوانلێون لە پەیامی مرۆڤدۆستی و نیشتمانی، سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان مرۆڤەکان بۆ پیادەکردنی توندتیژی ئاراستە ناکات و قوتابیان بە گوێڕایەڵی بۆ یاسا و بەزەیی و خۆشەویستی بۆ تاك و کۆمەڵگە و خێزان ڕادەهێنێت، بەڵام کاتێك ئەو قوتابیانە خوێندن تەواو دەکەن و هیچ هەلی کاریان لەبەردەمدا ناکرێتەوە، لەسەر شەقامەکاندا گرد دەبنەوە و داوای دامەزراندن و دەرفەتی کارکردن دەکەن، کە داواکانیان بێ وڵام دەبێت، لە دەرەنجامدا چی ڕوو دەدات؟ هەرچی هۆکارەکانی دیکەی دروستبوونی توندوتیژی هەن کە خۆیان لە (بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و ڕۆڵی میدیا و ڕاگەیاندنەکان لە دروستکردنی توندوتیژی و هەستکردن بە لاوازی و خۆبەکەمزانیی تاکەکان و بڵاوبوونەوەی چەك و.. هتد) دەبیننەوە و پەیوەستن بە ئاسوودەیی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی کارامە بۆ تاك، بەمە ڕێژەی هەرە زۆری هۆکارەکان لە بەین دەچن و ئەوەی دەمێنێتەوە هەندێك حاڵەتی بیژۆکن کە بۆ ئەمەش یاسا ڕێگەچارەی خۆی هەیە بۆ چوارچێوەکردنیان».

تانیا جەمال چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «توندوتیژی ئەنجام و لێکەوتەی جیاوازی هەیە، لەبەر ئەوەی توندوتیژییش جۆراوجۆر و جیاوازە، بەداخەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندن بە گشتی ڕۆڵی زۆر نەرێنی دەبینن و کاریگەریی زۆر خراپیان خستووەتە سەر کۆمەڵگە بەگشتی و تاك بەتایبەتی، چەواشەکاری و زێدەڕۆیی لە گەورەکردنی بابەتەکان و زەقکردنەوەی توندوتیژییەکان و برەوپێدانی لەلایەن میدیاوە و خەمساردیی حکومەت لەو بابەتە و کەموکووڕی لە پرۆسەی خوێندن و لاوازیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و نەبوونی ئەجێندایەکی ڕێکخراو لە وتاری ئایینی و.. هتد، وای کردووە توندوتیژی لە هەموو بوارەکان زیاتر و زیاتر بووە. بەداخەوە هەست دەکرێت کە بە بەرنامە برەو بەو بابەتە دەدرێت، بە شێوەیەك شیرازەی کۆمەڵگە هەمووی شێوێندراوە. تاك هەردەم بیرکردنەوەی ئاڵۆز و شێواوە و نازانێت چی دەوێت و بۆچی دەژی. لە بچووکترین بەرکەوتن دەڕووخێت و توانای گەڕانی بە دوای چارەسەردا نییە، لەبەر ئەوەیە یا خەڵك دەکوژێت، یا خۆی».

تانیا جەمال زیاتر گوتی: «هەرگیز لەو پاشاگەردانییەدا کەس ناتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و خۆی بپارێزێت، یان بتوانێت کێشەی خۆی، یا ئەویتر چارەسەر بکات، لەبەر ئەوەی لە خواردن و خەوتن و نووسین و خوێندنەوە زیاتر هیچ پەروەردەیەکی دروستی نییە. خۆی و بەختی خۆی دەکەوێتە چ ژینگەیەك، هەموو ڕەفتار و قسەیەکی دەرەوەی خۆی کاریگەری لەسەر بەجێ دەهێڵێت، هەر کەس بیەوێت بەڕێوەی دەبات، لەو کاتەدا بێهودەیی و بێهیوایی باڵ دەکێشێت بەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەی و لەهەر کێشە و گرفتێکدا پەنا بۆ هەڵچوون و توندوتیژی دەبات، ئەمەش کارەساتی کوشتن و خۆکوشتنی لێ دەکەوێتەوە، جگەوە لەوەی کە بابەتەکە ئافرەت یا ئافرەتبوون بێت، هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە و دەبەسترێتەوە بە شەرەف و ناموسەوە و وای لێ دێت، چ ئافرەتەکە، چ کەسوکارەکەی ئاوات بە مردن بخوازن، کۆمەڵگەیەکی بێ ویژدان کوشتن و خۆکوشتن تێیدا دەبێتە کارێکی ئاسایی وەك ڕۆژانە دەبینین».

**بە دەگمەن دەزگایەکی ڕاگەیاندن ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی هەیە کە ڕێگر بێت لە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی زۆر پرۆگرام و بابەت کە تاکەکان تێیدا زەرەرمەندی یەکەم دەبن**

**ئەو هێز و کەفوکوڵ و هەڵچوونەی توندوتیژی لێ دروست دەبێت، هەمیشە وەکو خوڵەمێشێکی سارد بووەوە بای ئەوە تین و گەرمی تێدایە بە چۆرە نەوت و دەسکە پووشێک بلێسەکانی بڵند ببنەوە و گڕ لە پاوانەکانی دوروبەری خۆی بەر بدات**

**کە بابەتەکە ئافرەت یا ئافرەتبوون بێت، هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە و دەبەسترێتەوە بە شەرەف و ناموسەوە و وای لێ دێت، چ ئافرەتەکە، چ کەسوکارەکەی ئاوات بە مردن بخوازن**



## ئاڵا شوان:

# سوپاسی بابم دەکەم بۆ ئەو متمانەیەی بە منی داوە و هەمیشە هاندەر و پشتیوانم بووە

**کارکردنی سەربەخۆی خانمانی کورد لەم دواییانەدا ڕێژەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە و، ژمارەیەکی زۆری خانمان بەهرە و لێهاتوویی و تواناکانیان ئاوێتە کردووە و سەربەرزانە چوونەتە مەیدانی کار و تێکەڵی بازاڕی کار بوون. ئاڵا شوان کچە گەنجێکی دانیشتووی شاری کۆیەیە و لە ئێستادا خاوەنی چێشتخانەیەکی کوردەوارییە، وەك خۆی باسی دەکات دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکات و هەلی دامەزراندنی لە کەرتی حکومی بۆ نارەخسێت، بیر لەوە دەکاتەوە کارێك بکات و بژێوی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی دەستەبەر بکات. ئاڵا چەندین کار تاقی دەکاتەوە و دواجار چێشتخانەکەی دەکاتەوە. لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە هەنگاوەکانی کارکردنی بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**ماوەی ١٠ ساڵە خوێندنم تەواو کردووە، بە درێژایی ئەو ماوەیە چاوەڕێی هەلی دامەزراندن بووم، بەڵام ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخسا**

**دوای تەواوکردنی خوێندن لە زۆر شوێن کارم کرد، تەنانەت وەکو گارسۆن لە چێشتخانەیەک کارم کردووە**

ئاڵا شوان خانمە گەنجێکی تەمەن ٣٠ ساڵە و دەرچووی بەشی وەرزشییە و بەمجۆرە باس لە ئەزموونی کارکردنی دەکات: «ماوەی ١٠ ساڵە خوێندنم تەواو کردووە و دەرچووی بەشی وەرزشیم، بە درێژایی ئەو ماوەیە چاوەڕێی هەلی دامەزراندن بووم، بەڵام ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخسا، تاوەکو لە کەرتی حکوومی دەستبەکاربم، دواجار بڕیاری ئەوەم دا کار بکەم، حەزی خۆم بۆ کارکردن و هاندانی بابم وایان کرد کە کاربکەم و چێشتخانەکەم بکەمەوە، زۆربەی خواردنەکانمان کوردەوارییە، بە خۆم بە تەنیا چێشتخانەکەم بەڕێوە دەبەم و سەرپەرشتیی کارمەندەکان دەکەم، دوای تەواوکردنی خوێندن لە زۆر شوێن کارم کرد، تەنانەت وەکو گارسۆن لە چێشتخانەیەك کارم کردووە، بەهۆی چالاك بوونم لەو چێشتخانەیە کرام بە شێف، پارەی ماندووبوونەکانم کۆکردەوە و بیرم لەوە کردەوە و بڕیارم دا کە چێشتخانەیەکی تایبەت بە خۆمم هەبێت. خۆشبەختانە لە ئێستادا دوو خانمی گەنج لە چێشتخانەکەم کاردەکەن، بۆ داهاتووی کارەکەشم پرۆژەی ئەوەم هەیە، ناوی چێشتخانەکەم بە براند بکەم، لە پاڵ ئەوەشدا چێشتخانەکەم زۆر گەورەتر بکەم و دەرفەتی کارکردن بۆ زۆرترین خانم برەخسێنم و بیانهێنمە ناو پرۆژەکەم، ئامانجم ئەوەیە کۆیە بە خواردنگەکەی من زیاتر بناسرێت».

ئاڵا شوان هەر سەبارەت بە کاری ڕۆژانەی خۆی دەڵێت: «هەموو ڕۆژێك کاتژمێر شەش و نیوی بەیانی لە ماڵ دێمە دەرەوە و بە خۆم پێداویستییەکان دەکڕم، لەوێوەش پێش کارمەندەکان دەچمە چێشتخانەکەم، بۆ سەعات یازدە خواردنەکانمان ئامادە دەبن، خواردنەکانم لەلایەن کڕیارەکانەوە پێشوازییەکی باشی لێ کراوە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی کارەکانی ئێمە جیاوازن و خەڵکیش بە دوای شتی جیاوازدا دەگەڕێت، هاوکات



خەڵك زیاتر حەزی لە دەستاوی ئافرەتە.» گوتیشی: «هەرچەندە لە قۆناغی سەرەتای کارکردنم بازاڕەکە بەپێی پێویست و داخوازی من نییە، بەڵام ئەوە واناکات لە کارەکەم ساردم بکاتەوە، هەرگیز کۆڵ نادەم و لە هەوڵ و کۆشش بەردەوام دەبم، تا دەگەمە ئەو ئاستەی کە ئامانجم بەدی دێنم. لەگەڵ ئەوەشدا لە کارەکەم زۆر زۆر ئاسوودەم چونکە لەسەر پێی خۆم وەستاوم.» بڕیاری کارکردنی ئافرەت بۆ پەیداکردن و هاوبەشیکردن لە دەستەبەری بژێوی ڕۆژانەی خێزانیشی بە «بڕیارێکی ڕاست و دروست» ناو برد و گوتی: «پێویستە هەموو ئافرەتێك ئەو بڕیارە ڕاستە بدات و توانا و لێهاتوویی خۆی پیشان بدات، تاوەکو لە بەرانبەردا دەست مایەیەکی سەربەخۆی هەبێت، منیش بەش بە حاڵی خۆم زۆر سوپاسی بابم دەکەم بۆ ئەو سیقە و متمانەیەی بە منی داوە و هەمیشە هاندەر و پشتیوانم بووە». گوتیشی: «زۆربەی ئافرەتان حەز دەکەن، کار بکەن و بە دەستی خۆیان بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن، بەڵام بەشێك لەو خانمانە لە لایەن خێزانەکانیانەوە ڕێگرییان لێ دەکرێت».

ئالا شوان وەك دواوتەی ئەم پەیامەی بۆ خانمان هەبوو: «پێویستە کچان و ژنان تەسلیم نەبن و لە پێناو خەون و ئاواتەکانیان بجەنگن، من لێرەوە بەو خانمە کە نییەتی کارکردنی هەیە، بەڵام بوێریی ئەوەی پەیدا نەکردووە بجەنگێت، پێی دەڵێم بۆ ئەوەی خەونەکانت ببێت بە واقع پێویستە هەوڵ بدەیت، کە بوویتە خاوەن کاری خۆت پێویستە بەو قەناعەتە بگەیت کە هەم خۆت و هەم دەوروبەرت و بە تایبەت خانەوادەکەت لە کارەکەت ڕازی دەبن. لەکۆتایی قسەکانمدا بە هەموو ئەو ئافرەتانە دەڵێم کە دیمانەکەم دەخوێننەوە، هەوڵ بدەن و مەوەستن. ژیان بەوە جوانە کە بەرزی و نزمی تێدا بەدی دەکرێت، زۆرجار لە هەوڵەکان شکست دێنین، دڵمان دەشکێت و ئازار دەدرێین، پێویستە ئەو شکان و ئازار و ناخۆشییانە بینە پەیژەی سەرکەوتن بۆ بەرزتر و بە هەموو لایەك بڵێین ئێمەی ئافرەتانیش دەتوانین و دەتوانین و دەتوانین. خانمانی شاری کۆیەش بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن».

**خۆشبەختانە لە ئێستادا دوو خانمی گەنج لە چێشتخانەکەم کاردەکەن، بۆ داهاتووی کارەکەشم پرۆژەی ئەوەم هەیە، ناوی چێشتخانەکەم بە براند بکەم**

**چێشتخانەکەم زۆر گەورەتر بکەم و دەرفەتی کارکردن بۆ زۆرترین خانم بڕەخسێنم و بیانهێنمە ناو پرۆژەکەم**



## ئەڤین شاه بو گولان:

# فولکلورێ کوردی د بن خەتەریەکە مەزن دەیە

**ئەڤین شاه ل باکوورێ کوردستانێ باژارێ مووشێ، گوندێ زەنگۆکێ ژ دایك بووە د چاردە سالیا خوە دە نەچار بوو ژ گوندێ خوە دەرکەتن. ل گەلەك باژارێن تورکیێ ژیایە و د سالا ٢٠٠١ چوویە باژارێ ئستەنبۆلێ. ١٧ سالێن خوە ل ور دەرباس کرن. ئەڤ ٣ سالن ژی تەڤی مالباتا خو ل ئەمەریکایێ ژیانا خوە بەردەوام دکەت، ئەڤین شاه ب ڤی رەنگی بەرسڤا چەند پرسێن گولان دا:**

**ئامادەکرن: خەلیل بلەیی**

*** دەستپێکا تە یا هونەری چاوا بوو؟**

- د زارۆکاتێیدا سترانێن کوردی بالا من دکشاندن. من گەلەك دخوەست ئەز ببم هونەرمەند و هەر تم من خەیال دکر کو ل پێشبەری من ب هەزاران مرۆڤ کۆم بوونە و ل من گوهداری دکن. ئەڤ هەسکرن و داخوازا من هەر دچوو مەزن دبوو. ئەز کەتم پەی خەیالا خوە و چووم باژارێ ستەنبۆلێ. د سالا ٢٠٠٧ ب ئاوایەکی سەرکەفتی من دبستان خەلاس کر. ژ وێ دەمی را ئەز ب ئاوایەکی پرۆفەسیۆنەلی سترانێن کوردی دبێژم. ئەڤ ٩ سالن ژی ل سەر دەنگبێژیێ دخەبت م. من ل گەلەك کانالێن تەلەڤزیۆنان دە، د فلمێن سینەماییێ، رێزەفیلم، بەلگەفلم و کورتەفیلمان دە مووزیك چێکر و. وەك هونەرمەندەکی کورد ئەز تەڤلی گەلەك شاهی و کۆنسەرتان بووم.

*** رەوشا هونەرا کوردی ل باکور و باشورێ کوردستانێ چەوا دبینن؟**

- دکارم ژ بۆ باکورێ کوردستانێ بێژم کو رەوشا هونەرا کوردی د بن خەتەرێ دە یە. پەروەردەهەك خورت نینە. پەروەردەیا کو هەیە ژی ب زمانێ کوردی نینە.

ژ خەینی گوهداریکرنێ و شاگرتیا دەنگبێژیێ، ب ئاوایەکی پرۆفەسیۆنەلی، ئاکادەمی، زانکۆ و دبستانێن تایبەت تونە نە. هەکە کەسەك بخوازە لسەر موزیکێ پەروەردە ببینە، پێش دچە ب زمانێ ترکی دخوینە. کو مرۆڤ ب کیژان زمانی پەروەردە ببیت، هەلبەت د بن باندۆرا وی زمانی دە دمینە. مخابن هین کۆنسەرڤاتوارەك ژی ب زمانێ کوردی تونەیە. لێ دیسا ژی د هونەرا کوردی دە تشتێ هەری پێشەنگ و زندی موزیکە. یا کو هەر تم خوە پێش ڤە دخە و نوو دکە ئەوە. پشتی ئەو قاس زلم، ئێش، و تونەکرنا ل سەر ملەتێ کورد چێبوو، مووزیکا کوردی ل هەمبەر ڤێ یەکێ وەك کەلهەك بەرخوەدانێ رهێ جڤاکێ و چاندا کوردی ل سەر پیان هشت و هەتا ڤێ دەمێ ئانی. هەکە ئەم مووزیکێ ژ ناڤ هونەرا کوردی دەرخن، وێ کەلەه هەلوەشە. وەك میناك ئەز دکارم بێژم کو، ئەز قەت نەچوومە رۆژهەلات، رۆژاڤا و باشوورێ کوردستانێ. لێ ب سایا مووزیکێ ئەز خوە ژ پەرچەیەك وان دەران دزانم. وان دەران ژی ئایدێی خوە هەست دکم. هەکە مووزیکا کوردی نەبوویا گەلۆ منێ چ هەس بکرا؟ ئەز ڤێ یەکێ ژ خوە دپرسم. یانێ مووزیك ئەوقاس تشتەك ب باندۆرە کو، ل گۆری من ئەو دکارە ملەتێ کورد ب هەڤ دوو ڤە گرێ بدە، و رهێ ڤی ملەتی لسەر پیان بهێلە.

*** ئاستەنگێێن کو دەردکەڤن پێشیا وە وەك هونەرمەندەك ژن چ نە؟**



- ئاستەنگیێن کو دەردکەڤن پێشیا هەموو هونەرمەندێن کورد ئێن ژنن. پرسگرێکەك جڤاکییە. ژنەك چاوا دێ دەرکەڤە سەر دکێ و ل هەمبەری ئەو قاس مرۆڤان ستránان بێژ ئە. هەتا د فیلمان دە لیستکڤانی بك ئە. ل هەمبەری دنیایێ گۆڤەند بگرە. مالباتا من، د دەستپێکێ دە نەدخوەست ئەز ببم هونەرمەند. د ترسیان. ترسا وان ژ بەر ئاستەنگیێن لسەر موزیکا کوردی و پرسگرێکێن جڤاکی بوو. وێ دەمێ من فێم نەدکر بۆچ ناخوازن ئەز ببم هونەرمەند. ژ من رە دگوتن دێ تشتەك ب تە ببە. دێ تە باڤێژن گرتیگەهێ، دێ تە ژ مە دوور بخن. لێ پاشێ دیتن کو ئەز گەلەك ب بریارم و ئەزێ ڤێ یەکێ بکم، وێ دەمێ پشتگری دان من. هەڤژینێ من ژی پشتگری ددە من و هەتا ژ بۆ کو ئەز هونەرا خوە پێشکەش بکم، چ ژ دەستێ وی تێ دکە. ئەز هێڤی دکم کو هەموو مالباتێن مە رێ لێ پێش کەچێن خوە ڤەکن. دێ وێ دەمێ ئاستەنگیێن ل پێشیا هونەرمەندێن کوردێن ژن گەلەك کێم ببن، هونەرا خوە باشتر پێشڤە بخن. دێ چاندا کوردی وێ دەمێ بگهیژە ئاستەکە بلند.

*** هەبوونا ژنێ د ناڤا هونەرا جڤاکی دە چاوا دبینن؟**

- ئیرۆ ژنا کورد د ناڤ جڤاکێ دە نکارە هونەرا خوە ب ئاوایەکی سەربەت پێشکەش بکە. هەر تم ئاستەنگی دەرتێن پێشیا وێ. هەکە هنەك رێ ل پێشیا وێ ڤەبە دێ هونەرا خوە ب رهەکی ئازاد پێشکەش بکە. دەما کو ژنا کورد سەرکەفتی بە، دێ پەروەردەکی باش بدە زارۆکا خوە ژی. باڤ و برێ وێ، هەڤژینێ وێ و هەڤالێن وێ ژی پێرە سەربلند ببن و پێشڤە بچن. ئەز دەما هونەرمەندەکە ژن سەرکەفتی دبنیم، گەلەك کەیفخوش دبم، باوەریا من خورتتر دب ئە. هەکە ژنێن مە ب ئاوایەك ئازاد سترانێن خوە بێژن و هونەرا خوە پێشکەش بکن، دێ دنیا خوەشتر ببە.

*** هونەرمەندێن کورد کارینە فولکلورێ بپارێزن؟**

- جڤاکا کورد هەر تم د هێلا ئابۆری دە، د هێلا چاند و هوونەرێ دە هاتیە تەپساندن. نکاربوویە خوە ب ئاوایەکی سەربەست د ناڤ ژیانێ دە بدە خویاکرن. ژ بەر وێ یەکێ، چاند وفولکلورا کوردی، هەر کو چوویە هاتیە وەنداکرن ئەڤ ژی دبە سەدەم کو فولکلورا کوردی د ناڤ جڤاکێ دە هێدی هێدی وەندا ببە. ئەڤ یەك بوویە سەدەم کو فولکلورا کوردی قەلس مایە. نها گەلەك کەسێن کو ل سەر هونەر و فولکلورا کوردی دخەبتن موزیکژەنن، سترانبێژن، دەنگبێژن، دەردکەڤن هونەرا خوە پێشکەشی گەل دکن. مرۆڤ دکارە بێژە کو فولکلورا کوردی د بن خەتەریەکە مەزن دەیە. چاند و فولکلور، زمان و ژیان هەموو ب هەڤ ڤە گرێداییە، تێکلی هەڤدوویە.

*** ل باکورێ کوردستانێ گەلەك کۆم هەنە. ما ڤان کۆمان کارینە تشتەك پێشکەش بك ن؟**

- د سالێن ١٩٩٠ دە گەلەك کۆم هاتن ئاڤاکرن. د وان کۆماندە ژی دخوەستن کو پر دەنگیا مووزیکا ئەورۆپی بکار بینن. ئەڤ مۆدە هەتا سالێن ٢٠٠٠ دەوام کر. پشتی هنگی ژ بەر کو بنگەهەکە وێ یا ب هێز و قەوەت تونەبوو، نکاربوو و تشتەکی بافرینە. هەموو سترانێن فولکلوریك، هونەرمەند نکاربوون ب خوە سترانێن خوە چێبکن. و بنگەها موزیکا مۆدەرن ساز بکن، ژ بەر وێ ژی ئەڤ یەك گەلەك کورت کشاند. ل باکورێ کوردستانێ ژ بەر زۆردەستیا دەولەتێ گەلەك ب هێزە، دەستوور نادە کو بازارا مووزیکا کوردی چێببە. هوون دزانن، کۆم ژ گەلەك کەسان پێك تێن. هەکە هونەرمەند ژ ئالیێ ئابۆریدە پرسگرێك بژی، دێ چاوا مووزیکا خوە چێبکە ژ بۆ وێ ژی دڤێ بازارا مووزیکا کوردی هەبە. هەکە ئەڤ یەك هەبا، دێ کۆم بکاربوونا بخوە خوە فینانسە بکران ئا. وێ بچونا کۆنسەرتان. تەڤلی فیستیڤالێن مووزیکێ ببوونا. دێ نەچار نەمانا کو مووزیکا خوە بەردن و هەرن بۆ دەبارا خوە کارەکی دن بکن.

*** چالاکیێن وە یێن هەری داوین چ نە؟**


- بەریا سال و نیڤەکێ من ل ل ئامەریکایێ کلیپەك دەنگبێژی ب ناڤێ شاهینۆ دەرخست. دەرهێنەریا کلیپێ هەڤژینێ من ئوکتای شاهین کر. ئەز و ئوکتای شاهین ئەمێ ئالبوومەکە سترانێن زارۆکان دەربخن. گۆتن و مووزیکا وان مە ب هەڤرا چێکر نە. ئەم دخوازن ڤێ ئالبومێ دیارییێ زارۆکێن وەلاتێ خوە بکن. زارۆك پاشەرۆژا مە نە. هەتا ژ دەستێ مە تێ دڤێ ئەم بکن ب ئاوایەکی ئازاد بژین. ب زمانێ دایکا خوە باخڤن. پرۆژەیا دویان ژی ئالبوومەکە کو ژ کلامێن دەنگبێژی و گەلەرینە. هەر وەکی دن، چەند سترانێن من هەنە کو مووزیکا وان من چێکرنە و گوتنێن وان ژی ژ هێلا هەلبەستڤانێن کورد ڤە هاتنە نڤیساندن، ل سەر وان دخەبتم ئارمانجا من ئەوە کو ئەز ل ئامەریکایێ مووزیکا کوردی ب ئاوایەکی سەرکەفتی، ب ملەتێ بیانی بدم گوهداریکر ن. مەبەستا من ل ڤر، دەما ئەز مووزیکا خوە بدم گوهداریکرن، ئەزێ ملەتێ خوە ژی بدم ناسکرن. دیرۆکا ملەتێ خوە، کەڤنەشۆپیا وان، چاندا وان د ڤی وەلاتی دە ب رێیا مووزیکێ بدمە ناسکرن.




# فێستیڤاڵی سینەمای دژ بەتیرۆر

فێستیڤاڵێکی تایبەتمەندە بە شاری پایتەخت هەولێر ساڵانە لە یەکی شوباتی خوێناوی ساز دەکرێ ، وەک نارەزایەتیەک دژ بە رووداوە تێروریستیەکەی هەولێر ، ئامانجی فێستیڤاڵەکە دژایەتی کردنی هزرو فیکری تیرۆرە لە ڕێگای هونەر و پەیامی سینەماوە . لەفێستیڤاڵەکە جگە لە هونەرمەندانی کورد وکوردستان و عێراق ، هونەرمەندانی وڵاتانی عەرەب وبیانیش بەخۆیان وفلمەکانیان بەشدار دەبن و سەرجەمیان سەردانی مۆنیمێتی شەهیدانی یەکی شوبات دەکەن لە پارکی شەهید سامی عەبدولرەحمان.

فێستیڤا لەکە مۆرکێکی تایبەت بەخۆی گرتووەو و میدیای عەرەبی و جیهانی گرنگی زۆری پێدەدەن. نمونەشی لەهیچ شوێن و وڵاتێک نیە کە فێستیڤاڵیکە دژایە تی هزری تێرۆر دەکات لە ڕێگەی سینەماوە کە چەکێکیێ زۆر کاریگەرە. جگە لەمە فێستیڤاڵ ساڵانە گرنگی بە چالاکی پێشمەرگە و دژە تێروری کوردستان دەدات لە هەولّی لە ناوبردنی تیرۆر لە ڕێگەی دروستکردنی فیلم و پرۆمۆ وپەخشکردنی لەسەر شاشەی سینەما . جگە لەمە فێستیڤاڵ بە شانازییەوە پر بینەرترین فێستیڤاڵی هەولێرە.








## میشێل یو:

# خەریک بوو بێزارم بکەن لە هێنانەدیی خەونەکانم

تەمەن لە ڕێگری پیشەی هەندێك ئەستێرەی جیهانییەوە نەبووە، بەو پێیەی جەماوەر بەو ڕاستییە ڕاهاتووە کە درەوشاوەیی پیشەیی لە ژیانی هونەری ئەستێرەکاندا هەمیشە لە قۆناغی گەنجیدا بێت و ڕەنگە لە سالأنی پێشکەوتوودا بێت، بەڵام کاتێك ئەوان دەگەنە تەمەنێکی دیاریکراو، ڕەنگە گرنگیدان بەوان دەست بە دابەزین بکات، بەجۆرێك بەشداریی هونەرییان بێ کاریگەر دەبێت لە سەرکەوتنەکانی پێشوویان.

کۆمەڵێك ئەستێرە هەن کە یاسایان شکاند و ٦٠ ساڵیان تێپەڕاند، تەمەنیش بۆ ئەوان تەنیا ژمارەیەك بوو، چونکە کە بەردەوام بوون لە درەوشاوەیی و پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەری، کە لە ئاستی جەماوەریدا سەرکەوتوون و لە ڕێگەیەوە توانیویانە بە خستنەڕووی توانای نائاسایی خۆیان بۆ بەردەوامبوون لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیان خەڵاتی گرنگ بەدەست بهێنن.

ئاهەنگی خەڵاتی گۆڵدن گڵۆبی ئەمساڵ (٢٠٢٣)دەرفەتێك بوو بۆ سەرکەوتن و بەهرەی ژمارەیەك ئەستێرەی سەروو تەمەن ٦٠ ساڵ، دیارترینیان ئەستێرە میشێل یوە بوو، کە یەکەم خەڵاتی گۆڵدن گڵۆبی لە ژیانی هونەریدا بەدەست هێنا بۆ باشترین ئەکتەری فیلمی کۆمیدی (Everything Everywhere All at Once) هەموو شتێك لە هەموو شوێنێك بە یەکجار، ئەمەش بووە مایەی خۆشحاڵی گشت ئامادەبووان.

میشێل یوە، دوای بردنەوەی خەڵاتەکە، گوتی: «سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو لایەك هەیە، ئێستا سەرەتای قۆناغی هونەری خۆمم بیرکەوتەوە کاتێك بۆ یەکەمجار هاتمە هۆڵیوود، هەمیشە بۆئەو خەونە تایبەت دەژیام، ئەو کات هەندێك کەس پێیان دەگوتم کە مەحاڵە، خەریك بوو بێزارم بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا توانیم سەربکەوم».

ئەستێرە بەناوبانگەکەی چین باسی ئەو سەختییانەی کرد کە ژنان پێیدا تێدەپەڕن، بەو پێیەی ڕوونیکردەوە کە چەند مانگێك لەمەوبەر ساڵی ٦٠ ساڵی تەواو کردووە، هەروەها پێی وابوو تا تەمەنی ژنان زیاتر بێت، دەرفەتەکان لە ژیانیاندا کەمتر دەبێتەوە، ئەو تا ئەو کاتەی تەمەنی وەك ژنە پاڵێوراوێك بوو بۆ ڕۆڵگێڕان لە فیلمی (Everything Everywhere All at Once) هەموو شتێك لە هەموو شوێنێك ئاسایی بوو، کە وەك دیارییەکی یەکلاکەرەوەی لە قەڵەمدا، و بووە هۆی ئەوەی یەکەم خەڵاتی گۆڵدن گڵۆب بەدەست بهێنێت.



# نیکۆڵ کیدمان دەچێتە مێژوو

ئەستێرەی جیهانی (نیکۆڵ کیدمان)ناوی خۆی لە مێژوودا تۆمار دەکات، دوای ئەوەی دەستەی ئەمیندارانی پەیمانگەی فیلمی ئەمریکی (AFI) ڕایگەیاند کە خەڵاتی (دەستکەوتی ژیانی) پەیمانگاکە وەردەگرێت، کە بە بەرزترین خەڵاتی بواری فیلمدا وەسف دەکرێت.

بەمەش کیدمانی (٥٥ ساڵ) دەبێتە یەکەم ئوسترالی کە تا ئێستا بەناوبانگترین خەڵات وەربگرێت. کیدمان کە دواجار لە مانگی نیساندا ڕۆڵی سەرەکیی لە فیلمی (The Northman) بینی، لە ئاهەنگێکدا بۆ ڕێزلێنان لە شانۆی دۆلبی لە لۆس ئەنجلۆس لە ڕۆژی شەممە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ خەڵاتەکە وەردەگرێت، بەمەش دەبێتە ٤٩هەمین کەس کە خەڵاتی دەستکەوتی ژیان لە AFI وەربگرێت. کاسلین کێنێدی سەرۆکی ئەمینداری AFI لە بەیاننامەیەکدا گوتی: «دەیان ساڵە کیدمان بە بوێری هونەری خۆی و نموونەی ئایکۆنێکی شاشە بینەرانی سەرسام کردووە، ئەو بەهێز و بوێرە لە هەڵبژاردنەکانیدا و بوێرە لە هەموو ڕۆڵەکانیدا، AFI شانازی دەکات کە ٤٩ـەمین خەڵاتی دەستکەوتی ژیانی پێشکەشی بکات».

AFI ئاماژەی بەوەشکردووە، کیدمان بەهۆی بەهرە نائاساییەکانی و پابەندبوونی بە پیشەکەی و کارکردن لەگەڵ سینەماکاران و دەرهێنەران، لەوانە (جین کامپیون، سۆفیا کۆپۆلا، باز لوهرمان، ئەنتۆنی مینگێلا، سیدنی پۆلاك، لارس ڤۆن تریر و ستانلی کوبریك) ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە.

کیدمان گرێبەستێکی بۆ ماوەی ساڵێك واژۆ کرد بۆ گەڕانەوەی وەك وتەبێژی شانۆی AMC دوای ئەوەی ڕیکلامەکەی ئایکۆنیکی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاو بووەوە، لە ڕیکلامەکەدا کە ماوەی ٦٠ چرکە دەخایەنێت، ئەو خانمە ئەکتەرە دوای زریانێکی باران دەچێتە ناو شانۆیەکی AMC، لەوێ ڕوونی دەکاتەوە کە هەوادارانی فیلم دێنە سینەماکانی AMC بۆ پێکەنین و گریان و گرنگیدان، چونکە هەموو کەسێك پێویستی بەو شتە هەیە.



سروە فازیل:

یاریزانی بۆکسێن لە ولاتی فینلەندا

# هەستێکی یەکجار خۆشم هەیە لەگەڵ ئەوروپییەکان یاری دەکەم

هەر چەندە لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بە یارییەکانی بۆکسێنی کچان نەدراوە، بەڵام حەز و خولیا ڕێگەی بەو یاریزانانە نەداوە کە خەونەکانیان بێ بایەخ بێت، چەندین کچە یاریزانی بەتوانامان هەیە لەسەر ئاستی کوردستان بە ئالای کوردستان بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی سەر ئاستی ئەوروپا دەکەن، یەکێك لەو یاریزانە بەتواناییانەش کە پاشەرۆژێکی باشی هەیە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپا کچە یاریزان(سروە فازیل پالانی)ـە، کە لەدایکبووی کەمپی ئەلتاشە لە عێراق لە ساڵی ١٩٩٥، ئێستا یەکێکە لە یاریزانە دیارەکانی تیپی(PRO BOXING) لە وڵاتی فینلەندا یاری دەکات و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی وڵاتەکەی و، هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەشە، بڕیارە لە مانگی ٣ی ئەمساڵ وەکو کچە کوردێك بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی پیشەگەری بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو یاریی بۆکسێنت هەڵبژارد؟**

- سەرەتا لە ڕێگەی هاوڕێیەکی خۆمەوە هاتمە نێو ئەم یارییە، کە زۆرجار باسی یاریی بۆکسینی دەکرد بۆم، منیش زۆر بە تامەزرۆییەوە حەزم لەم یارییە بوو، بەڵام چاوەڕوانی کەسێك بووم دەستم بگرێت بۆ ئەوەی بێمە نێو ئەم یارییە.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە، کە زیاتر خۆی لە شەڕدا دەبینێتەوە؟**

- بەڵێ ڕاستە یارییەکی زۆر قورسە، بەڵام ڕێژەی خۆشیم بۆ یارییەکە زۆرە، بۆیە هیچ کات هەست بە قورسی ناکەم.

*** پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەم وەرزشە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- گرینگیدان بەم یارییە لەسەر ئاستی ئەورووپا و بە تایبەتی لە وڵاتی فینلەندا، وە گرنگیی دان بە سەرجەم وەرزشکاران و هەبوونی پلانی گرنگ، ئەوانە هەمووی وات لێ دەکات ئومێدت بۆ دروست بێت.

*** چ هەستێکت هەیە کە لە ئەورووپا شان بە شانی ئەورووپییەکان وەرزش دەکەی؟**

- وەکو ژیانێکی خۆش دەیبینم و هەستێکی یەکجار خۆشم هەیە لەگەڵ ئەورووپییەکان یاری دەکەم و دەجەنگەم بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و وا هەست دەکەم یەکەم یاریزانی کوردم.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی بە گشتی لەسەر ئاستی ئەورووپا؟**

- لە ئەورووپا زۆر سەختە، چونکە ئەوەی بۆ کچە وەرزشکارێکی ئەورووپی دەکرێت بۆ پەنابەرێکی وەکو من ناکرێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی کورد بۆ نێو ئەم وەرزشە؟**

-بۆ کچی کورد زۆر سەختە، چونکە کەلتووری خۆمان ڕێگە بە ئەوە نادات کاتی یاری جلی وەرزشی لە بەر بکەیت و بەم شێوەیە بێت.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو وەکو کچە یاریزانێکی کورد؟**

- هەرچی حەزت لێیەتی تاقی بکەوە، چونکە تاقی کردنەوە باشترین شتە بۆ خودی مرۆڤ، دەمەوێت ئاست و ئەنجامی گەورەتریش بەدەست بهێنم.

*** بڕیارت نەداوە بگەڕێیتەوە کوردستان و ئەکادیمیایەك دروست بکەی بۆ ئەم یارییە؟**

- تا ئێستا بڕیارم نەداوە بگەڕێمەوە کوردستان، بەڵام هەر کات بڕیارم دا بگەڕێمەوە، خزمەتی وڵاتی خۆم بکەم باشترە تاکو ئەورووپا.

*** زۆر جار بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان دەکەیت، بۆچی؟**

- ئەوە ڕەمزی منە، چونکە من کچە کوردم .

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە وەرزشکارێکی پاڵەوانی کورد؟**

- خەونی من ئەوەیە ببمە نموونەی کچی کورد لەسەر ئاستی ئەو یارییە.

*** پلانتان چییە بۆ ئەم یارییە؟**

- پلانی من ئەوەیە بتوانم نموونەیەکی جوانی کوردستان پێشکەشی ئەورووپا بکەم.

*** وەکو پاڵەوانێکی کورد بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کوردستانی دروست بکەی لە وڵاتی فینلەندا؟**

- حەز دەکەم ئەو کارە گەورەیە بکەم بۆ کوردستان، بەڵام لێرە ڕێگەم پێ نادەن ئەو کارە بکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو خزمەتەی بە سەرجەم وەرزشکارانی کوردستانی دەکات، لە هەرکوێیەك بن.



# ریال مەدرید چاوی لە ئەستێرەیەکی ئەرژەنتینە

یانەی ریال مەدرید ئیسپانی هەنگاوەکانی بۆ گواستنەوەی ئەستێرەیەکی لاوی ئەرژەنتینی دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی لە گواستنەوەکانی داهاتوودا بباتە ریزەکانی.

رۆژنامەی ئیندیپێندیت بڵاویکردەوە، ریال مەدرید چاودێری تواناکانی ئەستێرەی ئەرژەنتینی و یانەی مانچستەر یۆنایتد ئەلیخاندرۆ گارناچۆ دەکات، بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ واژۆبکات، کە یانەی مانچستەر یۆنایتد کار بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی دەکات.

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، یاریزانە ١٨ ساڵەکە لە پلانەکانی داهاتووی ئێریک تێن هاگ، راهێنەری مانچستەر یۆنایتد دایە و یانەکە دەیەوێت گرێبەستی یاریزانەکە نوێبکاتەوە، بۆ ئەوەی لە چاوی یانە گەورەکانی ئەوروپا بیپارێزێت.

گرێبەستی گارناچۆ لە هاوینی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت و گرێبەستەکەی ئەگەری نوێکردنەوەشی تێدایە، بەپێی رۆژنامەکە بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانەکە، ئامادەنییە گرێبەستی گارناچۆ بە کەمتر لە ٢٠ هەزار پاوەند لە هەفتەیەکدا نوێبکاتەوە.

مووچەی یاریزانەکە لە هەفتەیەکدا لەگەڵ مانچستەر یۆنایتد ٧٠٠٠ پاوەندە، یاریزانەکە دوای ئەوەی ئاستێکی بەرزی لەم وەرزەدا پێشکەشکرد داوای مووچەیەکی بەرزتر دەکات، یانەی ریال مەدریدیش بە تواناکانی سەرسامە و چاودێری بارودۆخی یاریزانەکە دەکات، بۆ ئەوەی کار بۆ گواستنەوەی بکات.

جگە لە ریال مەدرید یانەی یۆڤانتۆسی ئیتالی بەهەمان شێوە دەیەوێت گرێبەست لەگەڵ ئەو یاریزانە بکات بەتایبەت، کە پێشبینی دەکرێت داهاتوویەکی گەشی هەبێت.

ئەلیخاندرۆ گارناچۆ، تەمەنی ١٨ ساڵە، لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا لە دایکبووە، پێشتر یاری بۆ تیپی ئیسپانیای خوار ١٨ساڵان کردووە، بەڵام دوای ئەوە بڕیاریداوە یاری بۆ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بکات.





# سکالۆنی باشترینی دەستنیشانکرد

لیۆنێل سکالۆنی، راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، وەڵامی چەندین پرسیاری تایبەت بە مۆندیالی قەتەر و بردنەوەی نازناوەکە داوەتەوە و گوتی: تاوەکو خولەکی هەشتا یارییەکی نایابمان کرد، تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە سەیری یارییەکە هەمووی بکەمەوە.

راهێنەری ئەرژەنتین زیاتر گوتی: دوای خولەکی هەشتا دۆخەکە گۆڕا، یارییەکە لە مێشکمدا تۆماربووە، جێگەی داخبوو پێش کۆتایی هاتنی کاتی یاسایی، نەمانتوانی هەموو شت لە بەرژەوەندی خۆمان یەکلابکەینەوە.

سکالۆنی لەبارەی یاری نێوان ئەرژەنتین و هۆڵەندا لە قۆناخی هەشتی پاڵەوانێتییەکە گوتی: ئەوان کاری ناوبژیوانیان قورسکرد بەتایبەت، کە ئەنجامەکە یەکسانبووەوە بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتانەی راهێنەری هۆڵەندا لویس ڤان خال ئەنجامیدا، کە وایکرد کەشی یارییەکە گرژ و پڕ هەڵچوون بێت.

سکالۆنی دانبەوەدا دەنێت، کە ئەگەر ئێستا ببێتەوە یاریزان یاری بۆ ئەم هەڵبژاردەیەی ئێستای ئەرژەنتین ناکات، چونکە ئاستەکە زۆر بەرزبووەتەوە، من دەبوو لە شوێنی دی پاول یاری بکەم، بەڵام ئەو لە من باشتر یاریدەکات.

لە کۆتاییشدا سکالۆنی باس لە دەستنیشانکردنی باشتر لە نێوان مێسی و مارادۆنا دەکات، کە هەریەکەیان مۆندیالێکیان بۆ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بەدەستهێناوە، ئەو دەڵێ، ئەگەر ناچاربم باشتر لە نێوانیاندا هەڵبژێرم، مێسی هەڵدەبژێرم، چونکە پێموایە ئەو شتێکی نایابی هەیە، ئەو باشترینی مێژووە هەرچەندە مارادۆناش یاریزانێکی ناوازە بوو.

# بنزیما

## چارەنووسی خۆی یەکلاییکردووە



ئەستێرەی فەرەنسی و یانەی ریاڵ مەدرید چارەنووسی خۆی یەکلاکردەوە و بریاری خۆیدا.

دوای ئەوەی دەنگۆیەکی زۆر لەسەر چوونی کەریم بنزیما بۆ یانەی نەسری سعودی لە بەرامبەر گرێبەستێک گرانبەها ئەو یاریزانەکە دەباتە ریزەکانی، بەڵام تۆری هەواڵی فۆت میرکاتۆی فەرەنسی بڵاویکردووە، بنزیما لە بەرامبەر گرێبەستێکی گرانبەهای یانە سعودیە کە چۆکی دانەدا، بەڵکو ئەم یاریزانە لەگەڵ بەرپرسانی یانەی ریاڵ مەدرید گەیشتە رێکەوتن بۆ نوێکردنەوەی گریبەستەکەی تا هاوینی (٢٠٢٤).

گرێبەستی بنزیما لەهاوینی (٢٠٢٣) تەواو دەبێت، بەڵام بنزیمای خاوەن دواین تۆپی ئاڵتونی ئارەزوو دەکات لەگەڵ ریال مەدرید کۆتایی بەکاروانی وەرزشی بهێنێت.

هەروەها تۆری فۆت ئاشکرایکردووە نوێکردنەوەی گرێبەستی بنزیما و ریاڵ مەدرید نزیکە و لە چەند رۆژی داهاتوو ئەم پرسە یەکلادەبێتەوە، مانەوەی کەریم بنزیمەی تەمەن (٣٥) ساڵان لەگەڵ یانەی ریال مەدرید مژدەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ هاندەرانی یانەی شاهانە، چونکە بنزیما لە ماوەی ساڵانی رابردوودا توانی کاریگەری لەسەر ئاست و ئەنجامەکانی یانەی ریاڵ مەدرید هەبێت.





# ئەدڤانس بووە پاڵەوانی فوتساڵی قوتابخانە ناحکومییەکان

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی، بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزشی و دیدەوانی هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی فوتساڵی قوتابخانە ناحکومییەکان، بە بەشداری ٢٢ قوتابخانەی ناحکومی، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو تیپی قوتابخانەی فاخیرمێرگەسۆریی ئینگلیزی و ئەدڤانس گەیشتنە یاریی کۆتایی خولە، لە یاریی کۆتایشدا بە ئامادەبوونی مامۆستا لوقمان سەعید بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر و بێجان ئیبراهیم بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشی و دیدەوانی و چەندین بەرپرسی پەروەردەیی و مامۆستایانی وەرزش، لە یاریگەی قوتابخانەی کۆشش یاریی کۆتایی لە نێوان هەردوو تیپ بەڕێوە چوو، لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو تیپ توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، دوا جار یارییەکە لە بەرژەوندیی تیپی قوتابخانەی ئەدڤانس بە کۆتایی هات، بە ئەنجامی (٢-٠) گۆڵ و نازناوی خولەکەیان بەدەست هێنا، لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپ و یاریزانە سەرکەوتووەکاندا دابەشکرا، لای خۆشیەوە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر گوتی: «ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییە وەرزشییانە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ قوتابییە یاریزانەکان و، هەوڵیش دەدەین بەردەوامبین لە خزمەتکردنی سەرجەم قوتابیانی سنووری پارێزگای هەولێر، بەرنامەی باشمان هەیە بۆ زیاتر خزمەتکردنی وانەی وەرزشی و ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکان لە نێوەندەکانی خوێندن و پەروەردەکانیش»، بێجان ئیبراهیم لە بارەی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش گوتی» :بەرنامەی خۆمان هەیە بۆ سەرجەم قوتابخانەکان بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین خزمەت بە چینی وەرزشکارانی قوتابیان بکەین، هەرچی لە تواناماندا بێت خزمەت بە وەرزشی قوتابخانەکان دەکەین، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێریش دەکەین بۆ هاوکاریکردنی بەردەوامیان».



# پاڵەوانێتی کلاسیکی شەترەنجی خانزاد بەڕێوەچوو

لە درێژەی چالاکییە وەرزشییەکانی خۆیدا بۆ بەرەوپێشبردنی یاریی شەترەنج لە هەولێری پایتەختی کوردستان، یانەی خانزاد حەڤدەمین پاڵەوانێتی کلاسیکی خانزادی نێودەوڵەتیی بەڕێوەبرد، کە یارییەکانی بە سیستمی سویسری حەوت ڕواند بەکاتی (60min+30sec) بۆ هەر یاریزانێك بەڕێوە چوو، لە یارییەکاندا ٤٨ کچە و کوڕە یاریزانی (کوردستان و تورکیا و ئێران و عێراق و هندستان و سووریا) بەشداری پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتیەکەیان کردبوو، یارییەکان بۆ ماوەی دوو هەفتە بەردەوام بوو ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

**لە ئاستی کوڕان**

١-سەمیر تەها
٢-نەبیل عەزیز
٣-پۆلا ئازاد
٤-بیلال سیوار

**لە ئاستی کچان**

١-سارێژ دڵشاد
٢-شارا ئازاد
٣-دیدەن دڵشاد
٤-لەنیا سەلاح

# برووسک کێبڕکێ دەکات



هەر چەندە لە قۆناخی یەکەمی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان تیپی تۆپی پێی یانەی برووسك ئەنجامەکانی وەکو پێویست نەبووە، بەڵام لەم قۆناغە یانەکە هەندێك گۆڕانکاریی کردووە بەئامانجی باشتر بوونی ئاست و ئەنجامی تیپەکە لە قۆناخی دووەم، هەریەك لە ڕاهێنەرانی تیپ (شوان ئەنوەر و بەشدار حەسەن) دەستلەکارکێشانەوەیان لە تیپەکە ڕاگەیاند، یانەکە لە شوێنی ئەوان مامۆستا کەیفی و کارزان ئەحمەدی وەکو دەستەی ڕاهێنەران دیاری کردووە، لەبارەی ئاستی تیپەکەش بۆ یارییەکانی داهاتوو محەمەد حەمە خان سەرۆکی یانەی وەرزشی برووسك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەمانەوێ لەم قۆناخە یەکێك لە تیپە بەهێزەکان بین و کێبڕکێ بکەین لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان، قۆناخی دووەم سەرجەم یارییەکانی بەهێزە و هەر یانەیەك دەیەوێت بە وریاییەوە یاری بکات، بۆ ئەوەی هیچ خاڵێك لەدەست نەدات، ئێمەش ستافی ڕاهێنەرانی تازە دەست بە کاربووین و چەند یاریزانێکمان ڕیزی تیپەکەیان جێهێشتووە و چەند یاریزانێکی تازەشمان هێناوەتە یانەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین لەم چەند یارییەی ماومانە ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین»، لە بارەی گرفتەکانیش محەمەد حەمە خان: «گوتی گرفتی داراییمان هەیە، بەڵام بەردەوامین لە سەر ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکانمان و دەمانەوێ ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین، ئەوەی لە تواناماندا بێت ئەنجامی دەدەین بۆ سەرخستنی یانەی برووسك».

## وشکبوونی پێستی دەوری دەم



پێستی دەوری دەم ناسك و هەستیارە، بۆیە بە ئاسانی دوچاری وشکبوون دەبێت، هۆکارەکانی بریتین لە: هەستەوەری یان سووتانەوە بە سابون یان هەر ماددەیەکی کیمیایی بەتایبەتی ئاوێتەکانی جوانکاری، جگەرەکێشان، کەش و بای سارد، زیاد بەرکەوتن بە تیشکی خۆر، زیاد شووشتنی دەموچاو، بەکارهێنانی ئاوی زیاد گەرم لەکاتی خۆشووشتن و زیاد مانەوە لە ژووری گەرماودا، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش، هەوکردنی پێستی دەوری دەم Dermatitis، ئەکزیما، هەروەها نەخۆشیی سەدەف Psoriasis. چارەسەرکردن: دوورکەوتنەوە لە زیاد شووشتنی دەموچاو، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی سابوونی بۆندار و بەهێز، دوورکەوتنەوە لە شووشتن بە ئاوی زۆر سارد یان ئاوی زۆر گەرم کە هاندەرن بۆ وشکبوونی پێستی دەوری دەم، بەکارهێنانی ئاوێتەیەکی شێدارکەرەوەی پێست Moisturizer ڕاستەوخۆ پاش شووشتن و بە درێژایی شەو لەوکاتەی کە شێدارکەرەوە بۆ هەموو جۆرەکانی پێست لە هەموو وەرزێکدا پێویستە بەمەبەستی ڕێگرتن لە وشکبوون، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، بەکارهێنانی ئامێری شێدارکەرەوەی کارەبایی Humidifier لە وەرزی زستاندا.

## زەیتی زەیتوون و نەخۆشیی دڵ



لە ئەنجامی توێژینەوەکانی زانکۆی هارڤارد ...وە کە ڕۆژانە خواردنی بڕی کەمی بەقەد تەنیا نیو کەوچکی شیو زەیتی زەیتوون ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری نەخۆشیی دڵ. ئاماژە بەمەش کراوە کە بەردەوام بەکارهێنانی زەیتی زەیتوون لە خۆراکی ڕۆژانەدا، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ تا ڕێژەی ٣٣٪ کەم دەکاتەوە. زەیتی زەیتوون ڕێژەیەکی بەرزی ترشە چەورییە یەکانە ناتێرەکان Monounsaturated fats لەخۆدەگرێت کە بۆ دڵ سوودبەخشن، هەروەها زەیتی زەیتوونی کوالیتیی بەرز ڕێژەیەکی بەرزی ماددە دژەئۆکسانەکان لەخۆدەگرێت کە ڕۆڵیان هەیە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و شێرپەنجە. لە لێکۆڵینەوەکاندا باسی ئەمەش کراوە کە بڕی ١-٢ کەوچکی شیو کە دەکاتە ١٤,٣-٢٨ گرام لە زەیتی زەیتوونی کوالیتیی بەرز، ئەم ئامانجانە دەپێکێت، هەروەها گونجاوە بۆ تووشبووان بە نەخۆشیی دڵ.

## بۆتۆکس بـ



دەزری بۆتۆکس Botox injections بە شێوەیەکی سەرەکی لە جوانکاریدا بۆ کەمکردنەوە و شاردنەوەی لۆچی دەموچاو بەکاردێت، بەڵام لە چەندین بواری تری پزیشکیدا سوودی لێوەردەگیرێت وەکو: گرژبوونی خۆنەویستی



# کە چوویتە ناو بەفر پێست و چاوەکانت بپارێزە!

باوترین جۆرەکانی شێرپەنجە شێرپەنجەی پێستە یان میلانۆما Melanoma کە ٥٪ی شێرپەنجەکانی پێست پێکدێنێت و لە هەموویان کوشندە ترە. لە شوێنی بەرزدا ڕێژەی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی زیاتر دەبێت، بۆنموونە لەگەڵ بەرزی هەر ١٠٠٠پێ لەسەر ئاستی دەریادا، ئاستی بەرکەوتن بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی تا ڕێژەی ٤-٥٪ زیاد دەبێت. رووی بەفر نزیکەی ٨٠٪ی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی ناو تیشکی خۆر دەداتەوە، واتە پێست و چاوەکانت ٢ جار ڕووبەڕووی هەمان ڕێژەی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی دەبنەوە، هەتا ئەگەر ئاسمان هەوریش بێت، چونکە تیشکی خۆر بە ڕێژەی زیاتر لە ٨٠٪ ئەستووریی هەور دەبڕێت و دەگاتە سەر ڕووی زەوی. هەنگاوەکانی پاراستنی پێست و چاوەکان لەکاتی چوونە ناو بەفر: داپۆشینی سەر و نێوچەوان، بەکارهێنانی دەستکێش، بەکارهێنانی ئاوێتەی دژەهەتاو کە ڕێژەی SPF تیایدا لە ٣٠ زیاتر بێت بۆ دەموچاو و گوێیەکان و دەوری چاوەکان و مل و چەناگە، بەکارهێنانی چاویلکەی دژەهەتاوی UV 400 کە تا گەورەتر و پانتر بێت باشترە بۆ پاراستنی چاوەکان، بەکارهێنانی مەرهەمی پاراستنی لێوەکان کە دژە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بە ڕێژەی SPF30 یان زیاتر لەخۆبگرێت، پێویستە ئاوێتەی دژەهەتاو هەر ٢ کاتژمێر جارێك دووبارە بەکاربهێنرێتەوە هەروەهاپاش زیاد ئارەقەکردن.

## ـــــۆ چی بەکاردێت؟

ماسولکەکانی مل Cervical dystonia، چارەسەرکردنی تەمەڵیی چاو و (خێلبوونی) چاوەکان Strabismus، گرژبوونی پێڵووەکان کە دەبێتە هۆی زیاد داخستن و کردنەوەی چاوەکان، زیاد ئارەقەکردن، شەقەسەری درێژخایەن، سووککردنی حاڵەتەکانی زیاد چالاکبوونی میزڵدان، سووککردنی ئازارەکانی شان و مل، کەمکردنەوەی نیشانەکانی زیپکە، هەروەها کەمکردنەوەی لێکدانی ددانەکان لەکاتی نووستندا Bruxism. زیانە لابەلاکانی دەرزی بۆتۆکس ماوە کورتن و بریتین لە: سووربوونەوە و ئازار لە شوێنی لێدانی دەرزیدا، سەرسووڕان، گرفت لە قووتدانی خۆراك و شلە، هێڵنج، سەرئێشە، سووتانەوە و وشکبوونی چاو، هەروەها زیاد فرمێسککردن و زیاد هەستیاربوونی چاوەکان بە ڕووناکی.

# خۆراکی گونجاو بۆ نەوجەوانان



لە سەردەمی ئێستاماندا تێبینی دەکەین بەگشتی خۆراکی نەوجەوانان بریتییە لە خۆراکی خێرای وەکو پیتزا، بێرگر، هۆت دۆگ، جیبس، هەروەها ئایس کرێم، خواردنەوە وزەبەخش و گازدارەکان، لەگەڵ کێك و بسکویتەکان. ئەم خۆراکانە ناتەندروستن لەبەر ئەوەی کە دەوڵەمەندن بە شەکر و چەوری، کە هاندەرن بۆ زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، چونکە زیاتر کالۆری لەخۆدەگرن لەگەڵ ڕێژەیەکی کەمی ماددە گرنگەکانی وەکو ڤیتامین، کانزاکان، ریشاڵ، پرۆتین، هەروەها ماددە دژەئۆکسانەکان. پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە گۆڕینی ئەم خۆراکانە بۆ خۆراکی تەندروست زۆر پێویستە بۆ نەوجەوانان بەمەبەستی دابینکردنی ماددە خۆراکییە گرنگەکان، کە لەم قۆناغەدا بۆ لەش پێویستن، بۆنموونە بینا و پتەویی ئێسکەکان. خۆراکە تەندروستەکان بۆ قۆناغی نەوجەوانی ئەمانەن: دانەوێڵەی تەواو، سەوزەی جۆراوجۆر بەتایبەتی سەوزە گەڵا تاریکەکان، میوەی جۆراوجۆر، تۆوەکان و کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی و کازو، گۆشتی پەلەور، هێلکە، شیرەمەنیی کەمچەور،ماسی، لەگەڵ پاقلەمەنییەکان.

# ئایا نووستن بە گۆرەوییەوە سوودی هەیە؟

نووستن بە گۆرەوییەوە لەوانەیە هاندەر بێت بۆ خەوێکی باشتر و خەوتن بە شێوەی خێراتر و ئەگەری کەمتری پچڕبوونی خەو و چەند جارێك بێداربوونەوە. میکانیزمەکە دەگەڕێتەوە بۆ گەرمبوونی پێیەکان کە هاندەرە بۆ ئاگاکردنەوەی ریتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش بۆ چوونە خەو. لەوکاتەی کە لەوانەیە ساردیی پێیەکان هۆکار بێت بۆ خەوێکی نائارام، لێرەدا بۆڕییەکانی خوێن تەسك دەبنەوە و سووڕی خوێن لە پێیەکاندا کەم دەبێتەوە و دەبێتە ئەگەری ناڕەحەتی. لەپێکردنی گۆرەوی لۆکەیی و نەرم، ئاسانترین و باشترین رێگەی سەلامەتە بۆ گەرمکردنەوەی پێیەکان بە درێژایی شەو. رێکخراوی نیشتمانیی ئەمریکی تایبەت بە خەو National Sleep Foundation جەخت دەکاتەوە کە گەرمکردنی پێیەکان لەکاتی چوونە خەودا سیگنالی دروست دەداتە مێشك بۆ خەوێکی ئارام. جگە لە هاندانی خەو، نووستن بە گۆرەوییەوە سوودی دیکەی هەیە وەکو: هاندانی زووتر چاکبوونەوەی قڵیشانی پاشنەی پێ، سووککردنی تەزووە گەرمەکانی Hot flashes پەیوەست بە وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانەی ئافرەت Menopause، هەروەها باشتربوونی سووڕی خوێن لە پێیەکاندا.





# خەو و ئاستی شەکری خوێن

هەموو شەوێك بێ ئەوەی پەیوەندی بە خەوەوە هەبێت، ئاستی شەکری خوێن بەرزدەبێتەوە وەکو بەشێکی سرووشتی لە ریتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش Circa-dian rhythm، هەروەها لەکاتی نووستندا ئاستی شەکری خوێن زیاد دەبێت. زیاد و کەمیی ئاستی شەکری خوێن لەکاتی شەو و لەکاتی نووستندا ئاساییە و هەرگیز مایەی نیگەرانی نییە. ئەمەش سەلمێنراوە کە خەوی دروست رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ هێشتنەوەی ئاستی دروستی شەکری خوێن، کەچی کەمخەوی هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن و زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، چونکە کەمخەوی هۆکارە بۆ دروستبوونی بەرگری بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین، ئینجا پاش لەخەوهەڵسان دەبێتە ئەگەری زیاد هەستکردن بە برسیبوون و زیاد خواردن، یان درەنگ هەستکردن بە تێربوون. لە لایەکی دیکەوە، کەمخەوی ئاستی هۆرمۆنی دیکەش زیاد دەکات، بۆنموونە ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیسۆڵ بەرزدەبێتەوە کە هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، بۆیە خەوی شەوانەی کەمتر لە حەوت کاتژمێر هەرگیز هاندەر نابێت بۆ کۆنترۆڵکردنی شەکری خوێن لە تووشبووانی نەخۆشیی شەکرەدا.

# سەرنجێک لەسەر چەند ئەڵقەیـ

**ئەڵقە یان ئەنگوستیلە زیرەکەکان، رەنگە نەتوانن شوێنی کاتژمێرە سمارتەکان بگرنەوە، بەڵام دەتوانن کەلێنێکی گەورە لە جیهانی تەکنەلۆژیادا بگرن. هەڵگرتنی ئەڵقە ئاسانترە لە کاتژمێر و کەمتر لە بەکارهێنەرەکەی جیا دەبێتەوە. ئێستا زۆربەی ئەو ئەرك و کارانەی کە کاتژمێرە**

## ئەڵقەی مۆڤانۆ چاودێری تەندروستی هەموو دەمێک



کۆمپانیای Movano گشت چالاکییەکانی لە بواری تەندروستیدا چڕکردۆتەوە. یەکێك لە بەرهەمەکانی کۆمپانیای ناوبراو ئەڵقەیەکی زیرەکە هەر بەناوی خۆی واتە ئەڵقەی موڤانۆ ناسراوە.

ئەڵقەی ناوبراو زۆر وەك ئەڵقەی زیرەکی Oura دەچێت، تایبەتە بە ئافرەتان و لایەنێکی گرنگی تەندروستی ئافرەتانی وەبەرچاو گرتووە، ئەویش سوڕی مانگانەیە. هەرچەندە پیاوانیش دەکرێت سوودی لێوەربگرن.

ئەڵقەی موڤانۆ چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە. بەشێك لە ئەرکەکانی ئەڵقەکە ئەمانەن: چاودێری بەسەر چۆنییەتی خەوتن، لێدانی دڵ، هەناسەدان، گەرمی لەش، ئوکسیجێنی ناوخوێن، ژماردنی هەنگاوەکان و وزەی سووتێندراو.

مۆڤانۆ نیازی هەیە لە داهاتوودا هەندێك بەشی دیکەش بۆ ئەڵقەکە زیاد بکا، وەك پێوانی ئاستی شەکر و زەختی خوێن.

## ئەڵقەی زیرەکی ئۆروی پەنجەکانت دەکاتە هیدفۆن

هیدفۆنە بلوتوسییەکان بە بەراورد بە رابردوو زۆر بچووك بوونەتەوە، بەڵام هێشتاش گرفتی خۆیان هەیە، بەکارهێنەر ناتوانێ بە بەردەوامی لە گوێی بکات. بەڵام تاقیگەیەکی ئۆریگامی لە هۆنگ کۆنگ بۆ چارەسەری ئەمە ئەڵقەی (Orii) بەرهەم هێناوە. ئەنگوستیلەیەکی زیرەك لە رێگای ئەوەوە دەنگ لە پەنجەکانتانەوە بۆ گوێ دەگوازێتەوە.

سوود وەرگرتن لە تایبەتمەندی گەیاندنی دەنگ لە رێگای ئێسکەوە بیرۆکەیەکی نوێ نییە، لە بواری بەرهەمهێنانی لیستۆکدا زۆر سوودی لێوەردەگیرێت. بەکارهێنەر ئەنگوستیلەکە لە پەنجەی شادەی دەکات و کاتێك پەیوەندییەك دێت، بەکارهێنەر دەتوانێت پەنجەی خۆی لە چیلکەی گوێی نزیك بکاتەوە و گوێ لە پەیوەندییەکە بگرێت.

(Orii) لە راستیدا پارچەیەکی ئەلۆمینیۆمە کە کە هەموو پارچە ئەلکترۆنییەکانی لەخۆیدا جێکردۆتەوە. قەوارەکەی ٣ سم درێژایی و ٢ سم پان و ١٢ ملم بارستایی هەیە. ئەنگوستیلەکە دژە تەڕبوونە: ئەو پارچانەی لەخۆیدا جێکردۆتەوە سیستەمی بلوتوس، کەمکردنەوەی دەنگە دەنگ، هەستەوەری جوڵە، LEDیەك بۆ نیشاندانی ئاگادارییەکان، باترییەکی بچووك کە دەکرێت کاتژمیر و نیوێك قسەی پێبکرێت. لەگەڵ سیری ئایفۆن و گوگل ئاسیسێنت پەیوەند دەدرێت و دەکرێ فەرمانە دەنگییەکان لە رێگای ئەنگوستیلەوە بەڕێ بکەی.



# ـــــەکی زیرەک

**زیرەکەکان ئەنجامی دەدەن، ئەڵقەکانیش دەتوانن هەمان ئەرک ئەنجام بدەن. لە خوارەوە چەند نموونەیەك باس دەکەین.**

## ئەڵقەیەکی زیرەک لە ئەگەری نەخۆش ئاگادارت دەکاتەوە

ئەو بەرهەمە تەکنەلۆژیانەی لەم ساڵانەدا دەکەونە بازاڕەوە، دەستەواژەی سمارت واتە زیرەکیان بەدواوەیە. وەك کاتژمێری زیرەك، مۆبایلی زیرەك، ئەنگوستیلەی زیرەك. بۆ نموونە کۆمپانیای (GUCCI) بەم دواییە ئەڵقەیەکی زیرەکی بەناوی X Qura بەرهەم هێناوە کە نەتەنیا لە بواری دیزاینەوە سەرنج ڕاکێشە، بەڵکو تایبەتمەندی زیرەکیشی هەیە، وەك چاودێرێکی باشی تەندروستی.

لەسەر ئەڵقەکە لۆگۆی کۆمپانیا کە پیتی (G) بە زێڕی ١٨ عەیار نەخشێندراوە. وەك هەموو ئەڵقەیەکی زیرەکی دیکە چاودێری تەندروستی دڵ، خەو، چالاکی وەرزشی لەخۆیدا هەڵگرتووە. ئەم ئەڵقە بچووکە کێشی کەمە و تەنیا چوار گرامە. ئەڵقەی x Quara زانیاری سەبارەت بە لێدانی دڵ و چۆنییەتی هەناسەکێشان کۆدەکاتەوە و پاشان لەگەڵ گەرمی لەش و هەندێك زانیاری دیکە لێکی دەداتەوە تا ڕێژەی دڵەراوکێ و ئەگەری نەخۆش دیاری بکات.





## ئامێری پاڵاوتنی هواوی به ٨ قۆناغدا تێدەپەڕێ

تەکنەلۆژیای نوێ هەر ڕۆژە بەرهەمێکی نوێی دەخاتە بازاڕەوە! دەبێ زەوی بە قۆناخێکی هەستیاردا تێپەڕێ کەوا نە ئاوەکەی ئەوەندە سازگارە بۆ خواردنەوە دەبێت و نە هەواکەی ئەوەندە پاکە بۆ هەڵمژین دەبێت و دەبێت لە ڕێگای ئامێرەوە ئاو و هەوا پاك بکرێنەوە. چەندساڵێکە ئامێرەکانی پاڵاوتنی ئاو لە هەرێمەکەی خۆشیان بوونەتە باو، زۆر دوور نییە ماوەیەکی دیکە ئامێرەکانی پاڵاوتنی هەواش بێنە گۆڕێ.


ئامێری پاڵاوتنی هەوا گەلێکن، کۆمپانیای شیائومی چینی ئامێرێکی پاڵاوتنی هەوای بەرهەم هێناوە کە بە ٨ قۆناغدا تێدەپەڕێ، بە وتەی کۆمپانیا ٩٩٪ هەوای ئاڵوودە بوو پاك دەکاتەوە و لە شاشەیەکدا کە لەسەر ئامێرەکە بە وردی چۆنییەتی هەوای دەوروبەر نیشان دەدا.

ئامێرەکە بە Zhixuan 720 3S ناسراوە، بە هەشت قۆناخدا تێدەپەڕێ. دەتوانێت مەودایەکی ٣٢٥ مەتری چوارگۆشە لە کاتژمێرێکدا لە هەوای پیس پاك بکاتەوە. ئامێرەکە دەتوانێت گەردیلەکانی TVOC و گەردیلەکانی دیکە دیاری بکات. ئامێرەکە هەم بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ دەکرێ و هەم بە دەنگی بەکارهێنەرەکەی.



# تەبلێتێک شوێنی کتێب خوێن دەگرێتەوە

لینۆڤۆش وەك زۆربەی كۆمپانیا ناسراوەكانی دیكەی بواری تەكنەلۆژیا لە پێشانگای ساڵانەی CESدا بەدەستێكی پڕەو هاتبوو، لە لاپتۆپێكی دوو شاشەیەوە و بگرە تا تەبلێتی گەورە و دەیان بەرهەمی دیكە لە پێشانگاكەدا خستنیەوە ڕوو.



یەكێك لەو بەرهەمانەی خستیەڕوو، كتێبێ خوێنی Smart paper بوو واتە (كاغەزی زیرەك). كتێبخوێنەكە قەوارەكەی ١٠,٣ ئینجە. كێشی كەمە. ٥٠ گیگابایت داتا لەخۆیدا هەڵدەگرێ. قەڵەمێكی تایبەتی لەگەڵدایە بۆنووسینەوەی یادداشتەكان، كە پێویستی بە باتری نییە. قەڵەمەكە ٩ جۆری ڕێكخستنی هەیە وك (قەڵەم دار و فڵچە و قەڵەم مۆم..تاد). دەیان تامپلێتی وەك وەرەقەی سپی، وەرقەی هێڵ هێڵ و وەرەقەی دیزاین سەرنج ڕاكێش بۆ نووسینەوەی نۆتەكانی مۆسیقا.

بەهۆی مایكێكی تایبەت كە لەگەڵیدایە، بەكارهێنەر دەتوانێت هەم یادداشت هەڵبگرێتەو و هەم دەنگیش تۆمار بكات و فایلی دەق و دەنگەكە پێكەوە بگونجێنێ. هەروەها دەتوانێت دەستخەتی بەكارهێنەرەكەی بكاتە دەقێكی دیجیتالی (هەڵبەتە زمانی كوردی ناخوێنێتەوە). دەكرێت یادداشتەكان بسڕیەوە یان ڕێكیان بخەیەوە. بە ئاسانی دەكرێت سوود لە ملیۆنان كتێبی ئەلكترۆنی وەربگری. ئەگەر تەبلێتەكەت لەماڵەوەش لەبیركردبوو، دەكرێت بەهۆ ئاپێكی تایبەتەوە كەلەسەر مۆبایل دادەنرێ لەگەڵ مۆبایل پەیوەندی بدەی و دەستت بە فایلەكانت ڕابگا هەروەها دەكرێت دەنگەكان بۆ زمانی دیكە وەربگیڕی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن Watermark لە سەر فایلێكی ورد دابنێم؟**

خوێنەری بەڕێز لەسەرەتادا وشەی Watermark بۆ ئەو خوێنەرانەی نازانن ئەو دەستەواژەیە چییە و بۆچی سوودی لێوەردەگیرێت ڕوون دەكەمەوە. Watermark بە دانانی دەق، یا لۆگۆ یا وێنەیەك وەك باكگراوەند و پاشخانێك بۆ فایلێكی وۆرد دادەنرێ كە بە ڕوونی لە پشت دەقەكە ئەسڵییەكەوە دیارە، بۆ ئەو مەبەستەیە كە فایلەكەت كۆپی نەكرێت.

بۆ دانانی Watermark لە وۆردا زۆر ئاسانە، كاتێك فایلێكی وۆردتكردەوە بچۆ سەر بەشی Design و لەوێدا لە بەشی Page Background ئەوە فەرمانی Water-mark هەڵبژێرە. لەوێدا جۆرەكانی واترمارك هەڵبژێرە و بەو جۆرەی كە دەتهەوێت، بەو سانایيە Watermark دادەنرێت.

# پرۆگرامێک بۆ ڕێک کردنی کتێبە ئەلکترۆنییەکان

جیهانی خوێندنەوە وەك بەرێ نەماوە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، نە تەنیا كتێبی ئینتەرنێتی هەیە، بەڵكو كتێبخانەی ئینتەرنێتیش بۆ سیستەمی كۆمپیوتەر و مۆبایل هەیە. یەكێك لە پرۆگرامەكانی كتێبخانەی ئینتەرنێتی، پرۆگرامی Icecream Ebook Reader Proیە. پرۆگرامەكە لە زۆربەی هەرە زۆری فۆرماتەكانی كتێب پشیتوانی دەكات و بەشێوەیەكی زۆر باش و ستایلێكی ناوازە كتێبەكان لەسەر ڕەفەی كتێبخانە دیجیتالییەكە ڕیز دەكات. كاتێك كتێبێك دەكاتەوە، خوێنەر هەست پێدەكات كتبێكی ئاسایی دەخوێنێتەوە، چونكە ڕێك وەك كتێبێكی ئاسایی پەڕەكانی هەڵدەدرێنەوە. دەكرێت لەناو كتێبەكاندا بەدوای بابەتی مەبەستت دابگڕێی و كاتی خوێندنەوەش بە ئاسانی بچیەوە سەر ئەو لاپەڕەیە كە پێشووتر بەجێتهێشتووە. دەكرێت یادداشت لەسەر دەقی ناو كتێبەكان بنووسی.






# ئامێرێک بۆ باشترکردنی خەوی منداڵان

لە پێشانگای ساڵانەی CES2023دا کۆمپانیای Halo ئامێرێکی بچووکی کە وەك مەچەکبەندێك لە رانی منداڵ دەخرێت و خەوی منداڵ رێکدەخات خستەڕوو.

ئامێری بچووکی Halo›s SleepSure دەتوانێت ببێتە یاریدەرێکی باش بۆ بەخێوکەرانی منداڵ. ئامێرەکە لەیەك کاتدا لێدانی دڵی منداڵ، وەرگەڕان و سووڕانی منداڵ، گەرمی پێست و جووڵەی منداڵ دەخاتە ژێر چاوەدێری.

خودی ئامێرەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێك کە وەك ئامـاژەی پێکرا لـە ران یـا باسـکی منداڵەکە دەخرێت وبەشەکەی دیکە شاشەیەکی زیرەکە کە زانیارییەکانی تایبەت بە بـواری تەندروستی و خـەوی منـداڵ نیشـان دەدات.

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنی ئامێرەکە دەڵێت: ئێمە هەوڵماندا‌وە یارمەتی دایك و باوکان بدەین بۆ ئەوەی کێشەی گەرما وسەرمای منداڵەکانیان بزانن و لە کاتی کارکردندا کێشەی ئەوەیان نەبێت منداڵەکەیان لە چ بوارێکدایە و چونکە زانیارییەکانیان لەسەر شاشەکە دەبینن‌دڕێت.



## ماڵپەڕێک بۆ رۆژمێری رۆژە گرنگەکانی گەلان

هەر گەل و نەتەوەیەك چەند رۆژێکی گرنگی هەیە، وەك چۆن لەلای ئێمە رۆژی نەورۆز وەك جەژنی نەتەوەیی کورد سەیر کراوە، لەناو گەلانی دیکەی جیهانیشدا رۆژی تایبەتی هەیە، چ رۆژی جەژنی نەتەوەییان بێت، یان رۆژی رێزگرتن لە یان ناخۆشی و کارەساتێك بێت.

ماڵپەڕی www.daysoftheyear./com/ بۆ ئەم مەبەستە داندراوە. ماڵپەڕەکە بە رۆژمێرێك و رووداوەکان دەست پێدەکا، بۆ نموونە ئەمڕۆ لە جیهاندا چ رۆژێکە و لە چ وڵاتێك جەژن یا بۆنەیەکی تایبەتییە. ماڵپەڕەکە تەنیا رۆژی بۆنە و یادەکانی تێدا نییە، بەڵکو رۆژە جیهانییەکانیش تێدایە، وەك رۆژی تایبەت بە شێرپەنجە، رۆژی جیهانی کرێکار، رۆژی جیهانی هەڵۆ، رۆژی جیهانی مۆسیقا، یان رۆژی جیهانی خۆراکی گەلان..

# حەوزی ماسی زیرەک لە رێگای دوورەوە چاودێری دەکرێ

حەوزی ماسی یا ئەکواریۆم ئەو حەوزە بچووکانەن کە تەنیا بۆ دیکۆرات و جوانکاری لە ماڵەوەن و ماسی جوانی تایبەتیان لەناو دادەنرێ.

کۆمپانیای شیائومی ئەکواریۆمی زیرەکی mijiaی بەرهەم هێناوە کە لە رێگای دوورەوە خۆراك دەخرێتە ماسییەکان و هەروەها هەر لە رێگای دوورەوە دەستکاری گڵۆپی روناکییان دەکرێ.

ئەکواریۆمی ناوبراو سیستەمی پاڵاوتنەکەی بە پێنج قۆناغدا تێدەپەڕێ، پەمپی ئاو، دژە گیران و هەروەها خۆکار خۆی خاوێن دەکاتەوە. پەمپەکە وا دەکات هەتا شەش مانگ پێویستی بە گۆڕینی ئاو نەبێت.

ئەکاریۆمەکە لە شووشەی زۆر روونی پێنج هێڵی واتە UHA دروستکراوە. دەتوانێت زیاتر لە ٩٠٪ تیشکی پێدا بڕوات. بەهۆی ئاپێك کە لەسەر مۆبایل دادەنرێ دەکرێت لە رێگای دوورەوە خۆراك بدرێ بەماسییەکان. هەروەها هەر لە رێگای دوورەوە دەکرێت شەپۆلە دەستکردەکانی ناو ئاوەکە دەستکاری بکرێت.



# شێوازەکانی شیککردنی چاکێتی درێژ




لەگەڵ وەرزی سەرمادا، پێویستە جلەکانمان پۆشتەتر بن، بە جۆرێك جوانیبەخش و سەرنجڕاکێش و هەروەها گەرموگوڕ بن بۆ بەرەنگابوونەوەی سەرما، بەتایبەت ئەوانەی دەوامی بەیانیان هەیە و دەچنە زانکۆ یان دەوامی فەرمییان هەیە، کە سەر لە بەیانی کەشێکی ساردی هەیە، زیانی تەندرووستی و جەستە دەگەیەنێت، بۆیە جگە لە جلی ئاسایی و ڕۆژانەی خۆت، جلێکی دیکەشت پێویستە تاوەکو دەگەیتە شوێنەکەت، ئەو کات بە جلی ئاساییەوە دەبیت، بۆ ئەو حاڵەتە چاکترین نموونە چاکێتی درێژی تا سەر ئەژنۆ و ڕانە، جلێکی فەرمی و پڕ کەسایەتییە، بۆ شوێنی گرنگ و کۆبوونەوە و دەرچوونیش شیکە، بۆ ئەوانەش حەز بە جلی درێژ و یەکپارچە و هاوڕەنگ دەکەن مۆدێکی نایابە، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ قەمیس یان بلووزی ئەستوور دەپۆشرێت، ئەو شێوازە ناسك و سەرنجڕاکێشەی لە چاکێتدا هەیە، لە جلی دیکەدا بەدی ناکەیت، چەندین ڕێگەی هەڵبژاردن و لەبەر کردنی چاکێت، هەن لەوانە: چاکێتی درێژ تاوەکو سەر ئەژنۆ و لە تاك ڕەنگێك، بەتایبەت ڕەنگە تۆخەکانی وەك، قاوەیی، زەردی کاڵ، ڕەنگی هەنگوینی، ڕەنگی زێڕی، کە لەگەڵ تەنوورە شیك دەکرێت، ئەگەر تەنوورەکەش لە پێست درووست کرابێت، جوانتر دەردەکەوێت، هەروەها مۆدێکی دیکە چاکێتی لە ڕەنگی سوور لەگەڵ جینزی کراوە و پێڵاوی وەرزشی، ئەوانەی حەز ناکەن جەستەیان دەربکەوێت، چاکێتی درێژی تا سەر پاژنە، مۆدێکی پڕ کەسایەتی هەیە و لەگەڵ بلووزی درێژ سەرنجڕاکێش و شیك دەبێت، ئەگەر لە ڕەنگی ڕەش بێت جیاوازتر دەردەکەوێت.

# ماكیاژەكەت بەندە بە مۆدی جلەكەتەوە



زۆربەی خانمان حەز بە شیككردنی ماكیاژەكان لەگەڵ جلەكانیاندا دەكەن، كە ئەوەش هەنگاوێكی جوانییە و دەبێتە مایەی شیك بوونت، چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر هەن كە ماكیاژەكان لەگەڵ ڕەنگی جلدا بگونجێندرێت، لەوانە: ڕەنگی سوور، قاوەیی، سپی، لێرەوە باس لە شیكردنی ماكیاژ لەگەڵ جلی ڕەنگ سووردا دەكەین لە كاتی بۆنە و یادەكاندا: كاتێك جلێكی سوور هەڵدەبژێریت، دەتوانی ماكیاژێكی سادە بكەیت، چونكە سەرنجی دەوروبەر زیاتر دەكەوێتە سەر جلەكەت نەوەك ماكیاژەكەت، دەكرێت ماكیاژی برۆنزی هەڵبژێریت لەگەڵ ڕەنگاوڕەنگكردنی ڕوومەتەكانت، هەروەها دەبێ كرێمی تەڕكردنی ڕەنگاوڕەنگ لە جیاتی كرێمی ئەساس لێبدەیت، لەگەڵ هەندێ پۆدرە لەسەر ڕوومەتت و ڕەنگی لێویش با ڕەنگێكی تۆخ نەبێت و مات بێت. شێوازی كلاسیك: دەتوانیت ئەو شێوازە بۆ كاتی بۆنەی شەوانە و شوێنە داخراوەكان و سەردانی ئامادە بكەیت، كاتێك جلێكی سوورت لەبەر دەبێت دەكرێت كرێمی ئەساس بە سادەیی لێبدە، هەروەها ڕەنگی لێوانت با هاوشێوەی ڕەنگی سووری سێو بێت، ماكیاژی چاوەكانیش بە تۆخی بكە، برژانگی دەستكردیش بەكار بهێنە. شێوازی خانمە ناودارەكان: ئەو شێوازە بۆ ئاهەنگی گەورە و دەرچوون و گەشتكردن دەتوانیت بەكار بهێنیت، كە بریتییە لە سوواندنی كۆنسیلەر و كرێمی ئەساس بە یەكسانی لە ڕوخسارت بدەیت، كە پێشتر دەبێ جوان تێكەڵیان بكەیت. پۆدرەی دەموچاو با هاوشێوەی ڕەنگی پێستت بێت و ئای شادۆی پشت چاوەكانیش لێبدە، پاشان بەسەر برژانگەكانتدا پەرتی بكە، دواتر بە ئایلاینەر هێڵێك بكە كە هاوتەریب بێت لەگەڵ برژانگەكانت، ماسكاراش بە تۆخ و پڕی بكە، ڕەنگی لێویش با تاریك و بریقەدار بێت.



# هەنگاوەكانی برەودان بە جوانی و قەشەنگبوونت

چەند هەنگاوێك هەن كە پێویستە ئاگاداریان بیت و خۆتیان لێ بپارێزیت، كە هەندێكیان هەڵەی باون، وەك: كرێمی دەم و چاو، مەهێڵە كرێمەكەت بەسەردا بچێت و بەردەوامیشبە لە بەكارهێنان، كاتێك چەند ڕۆژێك كرێم لە دەموچاوت نادەیت، یان هەندێ ڕۆژ ئەنجامی دەدەیت و بۆ ماوەیەكی دیكە فەرامۆشی دەكەیت، ئەوەیان كاریگەری خراپی لەسەر پێستی ڕوخسارت دەبێت. كلینكسی تەڕ: ئەو جۆرە كلینكسە ئەگەرچی لەلایەن كۆمپانیا گەورەكانی جیهان بەرهەم دەهێنرێت، كەچی زیانی بۆ پێست هەیە، هەندێ جار هۆكارێكە بۆ گواستنەوەی بەكتیریا و ڤایرۆس كە دەموچاو تێك دەدەن. واچاكە پارچە قوماشێك بە ئاوی گەرم تەڕ بكەیت و پاشان پێستتی پێ پاك بكەیتەوە. كەرەستەكانی ماكیاژ: هەڵگرتن و پارێزگاری لەو كەرەستانە هەنگاوێكی گرنگە و پێویستە لە شوێنێكی پاك و پلەی گەرمای نزمدا بن، واتە نابێت شوێنەكانیان گەرم بێت، چونكە هاوشێوەی داودەرمانە، بۆیە شوێنێكی فێنكیان بۆ هەڵبژێرە. گرنگیدان و پاكراگرتنی جەستە: هەوڵدە لە كاتی دیاریكراوی خۆتدا خۆت بشۆیت و چەند كاتێكی تایبەتی بۆ دیاری بكەیت، گۆڕانكاری و فەرامۆشكردن كاریگەری خراپی لەسەر جوانی ڕوخسار و جەستەت دەبێت.
پشوودان بە قژ: هەوڵدە ماوە ماوە پشوو بە قژت بدەیت، لە لێدانی كرێم و سپرای و ڕەنگ و مجففەی سیشوار و شانەی هیتەر، وا چاكە ڕۆژێك لە هەفتەدا بۆ پشووی قژت دیاری بكەیت و هیچ شتێك لە قژت نەدەیت.

## یاریی تۆپی ڕەنگ


پەینت بۆڵ لە کوردستان یەکێکە لە یارییە بە جۆشەکانی بواری کاتبەسەربردن و سەربازی، بۆ ئەوانەی پلیان ڕاستە یان حەز بە شەڕی سەربازی دەکەن، دەتوانن لەم یارییەدا بەهرەکانیان نمایش بکەن و کاتێکی خۆشیش لەگەڵ دۆستان و هاوڕێیانیان بەسەر ببەن، ئەو یارییە جیهانییە و لە زۆربەی شارە دیارەکانی جیهان هەن، لە کوردستانیش ماوەیەکە بە شێوەیەکی مەیدانی کراوەتەوە، لەم یارییەدا دوو تیمی ڕکابەر بەرامبەر یەکتر بە خۆشاردنەوە و فێڵی سەربازی لە نێو گۆڕەپانی یارییەکەدا خۆیان حەشاردەدەن و لە دەرفەتێکدا بە چەکەکانیان کە تۆپەڵە ڕنگ دەتەقێنێت و زیانیشی نییە،تەقە لە یەکتری دەکەن، کاتێک کەسێکی نیشانە ڕاست تەقەی تۆپە ڕەنگینەکان دەهاوێژێت و بەر بەرامبەرەکەی دەکەوێت، لە کۆتاییدا ئەنجامەکان دیاری دەکرێت بەوەی چەند تۆپی ڕەنگ بەر جل و سەر و کەلەیان کەوتووە و براوەکەش دیاری دەکرێت، یارییەکە بۆ کەسانی خاوەن

## سندووقی پۆستە لە ژێر ئاودا




لە کەنارەکانی کەنداوی (ڤانواتۆ) کە دەکەوێتە باشووری زەریای هێمن، سەیرترین کاریان لە ژێر ئاوی ئەو زەریایەدا داناوە، کارەکەش بریتییە لە دانانی سندووقی پۆستە لە ناو ئاودا، سندووقەکە دەکەوێتە قووڵیی (٥٠) مەترەوە، ناوی ئەو سندووقە (پۆستی ڤانواتۆ)یە، کە بۆ خۆشی لەو شوێنە دانراوە، ئەوانەی نامەیەك یان پۆستێکیان هەبێت، دەبێ بە ئامێری ئۆکسجینی هەناسەدان و جلوبەرگی مەلەوانییەوە بچنە ژێر ئاوەکە و نامەکانیان بخەنە ناو سندووقی پۆستەکە، ئەو کارە بیرۆکەی کەسێکە بە ناوی (مایك کراوفۆرد)ە، نامەکان بە جۆرە مەرەکەبێك دەنووسرێت کە نامەکە دەخەیتە نێو سندووقەکە تەڕ نابێت، بیرۆکەکەش تەنیا بۆ خۆشییە و وەك تاقیکردنەوەیەکی تازە لە بواری پۆستە و نامە گەیاندنە.

## جلوبەرگ بۆ داروبار



پیاوێکی ئوسترالی کارێکی خۆبەخشیی سەیری بۆ پەنگوینەکانی ناوچەکەی خۆی کردووە، بۆ پاراستنی پەنگوینەکان لە سەرماوسۆڵە، هەر بۆیە جلی بۆ پەنگوین چێ کردووە، هاوکات چینییەکانیش کێبڕکێی ئوسترالیا دەکەن، کە ئوسترالیا جل بۆ باڵندەکان دەچنن، لەولاوە چینییەکان جلوبەرگ بۆ دارەکانی سەر شەقامەکان ئامادە دەکەن و لەبەریان دەکەن، ئەو هەنگاوە لە شاری (شەنگهای چینی)، و لە شەقامی (نانشتانگ) لەلایەن خەڵکی ئەو شوێنەوە بۆ دارەکانی سەر شەقامەکەیان کراوە، ئەو کارەشیان بە مەبەستی پاراستنی دارەکانە لە سەرما و شەختە و بەستەڵەکی زستانەی ئەوساڵ، کە بیرۆکەکەیان تەنیا بۆ پاراستن نەبووە، بەڵکو بۆ ڕازاندنەوە و جوانکاری داروباری سەر شەقامەکەیانە.






پێداویستی تایبەت بە خۆڕاییە، بۆ کەسی ئاسایی (٤٠) شووت بە ١٠ هەزارە ١٠٠ شووت بە ٢٠٠٠ هەزارە و ١٣٠ شووتیش بە ٢٥ هەزارە، گوڵەکانی بە ڕەنگی ئاوە و دۆستی ژینگەیە، کە دەڕوات و نامێنێت کاتێك لەسەر جلك یان بەر زەوی دەکەوێت، یاریزانەکانیش درع و ماسك و جل لەبەر دەکات، هەر تیمێك لە ٢ تا ١٠ کەس پێك دێت، یارییەکی جیهانییە لە کوردستان لە زۆر شوێن هەیە لەوانە: شەقامی غەزالی و لە ناو بازاڕی شەقڵاوە و لە خەلیفان و لە شاری یاریی چاڤیلاند لە سلێمانی هەیە و لە زۆربەی یاری و فەنەکانی جیهان بە شێوەیەکی ستاندارد ئەو یارییە دەکرێت.



## هۆزێکی دواکەوتووی ژیان لە ساڵی ٢٠٢٣ دەژین





هۆزی (کامایۆرا) یەکێکن لەو هۆزانەی کە بێئاگان لە جیهانی دەرەوە و تەنیا کاریان ڕاوکردن و خواردن و مەلە کردنە، ئەو هۆزە لە ناوچەی (شینگۆ)ی سەرووی دەریاچەی (ئیباڤۆ) لە وڵاتی بەرازیل دەژین، ژمارەیان نزیکەی (٥٠٠) کەس دەبێت، دواجار کە خەڵك بەو هۆزە ئاشنا بوون ساڵی (١٨٨٤) بوو، دوای ئاگادارکردنەوەی ئەو هۆزە لە جیهان و ژیان، کەچی بڕوایان بە جیهانی دەرەوە نییە و تەنیا لەو ناوچەیە دەژین کە نزیك دارستانەکانی ئەمازۆنە، خواردنی ئەو هۆزە تەنیا (ماسی و بیبەر و مۆز)ە، بەهۆی ئەوەی لەو شوێنەدا تەنیا ئەو خواردن و شتانە دەست دەکەون، ڕۆژانە مەلە دەکەن و لە دیوی دیکەی دەریاچەکە شوێنێکی تایبەتیان هەیە بۆ کاتبەسەربردن و ڕاوکردن، جار جاریش لەلایەن تیمی پزیشکی و تەندروستیی ئەو وڵاتەوە سەردانی ئەو هۆزە دەکرێت، بۆ پشکنین لە سەرهەڵدانی نەخۆشی، تا چارەسەریان بکەن، ئەو وێنانە لەلایەن وێنەگرێکی بەرازیلی بە ناوی (ریکاردۆ ستاکێرت) گیراوە و دەڵێ: تا ئێستاش نازانم ئەو هۆزە چۆن بەم شێوەیە دەژین.





## کاریکاتێر

باس لەو ئافرەتانە دەکات کە کابان و لێهاتوون، تەنانەت لە کاتی لافاو و کارەساتیشدا دەتوانن خواردنێك ئامادە بکەن و نۆشی بکەن.



## ڕێکەوتی لە دایکبوونی هاوشێوە

سەیرترین حاڵەتی ڕێکەوتی لەدایکبوونی چەند منداڵێك کە لە یەك ڕۆژدا بووەتە جێی سەرنجی خەڵك و کەسانی نزیکی ئەو منداڵانە، جیاوازیی نێوانیان تەنیا ساڵەکانە، ئەگینا لە ڕۆژ و مانگدا هاوتەمەنن، ئەوانە منداڵی ئافرەتێکی بەریتانین بەناوی (کیتی ئەنیت) کە خاوەن چوار منداڵە، منداڵێکی کوڕی بە ناوی ئەلیسکەندەر لە (١٦-١١-٢٠١٥) لە دایکبووە، ئەو ڕۆژەش هەمان ڕۆژی لەدایکبوونی هەر یەکە لە (ئەلین و ڕۆز)ە بەر لە (٥) ساڵ، کچە گەورەکەشی (٨) ساڵ پێش ئێستا و لە (١٦-١١) لەدایکبووە، تەنیا کچێکی نەبێ کە ئەویان ڕۆژی لە دایك بوونەکەی جیاوازە.

## یاسا

**«بەڵگەکانی سەلماندن»**

بۆئەوەی ئەو داوایەی پێشکەشی دادگا دەکرێت جا هەر دادگایەك بێت،بۆئەوەی بتوانین داوایەکەمان بسەلمێنین ئەم ڕێگایانەی سەلماندنمان هەیە:-

١- سەنەدات / کە دوو جۆر سەنەداتمان هەیە ئەوانیش:- یەکەم/ سەنەداتی ڕەسمی، دووەم / سەنەداتی عادی. سەنەدی ڕەسمی: ئەو جۆرە سەنەدانە لە دادنووس دەکرێت،چونکـە کاتب عدل «دادنووس» جیهەی ڕەسمییە، *سەنەداتی عادی: ئەویش ئەو جۆرە سەنەدەیە کە لە نێوان دوو کەس دەکرێت و تصدیق واتە پەسەند نەکراوە لە لایەن جیهاتی ڕەسمی .

٢ـ دانپێدانان /»الاقرار» ئەویش ئەوەیە کەسەکە خۆی ددان بەوەدا بنێت، بۆ نموونە لە بابەتی قەرز خۆی بڵێت من ئەوەندە پارەیە قەرزداری فڵان کەسم ئەوە پێی دەوترێت دانپێدانان»الاقرار» وە بۆ ئەم مەبەستە قاعیدەی قانونیمان هەیە کە دەڵێت...الاقرار سید الادله.

٣- استجواب / واتە لێپرسینەوە لە کاتی دادبینی لە لایەنی بەرامبەر پرسیار دەکرێت. یان ئەوەتا زۆر جار لەسەر بڕیاری دادوەر کەسی داوالێکراو یان داواکار استجواب دەکرێت، بۆئەوەی پرسیاری لەبارەی ڕاستی و دروستی بابەتەکە لێ بکرێت.

٤- شاهید / کەسێکە کە باڵغ و عاقڵ بێت و موسولمان بێت، هەرچەند بە مەرج نەگیراوە موسلمان بێت، گریمان داماننا شاهید کەسێکی مەسیحیە سوێند ئەدرێت بە کتابەکەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی، لەبەرئەوە وتمان شاهید باڵغ و عاقڵ بێت واتە ١٨ ساڵی تەواو کردبێت، چونکە شاهید سوێند دەدرێت.

٥- قەرینە / کە پشتڕاستییەك هەبێت بۆ دەستپێك وەك دانی پارەی پێشەکی کە قەرینەیە لەسـەر ئەنجامدانی عقدی بیع «گرێبەستی کڕین»

٦- سوێند خواردن /

٧ـ معایەنە/ کەشفێکە دادگا دەیکات.

٨ ـ خبیر «شارەزا» / لێزان دادگا دایدەنێت بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەیەك کە لایەنەکانی داوا لەسەری ناکۆکن، بۆ نموونە لە بابەتی قەرەبووکردنەوەی کەسی زەرەرمەند، ئەگەر هاتوو بەهۆی فعلی کەسێکی تر زیانی بەرکەوتبوو، خەبیر دادەنرێت بۆ ئەوەی بڕێك پارە وەکو قەرەبووکردنەوەی کەسی زەرەرمەند دیاری بکات و پاشان خەبیر ڕاپۆرتی خۆی لەو بارەیەوە پێشکەشی دادگا دەکات.






## کتێب

**ڕشوێنی خۆشی - Happy Place**

ڕۆمانێکی بە جۆشی کچە نووسەری ئەمریکی (ئیمێلی هێنری)یە، کە خاوەنی کتێبەکانی BEACH READ، BOOK LOVERS،) (،PEOPLE WE MEET ON VACATION ـە، دوا بەرهەمی بریتییە لە کتێبی شوێنی خۆش کە لە ساڵی تازەدا دەست بە بڵاوکردنەوەی دەکرێت، باس لە جیابونەوەی دوو خۆشەویست دەکات، دوای مانگێك لە جیابوونەوەیان، وا دەردەخەن کە لە پشووی هەفتانەیاندا وەکو خۆیانن و جیا نەبوونەتەوە، ئەوەش وەك نواندنێك تاوەکو کەسانی نزیکی خۆیان نەزانن کە بڕیاری جیابوونەوەیان داوە، ڕۆمانێکی ڕۆمانسی و بەجۆشە، نرخی کتێبەکە (٢١) دۆلارە.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بڕیار لەسەر ئەو بابەتانە مەدە کە گرنگ نین و ناپێویستن، چونکە لە ئامانجی ڕاستەقینە دوورت دەخەنەوە، لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆشەویستییەکی گەورە دێتە سەر ڕێگەت، هەوڵ بدە ڕەتی نەکەیتەوە، لەو کەسانە تێبگە کە لە تۆ تێدەگەن.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

سەرنجت لەسەر بابەتە ئەرێنییەکان بێت، ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو بە تەواوی نیگەران بویت و فشاری دەروونیت زۆربووە، پێویستە خۆت لەو دۆخە دەرباز بکەیت، هیوات بە داهاتوو هەبێت و گەشبینبە بە ئایندەی هەنگاوەکانت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

زۆر بیرکردنەوە لە هەڵەکانت لە ڕووی پیشەییەوە زیان بە کارەکەت دەگەیەنێت، ئەزموونی نوێ تاقی دەکەیتەوە و گۆڕانکاری لە ژیانی تایبەتیتدا ئەنجام دەدەیت، کەسانی دیکەت خۆشبوێت و خۆشەویستی ئەوانی دیکەش قبوڵ بکە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

پەیوەندیی خێزانیت بەهێز دەبێت، هەندێك گۆڕانکاری لە ڕەفتارەکانتدا زیاتر لە کەسانی دیکەت نزیك دەکاتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز دەبن، لە ڕووی پیشەییەوە بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕیت، ئارام بگرە، سەرکەوتنت نزیکە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لە ڕووی سۆزدارییەوە ئەگەری هەیە دەمەقاڵێ و ناکۆکی ڕوو بدات، پێش ئەوەی هەر ڕەفتارێك بکەیت یان وشەیەك بڵێیت، بە وردی بیری لێ بکەرەوە، تەندروستیت زۆر باشە و سیستمی بەرگریت بەرامبەر نەخۆشییەکان بەهێزە، وەرزش فەرامۆش مەکە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لە ڕووی داراییەوە دڵنیاببەرەوە کە خەرجییەکانت تەنیا بۆ پێویستییەکانن، کاتی ئەوە نییە پارەکانت بە شتی ناپێویستەوە بەهەدەر بدەیت، لە ژیانی تایبەتیتدا زوو هەڵچوون و توڕەیی زیان بە پەیوەندییەکانت دەگەیەنێت، باشترە پێداچوونەوەیەك بە ڕەفتارەکانتدا بکەیت.

## بۆ زانیاریت

## پرۆژەی هارپ (Haarp)



هارپ کورتکراوەی(High-frequency Active Au-roral Research Program (HAARP!

بە کوردی واتە: بەرنامەی توێژینەوەی ئۆرۆرالی چالاك، پرۆژەیەکی هاوبەشی:U.S. Air Force هێزی ئاسمانی ئەمریکا، U.S. Navyهێزی دەریایی ئەمریکا University of Alaska Fairbanks، زانکۆی ئەلاسکا، the Defense Advanced Re-search Projects Agency ئاژانسی توێژینەوەکانە. لە ساڵی (١٩٩٣)کەوتووەتە خزمەت و کارەوە، لەساڵی (٢٠٠٧)تاوەکو ئێستا کاری تیا دەکرێت و بەرەو پێش دەبدرێت! لە ساڵی(٢٠٠٨) نزیکەی (٢٥٠) ملیۆن دۆلاری تێچووە! لە ساڵی(٢٠١٤) ڕاگەیندرا کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەرەو پێش دەبردێت! لە مانگی ئابی (٢٠١٥)دا، دوای گفتوگۆی لایەنەکان خاوەندارێتی و کەلوپەلەکانی گوازریەوە بەرەو (ئەلاسکا)، هارپ دەتوانێت بە ئامێری هاوبەش تاقی بکرێتەوە، لەوانە ڕادەرەکانی وەك(VFH)و(UFH)!. وەرگری HFکامێرای بینراو، بە وتەی ئەو کەسانەی کە لەم پرۆژەی هارپدا کاریان کردووە ئەوەیان درکاندووە کە ئەم پڕۆژەیە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کارەساتە سرووشتییەکان دروست کراوە!و دەتوانێت وەك چەکێك بەکار بهێنرێت، کە لە چەکە ناوەکیەکانیش بەهێزتر بێت، دەتوانێت تەواوی ناوچەیەك کۆنترۆڵ بکات، شوێنی پەرە پێدانەکەشی لە ناوچەکانی وەك:(Gakona،Alaska)ـە.

## پەند و وتە



مارکۆس موسیاه گارفی، چالاك و سیاسەتمەداری جامایکی، لە ساڵی ١٨٨٧ لە شاری ساینت ئان بای لە جامایکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٤٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی متمانە بەخۆبوون دەڵێت: ئەو کەسەی لە کاتی شکان و دۆڕاندا متمانەبەخۆبوونی خۆی لە دەست دەدات، شکاندەکەی دوو هێندە زیاتر دەبێت، متمانە بە خۆ بوون بردنەوە و هەڵسانەوەیە لە کاتی شکاندا.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا شتێك دیارە، بە (٣) کەرەستە دەچێ، ئیسفنج، دار، پلاستیك، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا خۆت یەکلایی بکەیتەوە و بزانیت ئەو کەرەستەیە چییە، ئەگەریش چاوت لێڵ بکەیت، وێنەی شتێکی دیکەت بۆ دەردەچێت.

## فیلم




### دەربارەی قەدەر
### About Fate

فیلمێکی ڕۆمانسی و بە جۆشە، باس لە دوو کەس دەکات کە باوەڕیان وایە خۆشەویستی ناتوانێت مانای ڕاستەقینە و تەواو ببەخشێت، دوای ئەوەی چەند ڕووداوێك وا دەکات کە بکەونە ناو گەردەلوولێکی سەری ساڵی تازەدا. فیلمەکە لە دەرهێنانی ماریۆس بالاچۆنۆس-ە، داهاتی فیلمەکە ٤٥٨ ملیۆن دۆلارە، ماوەکەی ١ کاتژمێر و ٤٠ خولەکە، لە نواندنی (ئێما ڕۆبرتس، تۆماس مانن، مادیلان پیتیچ، بریتت ڕۆبێرتسۆن، لیویس تان و ئانا ئاکانا)ـە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

باشترە وریاتر مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بکەیت، تووڕەبوونی بەردەوام و ڕەخنە گرتن زیان بە پەیوەندییەکەتان دەگەیەنێت، ئەم ماوەیە زیاتر چاوت لەسەر ئەو کەسانە بێت کە تازە دێنە ژیانتەوە، هەموو کەسێك جێی متمانە نییە، لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە هەست بە باشی دەکەیت.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەو دەرفەتەت دێتەپێش کە ئەو گرفتانەی ڕابردوت چارەسەر بکەیت و مێشکت ئاسوودە بکەیت، دەچتە قۆناغێکی پێشتر، ئەگەر دەتەوێت لە خۆشەویستەکەت جیانەبیتەوە پێویستە هەستە ڕاستەقینەکانتی بۆ دەربخەیت و کاتی بۆ تەرخان بکەیت.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە ئەگەر هەست دەکەیت پیشەکەت فشارێکی زۆری بۆ دروست کردویت، بۆ ماوەیەك دوور یبکەوەرەوە، ئەوە کاریگەری نەرێنیی لەسەر دەرون و جەستەت دروست دەکات، لەگەڵ خۆشەویستەکەت جیاوازی لە ڕا و بۆچوونتان هەیە، هەوڵبدە ڕێز لە بۆوچونەکانی بگرە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لە ڕووی پیشەییەوە دەست بە کارێکی نوێ دەکەیت، بەخت یاوەرت دەبێت، چالاکییەکانت بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجام بدە و ڕەخنە و پێشنیازی کەسانی دیکە قبووڵ بکە، هەمیشە بە ڕەخنەکانی ئەوانی دیکە تووڕە مەبە، تەندروستیت جێگیرە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


هەوڵ بدە لە تەواوی ئەو شتانە دوور بکەوەرەوە کە ئاسوودەییت تێك دەدەن و زیان بە دەروونت دەگەیەنن، لە ڕووی پیشەییەوە ئەرکێکی زۆرت لەسەر شانە، ئەگەر کاتەکانت ڕێك نەخەیت، ڕەنگە تووشی سەرلێشێوان ببیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


دوور بکەوەرەوە لە دروستکردنی کێشە و، ئەو کارانە ئەنجام بدە کە خۆشەویستەکەت ئارەزووی لێیەتی، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆئەوەی دڵی خۆشەویستەکەت بەدەست بهێنیت، بایەخ بە سیستمی خۆراکیت بدە و کێشی جەستەت هاوسەنگ ڕابگرە.






بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




**www.gulanmedia.com**

Weekly Gulan January 23, 2023 Issue,No.1350


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626